ناوی کتێب: ٦٠ ڕۆژ لەژیانی کچێک

نووسین: پەیام جەمال

پێداچونەوە: لیندا ئەحمەد، ئەسرین حەمە غەریب

بابەت:ڕۆمان

دیزاین: هەوراز ئاڕت

پێشکەش بە

*دایک و باوکم.

* مامۆستاکانم، ئەو ئازیزانەی کە ڕۆژانێک لەگەڵمابون کە ئەلفێکیان فێرکردوم.

*بەهاوڕێ ئازیزەکانم کە بەڕاستی زۆربەیان پشتگیریان کردوم.

*بەو کەسەی کە ئەم کتێبە بەو پەڕی چێژەوە ئەخوێنێتەوە.

## پــێــشــەکی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ.

سەرەتا سپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە منی لەنەبونەوە دروست کردوە، منی گەیاند بەم ڕۆژە و بتوانم ئەم ڕۆمانە بنوسم. ئەو خوایەی لەخوشی و ناخۆشی لەگەڵم بووە، بۆ هەر هەڵەیەکیشم زوتر سزای داوم تاوەکو پەشیمان بمەوە لەو هەڵەیەی خۆم و لەو دنیا لەسەری سزام نەدات، ئەو خودایەی کە وای کردوە شانازی بەهەبوونی خۆمەوە بکەم وەک کچێک. لە پانزەساڵیەوە ئەنوسم سەرەتا لەو شتانەی کە بێزاریان ئەکردم، دواتر وردە وردە نوسینەکانم گەشتونەتە کورتە چیرۆک، زۆرێک لەهاوڕێ و نزیکەکانم کە زۆر پشت گیریم بوون بۆ نوسین و هانیان داوم زۆر سپاسیان ئەکەم، بەڵام یەکێک لەهاوڕێکانم کە هەتا ئەوکاتەی ئەنووسم ئەو قسەیەیم بیرە و لەیادم ناچێت و بەکاری ئەهێنم لەنوسینەکانما و زۆر سپاسی ئەکەم هەڵبەتە ئەویش ئەوە بوو وتی: (نوسینی خەمناک ئەکرێت تەنها خۆت خەمبار نەکات بەڵکو چواردەورەکەیشت بێزاربکات و وای لێبکات یادەوەریەکی ناخۆشی بۆ بێتە ڕێ بەڵام ئەکرێت کەسێک لەناڕەحەتی بە بچوکترین وشە دڵخۆش بکەی بۆیە هەوڵبە تەنها کەسێکی وزە بەخش بە وزە بەخشی ئەکرێت بەبۆنەیەوە دڵخۆشیەک بخەیتە ناو دڵیانەوە، دڵنیاشبە یەتەوە ڕێت) تەبعەن لەو ڕۆژەوە زۆرترین هەوڵی خۆمم یاوە شتانێکی نێگەتیڤ نەنوسم هەرچەنە ڕۆژگاری ئەمڕۆ زۆرێک لەگەنجەکانمان ئارەزوی تەواویان لەسەر نووسینی خەمناکە، ئەمڕۆ کە ئەم ڕۆمانەم تەواو کردوە بڕیارم یابوو کەمێک جیاوازتر لەهەموو ڕۆمانەکانی تر و شێوازی نوسینەکانی ڕۆمانەکانی تر کە بابەتی خەمناک تێکەڵ نەکەم بەڵکو کورتە نوسینێکی وزە بەخشیش لە هەر بەشێک دائەنێم بەو هیوایەم کەسانێک دڵخۆشبن چونکە بۆمن باشترین هەستە ئەگەر بەوشەیەکی بچوکیش بێت کەسانێک باشبن، نازانم تا چرادەیەک بە دڵی خوێنەر ئەبێت بەڵام ئەزانم بۆ هەر وشەیەک کە نوسیومە هەستم کردوە خۆم لەو ڕوداوەیام و وا بەرجەستەم کردوە کە چۆن هەستێکم ئەبێت خۆم لەو بارودۆخەیا بینیوەتەوە، یاخود هەندێکیان لەحاڵەتەکانێ کەیش لەهەستی ئەوانی ترەوە بۆم دەرکەوتوە، بەڵام کە ئەوە هەمووی فەزلی "الله" یە وای کردوە ئێستاکە بتوانم بینوسم و یەکەم کتێبی خۆم بڵاو بکەمەوە بەڵام هیواخوازم کە ڕۆمانێک بێ

بتوانێ بەتەواوی هەستت بجوڵێنێت و نەتوانی وازی لێبهێنیت. وە لێرەوە بەتایبەت ئەمەوێ باس لەکەسێک بکەم کە لەسەرەتاوە تا کۆتا دێڕ لەگەڵم بووە، ئەویش لیندای ئازیز و خۆشەویستی ئێمەیە کە هێندەی خۆم لەگەڵی ماندوو بووە. لەو بڕوایەم کە نووسەری دووەمی ئەم کتێبە بچکۆلانەیە. لەکۆتایشدا لەهەموو هەڵەو کەم و کورتیەکمان ببورن ئێمەیش بێ هەڵە نین و مرۆڤێکین کە ئەکرێ هەڵەی بچووک لەنووسینەکەمان هەبێت.



هەموو کات ژیان بەدڵی من و تۆ نابێت
بۆیە بەردەوام بە بەوپەڕی هێزەوە
مرۆڤە بەهێزەکان لەم جیهانەدا براوەن
و ئەو دنیاشیان بردۆتەوە

21 ئەیلوولی 1760 یەکەم ڕۆژی پایزە، سەرەتای ڕۆژەکەمە و چاوەکانم هەڵهێناوە، دڵم نایەوێ لەجێگا گەرم و نەرم و ئاسوەکەم بێمە دەرەوە لەجێگا گەرمەکەمەوە دیمەنە جوان و دڵ ڕفێنەکەی دەرەوە کە لە پەنجەرەکەمەوە هێندەی تر سەرنجی ڕائەکێشام و کە دڵی ئەبرد، بەهەبونی ئەو بایەی کە گەڵا هەڵوەریوەکانی لەگەڵ خۆی ئەهێناو ئەبرد ئەو دەنگەی کە بایەکە دروستی کردبوو عاشقی خۆی ئەکردی. باشە سەرەتا با من خۆمتان پێ بناسێنم من ناوم ماریلایە، کچێکی قژ ڕەشی قژ کورتم باڵا مامناوەندی چاوێکی قاوەیم هەیە کە بریسکەی زەردی تیا دەرئەکەوێت، خەڵکی ڕۆمانیام و لەوێ ژیان ئەکەم زۆر ئارەزوم لەڕۆمانیایە، لەوانەیە ئەگەر بەدەست خۆم بوایە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و هەڵبژاردنی خەڵکی کام شوێن یان کام وڵات و شار بەدڵنیایەوە دوبارە "کلۆچ نابوکا"م هەڵئەبژاردەوە کە شارێکە لە ڕۆمانیا من عاشقی وڵاتەکەمم. بابیریشم نەچێ کە ڕاستی قەت بیرم نە ئەچوو، ئەمڕۆش پانزەیەمینساڵیادی لەدایک بوونمە، یان بڵێم ساڵی ژیانمە دڵخۆشم بە دەستپێکی ڕۆژێکی نوێی ژیانم قۆناغێکی گەورە و گۆرانکاریەکی تر لەژیانم بەچاو ساڵی پارەوە گەورەتر بوم، ڕاستیەکەی هەستێکی تایبەتیشە چونکە ژمارەی بەختی من پێنجە، بۆیە هەر سەری پێنج مانگێک یان پێنجی مانگ یاخود هەموو ساڵەکانی پێنجم تیا بەسەر بردە لام ناوازەیە واتا (پێنج ساڵیم، دە ساڵیم) و ئێستاش هەست بەجیاوازیەکی تەواو ئەکەم لەئێستاوە زۆر دڵخۆشم، دڵخۆشم بەوەی ئێستا (365 )ڕۆژ لەمنا تێپەڕیوە لەپارەوە.

من هەر لە منداڵییەوە کچێکی تەواو جیاوازبووم لەمنداڵانی تر، زۆر نا بەڵکو تێگەشتنێکی خێراتر و ڕەفتاری گەورانەتر وەک بڵێی ڕۆحی کەسێکی سەرو بیست ساڵانە لەجەستەم دابێت، هەر بۆیە من لەگەڵ مناڵی هاوتەمەنی خۆما نەگونجاوم و تا ئێستا هیچ هاوڕێیەکم نیە.

بەڵام ئەم ماوەیە زیاتر هەست بەگۆڕان کاری ئەکەم واتا زیاتر هەست بەگۆڕانکاری لە هێزەکەم ئەکەم، جیاوازیەکی ناتەواوی پێم بەخشیوە کە بەڕاستی بۆتە بارگرانی لەسەرم بێزارمەکات بەتەواوی هێزیکی تەنها ئاسایی نا بەڵکو ئێستا ئەتوانم ناخەکان بخوێنمەوە ڕاستی ئەوەم هەر تیابووە پێشتریش بەس ئێستا هەست بە زاڵی ئەکەم، زیاتر خەوەکانم ئەبێتە ڕاستی زۆربەی کات چ خەوێک ببینم ڕۆژی دوای ئەبێتە ڕاستی ئەوەیش بێزارکەرە کە زۆربەی کات شتەکانت بۆبێتە ڕاستی و چێژی لەدەست بدەیت یان خەوی کابوساوی بێماناو ناڕاستی کە کەسانێک یەن وەرەسم لێئەبڕن بەدوامەوەن بەڕاستی بێزار کەرن، هەندێک جار هەست زەڕەبینێک ئەکەم لەچاوەکانم کە زۆر دورم بۆ نزیک کاتەوە هەستی بیستنم بەشێوەیەک دەگمەنە کە ئەتوانم زۆر بە ئاسانی گوێم لە ڕۆشتنی خوێنبێت بەنێو دەمارەکانتدا و لێدانەکانی دڵت بخوێنمەوە بێ ئەوەی لە تەنیشتم بیت، هەست بکەم کە ساخە یاخود نەخۆشە بێ ئەوەی هیچم پێ بڵێ ئەمانە کە بونەتە هۆکاری هەراسانیەکی گەورەم ئەم هەستە ناسروشتیە لەپڕا ترسێکی گەورەم بۆدروست ئەکا. ئەو ڕووداوانە هەمووکات وای لێدەکردم کە جیاواز لە هاوتەمەنم ڕەفتار بکەم، بەتایبەت ئەم چەند مانگەی کۆتایم ئەمەش ببوە هۆی ئەوەی بڕوا بکەن کە شێتم ڕاستیەکەی ئەو کەسانەی کە کەمێک قسەشمان هەبوو یاخود خزمەکانیشم لێم دورئەکەوتنەوە، ئەم چەند مانگەی کۆتای بەتەواوی بەشێت لەقەلەمیان یام و لێم دورکەوتونەتەوە وایان بیر ئەکردەوە کە من ڕۆحێکی شەڕەنگێزم .هههه ئەمە کۆمیدیەوە مەگەر نا؟ بەڵام لەوانەیشە ئەوان کەمێک لەسەر هەقبن چوزانم ئەمە هەستێکی تەواو جیاواز و بێزار کەریشە لەخۆما.

بەهەرحاڵ، ئەمڕۆ ڕۆژێکی تایبەتە بۆ من ئەمڕۆ ئەگەم بە ئاستێکو قۆناغێکی نوێ لە ژیانم. بەڵێ ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایک بوونمە! ئەبم بە پانزە ساڵ. ڕۆشتنی ساڵێکی تر زیادبوونی تەمەن واتا زیادبوونی بەرپرسیارێتی. زۆر دڵخۆشم کە گەشتوومەتە

ئەو ئاستەی تەمەنم پێموایە ژیانێکی زۆر خۆش و ئاسوودە ئەژیم لەگەڵ خێزانەکەم، ساڵێکی نایابم ئەبێ بەچاو ئەوەی کە ئەم ساڵانەی پێشتر هەستم بەقورس بونی زیاتر ئەکرد، بەڵام لەسەرەتایشەوە وتومە پێنج ژمارەی بەختی منە ئێستا هەستیکی زۆر بەهێز لەناخمەوە پێم ئەڵێ کەمی ماوە تۆ باشترین کات ئەژی دواتر......تەنها چەن چرکەیەکی کەمی ماوە بۆ کاتژمێر هەشت دڵنیام باوکم وەک هەموو 21ی سێپتەمبەرێکی ساڵ لە هەمان کات دێت و بەهەمان شێواز پیرۆزبایم لێ ئەکا، هەمان شێواز وەک هەموو ساڵێ ماڵەکە پڕ ئەکات لەجۆش و خرۆشی و دەنگە دەنگ و بانگ کردنی من و پێکەنین و بەزم و یاری. دە چرکە ماوە بۆ کاتژمێر هەشت، نۆ، هەشت، شەش حەوت،.......سێ، دوو، یەک.

لەدەرگای ژوورەکەم درا!.

-ماریلا شیرینەکەم لەباوەشی سەرینەکەت وەرە دەرەوە و دەست بە ڕۆژەکە نوێکەت بکە دەی خێراکە هەڵبسە، لەدایکبونت پیرۆز شازادە ژیکەڵەکەم جوانترین کچی دنیا خاتونی بچووک هێشتا خەو بەری نەیاوی ئەمڕۆ ڕۆژێکی تایبەتە بۆمان بەتایبەت بۆمن چۆن ئەبێ هێندە ئازەرو لە جێگاکەت بکەی دەی هەڵسە بابە گیان.

ئەی پێم نەوتن هیچ کاتێک دواناکەوێت لە پیرۆزکردنی ڕۆژەکەم!

-دەی کەوایە هەڵبسە با توند لە ئامێزت بگرم.

هەمووجارێک بەو شێوەیە خەبەرم ئەکاتەوە و دواتر چیرۆکی ڕۆژی لەدایکبوونەکەمم بەخەندەوە بۆ ئەگێڕێتەوە.

ئەو هەمووکات ئەڵێ: تۆ لە سەرەتای بەیانیەکی زۆر جوان لەدایکبوویت کە تازە ڕووناکی خۆر بە ئاسماندا بڵاو ئەبێتەوە. وەکو خۆرێکی تازە هەڵهاتوو ڕوناکی زۆر جوانت بەژیانم بەخشی بۆیە ناوم لێناوی ماریلا کە بەواتای "درەوشانەوە" یەت. کاتێک ئەو قسانە ئەکات هەست ئەکەم بەڕاستی من شازادەیەکبم، هێندە جوان پیام هەڵئەیا هێندە جیاوازە بۆم کە شازادە ئاساییانە بێت.

من بەڕاستی کچێکی بەبەختم کە خێزانێکی لەو شێوەیەم هەیە باوکم هێندە گرینگیم پێئەیات و خۆشی ئەوێم.

هەر دوای چەن خولەکێک دایکم هاتە ژوورەکەم و بە دەنگە پڕ میهرەبانیەکەی وتی: باڵندە دڵخۆشەکانی نێو جێگا ئەڵێی هیچ ناتانەوێ لە جێگاکەتان هەستنەوە و دەست بە ڕۆژەکەتان بکەن؟

هات و بەتوندی لە باوەشی گرتم و بۆنی کردم وەک ئەوەی بەڕاستی تازە لەدایک بوبێتم و یەکەم جاربێت لە باوەشم بگرێت!

نێوچەوانی ماچ کردم و پیرۆزبایی لێ کردم و هیوایی ساڵانێکی دوور و درێژی پڕ لە خۆشی و شادی بۆ خواستم لە ژیانم، نزای ئەکرد کە ئەم کچە وشک و داخراوەی کە تێکەڵاوی کەس نابێت ببێتە باشترین کەس و باشترین ئەزمونی هەبێت لەژیاندا.

وەک هەموو ساڵەکانی تر دوای ئاهەنگێکی بچوکی خێزانی لە ماڵەوە، کوژاندنەوەی مۆمەکان و کردنەوەی دیاریەکان من ئەبێ ناوی جێگایەک بڵێم تا گەشتێکی بچوک ڕێک بخەین بۆ ئەوێ. جیاواز لە هەر گەشتێکی تر ئەمەیان تایبەتە بەمن تەنها من لەم گەشتەیا ئەوە ئەکەین کە من ئەمەوێ.

ئەمساڵ گەشتەکەمان بۆ دارستانەکانی "هویا" ئەبێت، کە لەهەمان شاری خۆم دایە بەپەرۆشم تا لە نزیکەوە ئەوێ ببینم و بەنێو دارەکاندا پیاسە بکەم.

هەرچەن من لەوەتەی تەمەنم گەشتۆتە ئەم تەمەنە سەردانی ئەوێم نەکردوە و نەشم بینیوە بەڵام زۆر پەڕۆشیم،

ڕاستیەکەی هۆکاری زیاتر پەرۆشیم بۆ بینینی ئەو باس و خواست و چیرۆک و دەنگۆیانەیە سەرنج ڕاکێشراوانەی کە باسەکرێت لەسەری زیاتر سەرنجم ڕائەکێشێت، ئەڵێن جێگایەکی ترسناکە و تارمایی لە نزیک ئەوێ بینراوە! و ئەڵێن پڕ پڕە لەچنۆکە و ساحر دەنگۆیەکیش هەیە کە ئەڵێن ساڵی جارێک لێرە ساحیر بازەکان دەرئەکەون نازانم بەڵام من بڕوام بەو شتانە نیە و بەشتێکی خەیاڵاوی و پوچی ئەبینم،

جێی پێکەنینە تارمایەکان بونیان نیە تەنها خەیاڵێکەو هیچی کە ئەڕۆم تا لەوە دڵنیا ببمەوە بەچاوی خۆم ببینم و بزانم لەگەڵ ئەو تارمایانە نابینە هاوڕێ، لەوانەیە من زیاتر لەگەڵ ئەوان بگونجێم و هاوڕێیەتیەکی تۆکمەمان هەبێ و دواتر هەمووشتێکم بۆبکەن هههه گاڵتە جارانە نیە! بەهەرحاڵ ئەزانم گەشتێکی تەواو تایبەت ئەبێ بەتەواوی لەیاد نەکراو ئەبێ وەک یەکەم ئەزمونم لەژیاندا.

لەگەڵ باوکم ئەڕۆین تا پێداویستیەکانی گەشتەکە بکڕین، خواردن، هەندێک کەلو پەلی خۆ پاراستن سەرچەف و ئەو شتانەی بۆ کەمپینگ پێویستن دواتر خۆ حازر کردن و لەبەر کردنی جلی شایستە بۆ "هۆیا " کە هەم لەگەڵ کەش و هەواکەیا بگونجێت و هەم بتوانم ڕێبکەم پێی، جلێکی سەرنج ڕاکێش و جوان، تەنها شتێکیش کە خەیاڵم بۆی ئەڕوا پاڵتۆ سەوزەکەم و بۆدیە خەت دارە سپی و سەوزەکەم لەگەڵ پانتۆڵێکی سپی و شەپقەیەکی گوڵ سپی و پوتە چەرمەکەم.

شتەکانمان کڕی و بەرەو ماڵەوە ڕێک بەڕێکەوتین لەناکاو......

گوێم لەدەنگێک بوو لەدورەوە داوای یارمەتی ئەکرد و ئەپاڕایەوە دەنگێک کە وای کرد دڵم خێرا لێبدات، دەست بەجێ بەرەو دەنگەکە ڕامکرد بەبێ ئەوەی هیچ بە باوکم بڵێم ڕامکرد باوکم بەدوام کەوت و بەهەناسە بڕێ و سەرسوڕمانەوە پێی وتم ماریلا کچم بۆ کوێ ئەڕۆی؟! بوەستە هیچ بووە!! ئازیزم. بەڵام من بێ ئەوەی بتوانم کەمێکیش بوەستم و کۆنترۆڵی خۆم بکەم بەردەوامبووم لە ڕاکردن تا لە دەنگەکە نزیکتر و نزیکتر بوومەوە.

لەناکاو بینیم ئافرەتێکی پیر لەسەر ڕێگاکە کەوتوە، یارمەتیمدا تا هەستێتەوە کاتێک سەری بەرز کردەوەو ڕوخساریم بینی ترسێکی زۆر گەورە لەدڵما چەسپی، هێندە شێوەی ترسناک بوو هەستت ئەکرد کە ئێستا لەترسا زەندەقت ئەچێت و ئەمریت ڕوخساری بەشێکی زۆری سوتابوو چاوەکانی سامێکی لێئەباری کە تەنها بەسەیر کردنی دڵت خێراتر لێی ئەیا، پێشەوەی هیچی لێ بپرسم باوکم هات بەدەنگێکی بەرز و شڵەژاوەوە پێی وتم: کچەکەم ماریلا!! چیتە!! بۆچی بەو شێوەیە ڕاتکرد؟! شتێک ڕوی یاوە!؟ ئەزانی چەن ترسام بڵێ چیبووە؟



ڕەنگی سپی هیچ تایبەتمەندیەکی تێدا نیە
مەبەرە سپی هەموو ڕەنگەکانی تر لەخۆی ئەگرێت
ببە ڕەش سەخت و بەهێز
هیچ ڕەنگێک ناتوانێن دەستی بەسەربگرێت

کاتێک باوکم هات کەمێک ترسم ڕەوایەوە وەک بڵێی بڵێسەی ئاگرێک کوژاوەتەوە و خێرا چوم باوەشم بەباوکما کرد و بەترسێکی زۆرەوە بەباوکمم وت:

-ببوورە باوکە گیان تکایە من ببورە. من...من تەنها گوێم لە کەسێک بوو داوای یارمەتی ئەکرد، نەمتوانی کۆنترۆڵی خۆم بکەم و ڕامکرد تا بزانم چیبووە.

-کێشە نییە کچەکەی خۆم، تەنها جارێکی تر دووبارەی مەکەرەوە بەڕاستی زۆر ترسام کە شتێکی ناخۆش بۆت ڕوی یابێت لەپڕا تەنها باشبی بەسە.

هەر کە ئافرەتەکەی بینی وتی..ئەی خوایە خاتوون تۆ باشیت!؟ ئازارت نیە؟ ناتەوێ بتبەمە نەخۆشخانە؟ یان شتێکت پێویست نیە؟؟

تەبعەن مەبەستی باوکم ئەو شێوازە ترسناکەی بوو کە دیار بوو وەک بڵێی سوتاویەکەی هێشتا کەمێک تازەبێت نەک ئێستاکە ڕویدابێ ڕاستیەکەی زۆرم لاسەیربوو چونکە پیرەژنەکە زۆر بەخێرای ئەو سوتاویەی سەرەتا بەتازەی بینیم کەمی کرد و ترسناکیەکەی لەوە بوو وە شێوازی شڵەژانی پیرەژنەکەیش کە لەولاوە جێی سەرسوڕمانێک بوو بۆ من هەتا وام هەستەکرد پیرەژنەکەیش چاوی ئەبڵەق ببو بەبینینی ئێمە بەڵام نازانم بۆچی وابوو.

ئافرەتەکەیش وتی:

- نا نەخێر سپاس بۆ پرسینت من باشم، کۆمەڵێک ڕێگر ویستیان دزیم لێبکەن بەڵام کە ئێوە هاتن ڕایانکرد سپاستان ئەکەم ئەمڕۆ یارمەتی منتاندا و وەک بڵێی باوکمی خوێندبێتەوە پێکەنی و وتی هیچی وانیە کەمێک برینداریە بۆخۆی وردە وردە باش ئەبێت هەرخۆی کەمێک کۆنیش بووە.

بە قسەکانی زۆر دڵخۆشبووم چونکە من پێشتر بەوشێوەیە یارمەتی کەسیترم نەیابوو نەمەزانی مرۆڤ کاتێک یارمەتی کەسانی تر ئەدات هێندە دڵخۆش دەبێت، شتێکی جیاواز بوو وەک بڵێی بوبێتمە پاڵەوانی ژیانی کەسێک.

بەهەرحاڵ ئافرەتەکە خوا حافیزی کرد و ڕۆشت و ئێمەش گەڕاینەوە ماڵەوە. باوکم پێی وتین کە هەر دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ بەڕێ ئەکەوین بێ هیچ وەستانێک بۆیە ئەبێ حازر بین ئەوکات، ئای چەن بەپەرۆشم تا لەنزیکەوە ئەوێ ببینم لام شتێکی تایبەت و جیاوازە ئاخر چونکە چەندە ها ئەفسانە لەوێ باسەکەن، منیش حەزم بەو ئەفسانە سەیرو سەمەرانە هەیە.

خۆم حازر کرد بەهەمان ئەو شێوازەی کە لەمێشکما دام نابوو، تەنسیقم کردبوو کلاوە گوڵ سپیەکە لەگەڵ پاڵتۆ سەوزو سپیەکەم و پانتۆڵە سپیەکەم، دواتر چاوەڕێبووم کە بڵێن ئێستا بەڕێ ئەکەوین، بەڵام لەبەختی من بارانێکی بەلێزمە باری کە نەت ئەتوانی بڕۆیتە دەرەوە زۆر دڵتەنگ بووم کاتێک باوکم پێی وتم ببورە کچەکەم بەڵام ئەمڕۆ ناتوانین بڕۆین چونکە بەڕاستی من ئاواتە خوازبوم بیبینم باوکم بەڵێنی پێم دا کە هەر بڕۆین بەڵام با کەمێک کەش و هەواکە هێمن بێتەوە.

هەموو ڕۆژێک ڕۆژەکانم ئەژمارد ئەی خودا ئێستا ئەم بارانە چی بوو ئاخر ناتوانم بیر لەوە بکەمەوەکە لەو هەموو ڕۆژەدا بۆچی ئەمڕۆ بارانێکی وا بەلێزمە و لەپڕ ڕوی دا بەهەرحاڵ دوای پانزدە ڕۆژ بەتەواوی بۆمان گونجاو کەش و هەوایەکی زۆر خۆشی هەبوو، وە لە کۆتایدا دوای ئەوەی ئەمویست ڕوی داو کاتی هات و هەمووان ئامادەبووین باوکم بەدەنگێکی پڕ جۆش و خرۆشەوە و بەخەندەو هاوار کردنی خۆشیەوە وتی گەشتیارە خۆشەویستەکانم ئێستا کاتی بەڕێکەوتنە تکایە خاتوو مارێلا بۆ دەستپێکی گەشتەکەت سەر عەرەبانەکە بکەوە ودابنیشە، تکایە با جوان ئاگاداری خۆی بێت و خۆی بپارێزێت.

هاهـ! باوکم بووە عەرەبانە چیەکی چەن شیرین و قسە خۆشە.

بەڕێکەوتین و بەڕێگایا ئەڕۆشتین گۆرانیمان ئەوت و چیرۆکمان ئەگێڕایەوە و بەسەرهاتی گاڵتە ئامێز و پێکەنین و سەیر کردنی دیمەنەکان و شوپهاندی دارو درەخت و ئاسمان بە شێوەی پڵنگ و ئەسپ و عەرەبانە هەمووشتێک..... هتد، سەرەتایەکی زۆر جوان و قەشەنگ بوو هەست ئەکەم ئەو گەشتەبێ کە خۆم چاوەڕوانیم دەکرد.

دوای نزیکەی دوو کاتژمێر و نیو لە ڕێگادا مانەوە لەنێو عەرەبانە کەدا لەکۆتاییدا گەشتین. من هەر لەسەرەتاوە تێکەڵی سروشتبووم و بەنێو دارەکاندا ئەسوڕامەوە گوڵەکان لەگەڵما سەمایان ئەکرد، ڕوبارەکان یاری بوێریان لەگەڵ ئەکردم، باڵندەکانیش گۆرانیان بۆ دەوتم.

وەک ئەوەی بیرم لێ ئەکردەوە بەتەواوی تایبەتە بۆم دارەکان زۆر جوانن دیمەنێکی پایزەی تایبەتی هەیە ڕۆحت لەگەڵ گەڵا وەریوەکان تێکەڵ ئەبێ کەش وهەوایەکی ناوازە.

دوای ماوایەک لەدڵ بردنی سروشت ڕۆشتم تا یارمەتی باوکم بدەم لە دانانی چادرەکە، هەمووجار لە گەشتەکاندا باوکم زۆربەی کارەکان ئەنجام ئەدات، تەنانەت خواردنیش ئامادە ئەکات و چێژو تامێکی زۆر تایبەتی هەیە ڕاستیەکەی دەستاوی باوکم زۆر تایبەتە، دڵخۆش بونەکەیش کە لەهەمووی زیاتر باوەڕپێنەکراوە.

کە باوکم بەشێوازی یاری و دڵخۆشیەوە هەمووشتێکی ئەکرد، باوەڕ ناکەن گەر بڵێم چەن شارەزایە لەوەدا هەندێ جار زۆر لە دایکشم باشترە "ئەو بەشەیان بە دایکم مەڵێنەوە

چادرەکەمان ڕێکخست و دامان نا ئێستا ئێمە جادرگەیەکیشما هەیە، و دواتر منیش دەستم کرد بە پیاسەکردن بەنێو دارستانەکەدا دیسان، لەناکاو هیچ شتێک ئاسایی دەرنەئەکەوت شتەکان لەئارامیەوە بوو بەترس و شڵەژان! قاچەکانم بۆ ڕێگایەکیان ئەبردم کە خۆم نەمەویست، هەستێکی سەیرم بۆ دروستبوبوو.

وەک ئەوەی تواناکانم زۆر زیاتر زاڵبین وەک ئەوەی بەسەر دەریاچەدا بڕۆم بەبێ ئەوەی قاچەکانم تەڕببن! بەڕێگادا بڕۆم و هیچ دڕکێک پێیەکانم ئازار نەدات ئاژەڵەکان ڕێڕەوی خۆیان ئەگۆڕی کە منیان ئەبینی ئەوەش ترساندمی! لەو لایشەوە دڵم بەخێرای لێی ئەدا. ئەی خودایە ئەو هەستە چیە کە ڕامئەکێشێت بەرەو قوڵایی دارستانەکە؟ بۆچی ناتوانم کۆنترۆڵی خۆم بکەم؟ وەک ئەوەی کەسێک کۆنترۆڵم بکات و بیەوێت بمبات بۆ جێگایەک بێ ئارەزووی خۆم.

و لەناکاو گوێم لە دەنگێکم بوو وەک بڵێی ئاشنابێ لام و بیستبێتم هەروەها دڵخۆشبێت و بەخێر هاتنم بکات.

ئەوە چیە! ئەوە هەمان خاتوون نیە کە لەم ماوەیەدا بینیمان؟! بەڵێ بەڵێ خۆیەتی بەڵام بۆچی لێرەیە وەک بڵێی سێبەرێکەی بێ ئێ خۆ دەم و چاویشی زۆر باش بووە تۆ بڵێی بەڕاستی خۆی بێ یان ڕۆحیانەت هەبێ لێرە بەڕاست بەو شێوازەی کە باسی ئەکەن لەوانەیشە بەدوامەوەبێ، ئەی ئەو چۆن زانی من لێرەم!!

هەزار و یەک فکرە بەمێشکما یەت کە هێندەی تر ئەمترسێنێت...

هاتە پێشەوە و دەستی لە ڕوخسارمدا و خەندەیەکی کرد من بەتەواوی ترسابووم وە زۆر شڵەژابووم نەمەتوانی کۆنترۆڵی خۆم بکەم، وەک بوکە شوشەیەکی لەدەستیدا خۆمم ئەبینی کە هیچ دەسەڵاتم نەبێت و یاریم پێبکرێت. تاکە شت کە وایکردبوو زیاتر بترسم تواناکام لەگەڵ ئەو کاریان نەئەکرد وەک بڵێی بێهێزبم لەبەر دەستی و هیچ شتێکم پێنەکرێت بەتەواوی دەستەوسان ببوم! نەمەتوانی بەهیچ شێوەیەک ناخی بخوێنمەوە و بزانم چی ئەوێت.

-بەڵێ، دڵنیابووم ئەوە تۆی کە ئەتوانی یارمەتیم بدەی ژیکەڵەی نازدار دڵە بچوکەکەت ئەتوانێ زۆر شتی سەرسوڕهێنەرم بۆ بکات! من پێویستم بەتۆیە تۆ خاوەنی گەنجینەیەکی نهێنیت کە خۆشت پێت نەزانیوە بەڕاست جێی سەرسوڕمانە دڵێکی پاکی وەک تۆ چۆن ڕۆحی شەڕەنگێزی هێشتا بەسەریا زاڵ نەبوە یاخود چۆن هێشتا بەم شێوەیە ماوی کچێ؟!!

ئەوە باسی چی ئەکات تێناگەم تەنها ئەزانم کە ئەوانەی ئەوت هەستم کرد ئەخنکێم! ئیتر بەتەواوی بێهێزبم و نەمەتوانی هەناسە بدەم لەناکاو هەموو شتێک تاریکبوو و چاوەکانم داخران و ئیتر هیچ شتێکم نەبینی

....... ماریلا، ماریلاا کچم هەستەوە!

-ئەوە من خەون ئەبنیم؟ نەخێر بەڕاستی ئەوە دەنگی باوکمە.

چاوەکانم کردەوە و بینیم دایک و باوکم لەسەر سەرم وەستاون بە نیگەرانیەوە، ترس لەهەموو جەستەیانەوە هەستی پێئەکرا.

بەترس و شڵەژاویەکی زۆرەوە وتم:

- من چۆن هاتمە ئێرە؟ چیبووە؟

باوکم وتی: کچەکەی خۆم دوای ئەوەی ڕۆشتی بۆماوەیەکی زۆر نەهاتیەوە نیگەرانبووین هەموو شوێنێک بەدواتدا گەڕاین سپاس بۆ خوا کە ئەو خاتوونە تۆی بینیبوو و ئاگاداری کردینەوە.

-ئای خوایە، بمبوورە باوکە کە نیگەرانم کردوون من بەڕاستی نازانم چیبووە هیچ شتێکم بیرنایە چۆن لەوێدا بوورامەوە و چی ڕویدا چیتر دوورناکەومەوە.

تێناگەم چی بووە لەیادم نیە وەک بڵێی هەر نەزانم چ شتێک ڕوی یاوە! دوای بینینی ئەو پیرەژنە.

تەنها ئەزانم لەپڕا لەو شوێنە خۆمم دۆزیەوە و ئەزانم کە گۆشەگیری کردوم. نامەوێ بێمە دەرەوە لەژورەکەم، حەوسەڵەی هیچم نیە، تاقەتی کەسم نیە، ئەسڵەن نان لەگەڵ خێزانەکەم ناخۆم، ئەوە شتێکی زۆر بێزارکەرە لام. دوای ئەوان بەتەنها دەست ئەکەم بەخواردن بێزارم لەگرنگی پێدانەکانی باوک و دایکم، هەستەکەم زیاد لەپێویست شتەکانیان وەرگرتوە. لەوانەشە وانەبێ کێ ئەزانێ  لەوانەیە بەڕاست من زۆر خراپم بەسەر هاتبێت و خەمیان بێت، لەوانەیە من هەستیار بوبێتم، بەڵام ئەی ئەو هەستە قورسەی ناخم چیە؟

هەندێک جار ئەڵێی دڵم ئەیەوێت بێتە دەرەوە، ئەیەوێ فڕێی بەم. ئازارێکی گەورەی تیایە! شتیک کە لەهەمووی زیاتر بێزاری کردووم هەست بەهەبوونی تارمایی ئەکەم ئەوە زۆر ئەمترسێنێ و هەمووشەوێکیش خەو ئەبینم دەست ئەخەنە قورگمەوە هەناسەم بۆنایەت و ئەیانەوێ بمخنکێنن، یاخود کەسانی خراپ یەن و ئەیانەوێت



خۆی چێژی ڕاستەقینە ئەوەیە
هەست بکەی کەسێک پشتی پێت بەستوە
نەک پشت بەکەسێک ببەستیت

شتێک لەجەستەم دەربهێنن ئەم شتە بێمانایانەی مێشکم، لەم بیرانەو لەگەڵ قسە کردن لەگەڵ خۆما شێتمەکات.

باوکم یای لەدرگای ژوورەکەم و وتی:

-کچەکەم

-دیسان چیە؟

- گیانی باوکە یەکێ ئەیەوێ بتبینێ.

-هەرکەسێکە پێی بڵێ تاقەتی کەسم نیە، نامەوێ کەس ببینم بێزارم مەکەن.

-منیش وام وت، بەڵام ئەو سوورە لەسەر ئەوەی چاوی پێت بکەوێت.

پێشەوەی وەڵامی بەمەوە هەمان پیرەژن خۆی کرد بەژوورەکەما بێ هیچ ئیزنێک چاوەکانم زەق بوون، دووبارە دڵم خێرا لێی ئەیایەوە!!

ئەمجارەیش هەمان هەستی پێشوم هەبوو بەرامبەری نازانم چۆن باسی بکەم بەڵام بەتەواوی جیاوازیەکی تەواوی هەبوو ئەکرێ بچوکترین وەسف ئەوە بێ کە لام زۆر ئاشنا بوبێ و هەست بکەم سەردەمێکە ئەیناسم.

بەسەر سوڕمانیەوە و بەوپەڕی ترسەوە وتم دیسان تۆ؟، خەندەیەکی کرد و وتی سڵاو خاتونە بچکۆلەکەم.

هێندە ئەزانم بێ ئەوەی ویستی خۆم بێت و ڕەزامەندی بەم دانیشت، لەپڕ شتێک وای لێکردم بمەوێ بەتەنها قسەی لەگەڵدا بکەم بۆیە داوام لەباوکم کرد بە تەنها جێمان بهێڵێت.

بەڵێ سەرەتا تەنها لێکمان ئەڕوانی پاش چەند دەقەیەک بێ دەنگی شکاند و وتی:

-هێی کچێ بۆ وا لێمەڕوانی؟

-ئەوە قسەیەکی بێمانایە تۆ بڵێی بۆچی لێت بڕوانم؟ بەدڵنیایەوە چاوەڕێی تۆم قسە بکەی، بە قسە کردنت دیارە کە تۆ هاتویت بۆماڵی من،

ئەشڵێی بۆچی لێم بڕوانی؟ بەو سووربونەت لەسەر بینینی من و هاتن بۆ ماڵمان ئەبێ هۆکارێکی گرینگت هەبێ! پێم بڵێ. چیت لەمن ئەوێ؟ بۆچی ئەتەوێ قسەم لەگەڵ بکەی؟

وردە وردە هاتە پێشەوە و دەستی خستە سەر سەرم هەستم ئەکرد ڕۆحم لە جەستەم دەرەچێت. جەستەم قورس ببو وەک ئەوەی ڕۆحم بەرەو جێگایەک بڕوات! و بەڵێ خۆم لە جێگایەکی سەیر بینیەوە، شوێنێک هەمووی سپی بوو ئەوەندە بێدەنگ بوو کە بەیەک هەنگاوم هەموو ئەو شوێنە دەنگیان ئەیایەوە. سەیری چواردەورم کرد و هاوارم کرد کەسی لێیە بەڵام هەستمەکرد کە کەس هەستی بە بوونم نەئەکرد! ئایا ئەوە خەونە؟

لەپڕ گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو بە ترسەوە بەرەو دەنگەکە ڕۆشتم. دواتر کارەساتێکم بینی!!.

-ئازیزەکەم ئێستا پێویستە چی بکەم؟

-لەیلا تەواو شتەکان ڕێکە بەڵام پێویستە ئیتر کچەکە بجوڵێنی. خۆت ئەزانی من ناتوانم بەسەریا زاڵ ببم تەنها بەرەزامەندی خۆی نەبێ، پێویستە ئاگاداری بکەیتەوە. ئەگەر نا من بۆ ئەویش مەترسیدار ئەبم! دڵنیابە ئەمرێ ئەگەر سەرنەکەوین!.

-شتەکان ڕێک ئەخەم بێخەمبە بەڵێن بێت کەسمان هیچمان لێ بەسەر نایەت.

-لەیلا بڕۆ خێرا هاتن بڕۆۆۆۆ خێرااااا بڕۆۆۆ.

وە دەستەکانی لابرد هەستم ئەکرد ڕائەکێشرێمە جیهانێکی تر، وەک ئەوەی کابوسێکم بینیبێ ڕاچڵەکام! لەوکاتەیا تەنها ئەمویست بقیژێنم دەنگم دەرنەئەهات. وەک بڵێی دەستیان خستبێتە سەر قورگم و کەوتم بەدەما و ئەوەی پێم کرا تەنها فرمێسک ڕشتێکی بێ دەسەڵاتانە بوو.

دوای کەمێک هاتە نزیکم و دەستی لەسەر شانم دانا، لەوکاتەیا وەک بڵێی زمانم کرابێتەوە بەدەنگیکی نزم کە بەهەموو هێزمەوە دەرم ئەبڕی، بە ترسەوە پێم وت: لێم دوورکەوە هەی جادوگەر لێم دورکەوە خێرا بڕۆ لێرە!.

دەستەکانی خێرا لابردوو دوورکەوتەوە. ئازارێکی قورسم لەدەموچاوی هەست پێکرد هەستم کرد چاوەکانی وردە وردە سورەبوو ئەیویست بگری بەڵام لەقورگی مابوەوە تا ئاستی دڵپڕبون.

-ئێمە ببورە هەمووی سوچی ئێمە بوو تکایە ببورە

-تۆ...تۆ باااا باسی چی ئەکەیت؟ وەختە شێتەبم! چیم کردوە بەرامبەرت؟ بۆچی وازم لێناهێنیی؟ تکایە ئیتر بڕۆ دەرەوە لەژیانم تکایە!.

-ببورە ناتوانمم ئەگەر وابکەم لەناو ئەچین!.....

-نامەوێ یەک وشەی تر ببیستم خێرا بڕۆ دەرەوە لێرە.

ڕۆشتە دەرەوە بەڵام دوای چی ئەو هەموو نائارامیە و بێزارتر ئەبووم، ئێستا لەسێیەرەکەی خۆشم ئەترسم!، تێناگەم چۆن وا کۆنترۆڵ ئەکرێم؟ بەڵام ئەم هەستانە و ئەو پیرەژنە زیاتر و زیاتر بەمێشکما یەت. هەندێک جار بێ هیچ شتێک هەستەکەم شتێ لەقورگما گیری خواردوە و ئەمەوێ بیڵێم بەڵام نا کە هێندە بەهێزەو ناتوانم هیچ بڵێم ئەمگریەنێ

نازانم تاکە شتێک بمەوێ ئێستا ئەوەیە لەم شتە نامۆیانە ڕزگارمبێت، ئەمەوێ ئاسایی بژیم. لەو کاتەوەی پیرەژنەکە ڕۆشتوە، حەفتەیەک ئەبێت من هەمووشتێکم ئەوەندەی تر تێک چووە. دوای ئەو حەفتەیە ئەمڕۆ ئەمەوێ بڕۆمە دەرەوە کەمێ لەباخچەکەبم بەڕاست هەست ئەکەم ئیتر لەم ماڵە ئەخنکێم. لەوانەیە کەش و هەوای پایز کەمێ باشم بکات خۆمن حەزم لەپایزە لەو بڕوایەشام ئەو شتانەی حەزت پێی هەیە ئاسودەت ئەکات.

ئێستا ئەچمە ئەوێ و خەیاڵە قوڵەکانم لەوێ تەواو ئەکەم، من ڕۆحی سروشتم لەناودا ڕەنگی داوەتەوە ئیلهامێک کە یەت.

بەڕاست جوانی گەڵاکان و ڕەنگاو ڕەنگ بونیان شتێکی تایبەتە ئەو ڕەنگە ئاڵتونیەی گەڵاکان!

لەوانەیە ئەمە لای هەموو کەس وابێ گەڵاکان ڕۆحێکی زیندویان تیایەو ئەیانەوێ پێت بڵێن وەرە بتبەمە لای خۆم لەئامێزی خۆما با ونت بکەم و پێکەوە خەمەکانمان بوەرێنین!.

سروشت و گوڵەکان و کانیەکان هەموو کات ئەو هەستەم لا دروست ئەکەن. لەناو ئەم خەیاڵانە بوم لەو پەڕی هێوریيا ون ببوم، لەپڕا مناڵێک کە بەوپەڕی هێزیەوە دەستی کردە گریان و خەیاڵەکانی شێواندم با من ئەوەیش بڵێم من کەسێکم کە تەنها لەگەڵ منداڵدا ئەتوانم خۆم بگونجێنم و خۆشیان بوێم بۆیە بەخێرای ڕۆشتم بۆ لای و بینیم کەوتوە و بەرزم کردەوەو تەکاندم، بینیم قاچەکانیشی بریناربووە چوم هەتا شتێکی بۆ بهینم کە ئازار شکێن بێت بۆی و کاتێک قاچەکانیم بینی زۆر خراپ برینارببو ئازار بەدڵم گەیشت، لێم پرسی بچکۆلە دایکت لەکوێیە؟

دەستە بچوکەکانی گرتم و دەستی کردەوە بەگریان و وتی:

-دایکمم لێون بوە نازانم لەکوێیە

-ماڵی خۆتان نازانی ناوی چیە لەکوێن؟

- نا

-ئەی چۆن لێت ون بوو لەکوێ لێت ون بوو زۆر ئەگەڕێیت؟

-نازانم، لەم نزیکانە دایکمم لێون بوو نازانم چۆن لەپڕ دەستەکانی بەرياوم ڕۆیوە.

چاوم کەوتە سەر ژنە پیرەکە کە سەیری ئەکردم، کاتێک زانی منیش بینیومە هەندێک ترساو دیاربوو کە وەک بڵێی دیسانەوە شەرمەگێرمەوە و قسە ئەکەم، بەرەو ڕوی

ڕۆشتم و لەدڵی خۆمدا وتم: لەوانەیە کە ئەو شتێک بزانێ و دایکی بدۆزینەوە یان ئەو شتانەی کردوە هەڵبەت ئەتوانێ دایکیشی بدۆزێتەوە، دەستی منداڵەکەم گرت و خەندەیەکم کرد و بەرەو ڕووی ڕۆشتم لەگەڵ هەر هەنگاوێکم پیرەژن زیاتر و زیاتر چاوەکانی ترسی لێئەباری و خەم دای ئەگرت، کاتێک گەشتمە لای

خەندەیەکم کرد ئەها ئەو خەندانەی کە ئەڵێن هیچ مەترسە هیچ قسەیەکی ناخۆش نابیستی، تەنها ئەمەوێت کە بزانم دایکی ئەم منداڵەت نەبینیوە یان هیچ شتێک نازانیت و بۆمانی بکەی، کاتێک گەیشتمە

لای وتم:

-ئەرێ هیچ شتێک نازانی تۆ بۆ ئەم منداڵەی بکەی دایکی لێون بووە کاتێک لێرەبویت نەوبینیوە، بزانی دایکی کێیە؟؟

-با بەڵام تاوەکو عەسر نایەتەوە.

-چی تۆ چۆن ئەزانی جا؟

-ئەوکات ئیتر ئەیدۆزێتەوە.

دواتر کەمێکی پێچو،

بەخەندەوە پێم وت: بەڕاست تۆ کێی چیت ئەوێ لێم؟ بۆچی ئەم ماوەیە بەردەوام بەشوێنمەوەی!!؟

وتی:

-ماریلات ناوە؟!

-تۆ چۆن ناوم ئەزانییی...!! تۆ بەڕاست جادوگەری؟!

-نەجادوو گەرم نە فاڵ گرەوە یان هەرشتێکی تر، بەڵام ئەزانم ئەگەر جنەکان و سحربازەکان بزانن بەدواتەوە ئەکەون!

چێژ لەو شتانە وەرئەگرم کە ئەبنە پرسیار
ئەوانە زیاتر فێرم ئەکەن



بۆیە لەبارەتەوە ئەزانم ئەوان ئێستاکە بەدواتدا ئەگەڕێن بتدۆزنەوە و بزانن لەکوێیت ژیانت وێران ئەکەن و سیحرەکەیان کاریگەری لەسەرت هەبێ، ئیتر تۆیەک وەک ماریلا بونت نابێ.

-لەوانەشە شێت بی.

-ئەمانە هەمووی ڕاستین بۆ بڕوا ناکەی.....!!؟

-هەرگیززز....

-وەرە بەر ئەو ڕۆژە و سەیری سێبەرەکەت بکە.

-ئەوە چیەههه ئەمە من نیم! ئەمە سێبەری پیاوێکە نەک من!. ئەمە یانی چی.....؟!

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو تاکە شتێک لەدەمی هاتە دەرەوە وتی ببورە.

بەهاوارەوە وتم ببورەی چیبیی؟! چی بوە چیتان بەسەر منا هێناوە؟!!

کەمێک دەنگم هێواش کردۆ تاوەکو منالەکە نەترسێت،

دواتر دەستی کرد بەقسە کردن و وتی: تا ئێستا هیچت دەربارەی هاوگیانەوە بیستوە؟

ساڵێک! هەمووی تەنها ساڵێک لەمەوپێش بوو، من ژیانی خۆم ئەژیام و کچێک کە لەهیچم کەم نەبوو لەم گەشت بۆ ئەو گەشت لەم وڵات بۆ ئەو وڵات، باوکێکی بازرگانم هەبوو کە بەدوومانگ جارێک نەمئەبینی، بەڵام لەلایەنی داراییەوە زۆر لەپشتم بوو کە بەدڵی خۆم چیم بویستایە ئەمکرد، هەندێک جاریش لەگەڵ خۆیا ئەڕۆشتم و گەشتمان ئەکرد، وای لێهاتبوو چەند زمانێکم ئەزانی و بەکچە کەشخەو جوانەکە ناسرابووم لە "بوخارێست"، چەند هاوڕێیەکم هەبوو بەبۆنەی ئەوەی من لەم ژیانە تەنها باوکێکم هەبوو ئەویش بەئیش و کارەوە بەردەوام بەسەری ئەبرد بۆیە زۆربەی کاتەکانم لەگەڵ هاوڕێکانم بەسەر ئەبرد و کۆ ئەبوینەوە و ئەڕۆشتن بۆ زۆر شوێنێک یانیش زۆر شتێکمان ئەکرد، هەتا ڕۆژێک یەکێک لەهاوڕێکانم کە بەناوی "مریەم"وە بانگێشتی کردم بۆ لەفیستڤاڵی هالەوین، مریەم ئافرەتێکی

هاوسەرداربوو قژێکی زەردی ئاڵتونی و باڵایەکی بەرزی هەبوو هاوسەرەکەیشی کە ناوی "ئەلفرێد" بوو پیاوێکی کەشخەو کراوە و ڕوخۆشبوو، ڕاستیەکەی زۆر جوانیش بوو و هاوڕێیەتی هەموو کەسێکی ئەکرد، ڕاستی بڵێم من بەهاوڕێی خۆشمەزانی بەڵام هێنەدەی مریەم نزیک نەبوو بۆمن.

لەوانەیا بوو لەپڕ دایکی منداڵەکە دەرکەوتەوە و منداڵ بەگریانەوە ڕۆیە لای دایکی و باوەشی پێدا کرد، زۆر لام سەیر بوو ڕێک لەو کاتەی خۆی وتی عەسر دایکی گەیشتەوە لای و کاتێک بینی منداڵەکەیمان سارێژ کردوەو لای ئێمە پارێزراو بوە زۆر سپاسی کردین و دایک و منداڵەک لەبەر چاو ون بوون، من هێندە بەپەرۆشی چیرۆکەکە بوم تەنانەت نەمویست بزانم چۆن زانیویەتی دایکی ئەو کاتە یەتەوە، دوای ڕۆشتنیان خێرا وتم دواتر چی بوو ئەمەوێ بیبستم. دەستی پێکردەوەو دوبارە وتی: خۆم و چەند برادەرێک بۆ ئاهەنگێران لە ماڵی مریەم و ئەلفرێد کۆببوینەوە و ئاهەنگمان ئەگێرا. هەمووی جل و بەرگی ترسناک و جلی سەیرو سەمەرەیان لەبەر ئەکرد و ئەو کەسەی جیاوازترین تەنسیقی کردایە ئەبووە براوەی ئەو ئاهەنگەو وەک شاژن یاخود بە پاشای هاڵەوین ئەناسرا، واتا پاشا و شاژن دیاری ئەکرا.

یەکێک لەهاوڕێکانم جل و بەرگێکی ئێجگار سەیر و جوانی لەبەر بوو، کە من گومانم نەبوو ئەو ئەبێتە شاژنی هاوەڵەوینی ئەمساڵ.

بەدەم پێکەنین و قسە کردنەوە لەپڕا چاوم بەکوڕێکی باڵا بەرزی گەنم ڕەنگی کەوت کە زۆر سەرنجی ڕائەکێشام! بە چاکەت و پانتۆڵەکەوە کە زۆر لام سەیر بوو ئەمشەو لەبەری بوو پێویست بوو جلێکی جیاواز لەبەر بکرێت، بەڵام هیچ وانەبوو لای ئەو، کەسێکی زۆر سادە دیاربوو لەسوچێکی هۆڵەکە ڕاوەستابوو جار جارە داوای خواردنەویەکی

ئەکرد، لەپڕاچاوی کەوتە سەر من وەک بڵێی هەستی پێ کردبێت کە هێندە سەیری ئەکەم واش دیار بوو بەهەمان شێوە منیش سەرنجی کوڕەکەم ڕاکێشابوو.

ئەو شەوە پێدرۆ بوە پاشای هاڵەوین، ئەو هاوڕێیەشم کە زۆر جوان خۆی گۆڕیبوو بە ناوی سۆفیا بوە شاژنی هاڵاوین. ئاهەنگەکە تەواو بوو بەڵام چ ئاهەنگێک کە

هێندە منی هێشتبێتەوە لەخۆیدا  دوای ئاهەنگەکە بۆیەک چرکەش لەمێشکم نەئەڕۆی هیوا خوازبووم یەک جار بیبینمەوە.

ئەونەی کە دڵت لای کەسێک بێ خۆی پەیوەندیەکی ڕۆحیت لەگەڵ بەستوە! لەوانەیە ئەوەی کە ئەڵێن دڵت لای کەسێک بێ ئەویش دڵی لات ئەبێ ڕاستبێ. نازانم بەڵام ئەوەی ئەمویست ئەوە بوو کە بیبینمەوە هەستم ئەکرد ئەتوانم ئاسودەی لەچاوە ڕەشە گەورەکانی ببینمەوە!. ئەمە بۆمن هەستێکی نامۆبوو منێک کە تائێستا هیچ کوڕێک نەیتوانیوە سەرنجم ڕابکێشێت و بەدوای خۆشی خۆمەوە کەوتبوم و چاوەڕێی هیچ شتێکم لەهیچ کەس نەئەکرد کەسێک کە هەبوون و نەبونی منی بێزار نەکردوە کەچی  مێشک و دڵم و چاوم تەنها لای کەسێکە.!!

بەردەوام قسەم ئەکرد لەگەڵ خۆما هەندێک جار وا ئەمهێنایە پێش چاوم کە قسەی لەگەڵ بکەم، یانیش ڕوبەڕوی ببمەوە خۆش خەیاڵانە هەندێک  جار وا ئەمهێنایە پێش چاوم ڕۆژێک بە سوتفە بێتە پێشم و قسە بکەین یان بەوە دڵی خۆمم زۆر خۆشەکرد کە بیبینم و بڵێت من لەو شەوەوە هەردەم دڵم لات بووە کە  لەوانە نیە  شتی وا قەت ڕوبات و بەهەمان شێوەی ئەو دڵیشم ڕاکێشابێ لەوانەیە ئەسڵەن هەر خەیاڵی لای من نەبێ  بخەوێت بە ئاسودەی یاخود هاوسەرگیری کردبێت یانیش خۆشەویستی هەبێت نا تکایە با وانەبێت ئەوە یەکەم ئەزمونی من ئەبێت لەو شتانەی ویستبێتم و بەدەستم نەهێنابێت. ڕاستی هەرشتێکم ویستبێ پارە بۆی فەراهەم کردوم بەڵام ئەمەیان قەت پەیوەندی بەپارەوە نیە و ئەشم ترسێنێت بەڕاستی بەڕادەیەک ئۆقرەی لێبڕیبووم .

ڕۆژێکیان  کاتێک هۆشم هاتەوە  لای مریەم هەمووشتێکم باس کرد و هەرچی هەستی خۆمە و چۆنم و چۆن نیم بۆی و لەدڵم چی بۆتە گرێ ئاخر بەڕاست ئەو کوڕە ببوە بەشێک لەمن  و ئەو کوڕەیش ببوە خەیاڵێکی قوڵ لام هەموو شتێکم ببوە ئەو.

لەپڕا بووە ئێوارەو پیرەژنەکە وتی: تەواو ماریلا ئێستا درەنگە بەیانی ئەتوانین تەواوی بکەین ئێستا تۆ پێویستە بچیتەوەماڵەوە

بەڵام من نەمئەویست بڕۆم و نەشم ئەتوانی بمێنمەوە ڕاستی چونکە دایک و باوکم بەهیچ شێوەیەک نەیان ئەهێشت شەو لەدەرەوە بم.

کاتێک چومەماڵەوە بینیم کە نان حازرە بەڵام قاپی من دانەنرابوو، خێرا ڕۆشتم و وتم: ئەمە چیە ئەی بەشی من

دایکم بەوپەڕی دڵخۆشیەوە وتی:

-بەڵام کچی خۆم تۆ ماوەیەکە لەگەڵمان هیچ دانانیشیت، قاپی تۆم دانەناوە ببورە ئێستاکە دایئەنێم ئازیزی دایکە.

-زۆر سپاس دایکە گیان.

ماوەیەکی زۆرە خواردنی وا خۆشم نەخواردوە بەجدی هەستێکی تایبەت بوو بۆمن هەستم ئەکرد بەخۆشترین شێواز دایکم چاکی کردوە و کۆبونەوەی خێزانیش چەند خۆشە، ئەوکات زانیم مرۆڤ هیچ کاتێک دڵخۆش نابێ بەتەنهای مرۆڤ لەکۆتایدا تێئەگات کە زۆرکات شتەکان بۆخۆیان باش دەبن نەک چارەسەرێک بدۆزیتەوە بۆی.

شەو خەوم لێنەکەوت باوکم و دایکم دانیشت بوون و قسەیان ئەکرد، منیش چومە لایان و باوکم وتی:

-ئازیزی من هێشتا نەخەوتویت.

-خەوم لێناکەوێ باوکە گیان.

-ناتەوێ شتێک باسکەیت.

-هیچ شتێکی وانیە باسیبکەم.

-دەی باشە کات درەنگە ئازیزی بابە بڕۆ بنوو

هەرچەند خەوم نەئەهات بەڵام ڕۆشتمە ناو جێگاکەمەوە و بیرم ئەکردەوە ئەو ژنە پیرە کێیە؟ تێنەگەشتم مرۆڤ بەساڵێک چۆن پیردەبێت چی هەیە لەسەر ژیانی

بەڕاست لێم بۆتە مەراق ئەمەوێ لەبارەی ئەو چیرۆکەوە بزانم، بەڵام چی هەر لەکۆتایدا ئەزانم چونکە ئەو ئیشی پێمە نازانم چیە بەڵام ئەزانم کە ئیشی کەوتۆتە منەوە و بۆیە ئەبێ باسی بکات.

بەیانی زو هەڵسام. لەخەو وەک بڵێی هەست بکەم کە پیرەژنەکە چاوەڕێمە و نانم خوارد و چومەوە حەوشەکە ئەو ڕۆژە دیار نەبوو نازانم بۆچی بەڵام هەموو ڕۆژەکە چاوەڕێم کرد وەک بڵێی هەستێ لام دروست بوبێ کە قەت نایەتەوە هەستێکی ناخۆشە وەک بڵێی شکست ئەهێنی کاتێک ئەو شتەی چاوەڕێی ئەکەی وادەرناچێت، ڕۆشتم بۆلای باوکم بۆ ئەوەی هەندێک قسە بکەین.

-باوکە

-گیانی باوکە

-قەت هەبووە چاوەڕێی کەسێک بکەیت و ئیتر ون بێت و قەت نەیەتەوە؟!


-بۆچی نا هەبووە.

-کێ بوو بۆچی بێ هەواڵ بوو!؟

-کاتێک گەنج بووم، یەکێک لەهاوڕێ نزیکەکانم لە سەربازی لێون بوو چەند بەدوای گەڕام هەواڵێکی نەبوو دوای ماوەیەک بۆم دەرکەوت کە لەشەڕێکا مردوە، ئەوکات زۆر هەستم بەدڵتەنگی کرد چونکە هاوڕێیەکی زۆر نزیکم بوو بەڵام لەچاوەڕوانی نەچاتیدام کچەکەم.

-یانی ئەکرێت لەکۆتایدا هەر هەواڵی بزانیت؟ مردبێ یان زیندوبێ

-بەدڵنیایەوە ڕۆڵەکەم زۆربەی جار کات هەمووشتێک ڕون ئەکاتەوە بۆیە زۆربەی زۆری ئەوانەی لێیان بێ هەواڵ ئەبین ئەیدۆزینەوە یاخود لەبارەیانەوە ئەزانین.


لە کۆتایدا هەموو ڕەفتارە جوانەکان پاداشتی خۆیان هەیە
بۆیە خەمبار مەبە و بۆئەوانی مەکە
دڵنیابە ڕۆژێک ڕۆژگار ئەیهێنێتەوە سەر ڕێت

ئەبێ چ هەستێکی هەبوبێ باوکم ئەوکات کاتێک ئەو هاوڕێیەی مردوە. نازانم ئەبێ چاوەڕێ بکەم تاوەکو بزانم تا کوێ ئەڕوات هەر یەتەوە یانیش لەکۆتایدا هەواڵێکی لەسەر ئەزانم ئەبێ ئارامبم.

ڕۆژ تێپەڕی و منیش لەچاوەڕوانی کردنی پیرەژنەکە خەریک بوو بێ هیوا ئەبوم ڕۆژێک دوان.........

ئێوارەیەک لەکاتی نان خواردندابوین و قسەمان ئەکرد ڕاستی خۆشترین کات بۆ قسە کردن لای من کاتی نان خواردنە هەست ئەکەم باشتر نانم پێ ئەخورێت لەپڕ لەدرگا دراو دایکم کردیەوە.

-سڵاو من دراوسێ تازەکەتانم هاتم تاوەکو کەمێک لەم شۆربایەی دروستم کردوە پێتان بەم.

-ئای زۆر سپاس خاتونی میهرەبان، تکایە بۆنایەیت ئەم ئێوارەیە لەگەڵ ئێمە نان بخۆیت و پێکەوە بەسەری ببەین.

-بەڕاست ئەتوانم؟! بۆچی نا زۆر سپاس بۆبانگێشتەکەت.

کاتێک هاتە ژورەوە دایکم بانگی کردم ماریلا ماریلا میوانمان هاتوە وەک بڵێی ئەزانێ ئەیناسم ڕاستی پێشتریش بینیبوی کاتێک هاتبوو بۆلام بۆیە ئەیزانی، کاتێک بینیم چاوەکانم ئەبلەق ببون، قەت چاوەڕێم نەئەکرد لەم کاتەدا ببینمەوە بەڵام هەستێکی خۆشیشم هەبوو چونکە دەمێک بوو چاوەڕێم ئەکرد و لەکۆتایشدا هات.

ئێوارە نانمان خواردو ئێمە هەر بەدەم نان خواردنەوە قسەمان ئەکرد وەک بڵێی زۆر هاوڕێم بێت، دواتر هەرچەن دایک و باوکم ویستیان نەیبەمە ژورەکەم بۆئەوەی میوانداری کەن من ڕەتم کردەوەو وتم ئەمەوێ پێکەوە قسە بکەین و تکایە لێمان تێک مەیەن، کاتێک چوینە ژورەکەم پێش هەمووشتێک پرسیارم کرد.

-ئەرێ تۆ لەکوێ بوی ئەم چەند ڕۆژە؟!

-پێویست بوو ماڵێک بگرم لەنزیک ئێوە، کاتێک گرتم خەریکی گواستنەوە و کەل و پەل ڕێک خستن بووم ئەبێت بڵێم کە هیچ چارەیەکی ترم نەبوو

-کێشە نیە دەی بەڵام دواتر چی لێهات پێم بڵێ ئەو کورە چی لێهات؟؟؟

- بەڵێ بەتەواو عاشقی ببوم من هەنگاوەکانیشم لەگەڵ ئەوا بوو...

هەستمەکرد لەتەنیشمەوەیە قسەم لەگەڵ ئەکات و قسە ئەکەین. ئەو خۆشویستنە قوڵە بۆمن هەستێکی نامۆبوو، بەردەوام قسەم لەگەڵ خۆما ئەکرد ئەو ڕۆژە کە لای مریەم باسم کرد و پێم وت لە هاڵاوینەکە لەوێ بوو ناونیشانی جل و بەرگ و دەموچاویم پێدا وتی:

-ئەها مەبەستت جاکە.

-بۆ ناوی جاکە؟!

-بەڵێ ئەو کورە کەسێکی زۆر ساردە و لەو بڕوایەیا نیم قەت خۆشیبوێی، بەڵام لەوبڕوایەشا نیم لەهیچ پەیوەندیەک بێت کوڕێکی کەمێک سەیرە.

-لەچڕویەکەوە سەیرە؟!

-کەمێک نامۆیە حەزی لەتێکەڵاویەتی نیە، هاوڕێی ئەلفرێدە بەڵام هاوڕێیەتیەکی وانا کە هەمووشتێکی بزانێت شتانێکی کەم ئەزانێ لەبارەیەوە، حەز ئەکەی باسی ئەکەم و پێی ئەڵێم چۆن کوڕێکە ناوی تۆیش نابەم تەنها ئەپرسم.

-جا ئەوەم بۆئەکەی؟!

- بۆچی نا

-بەڕاست مریەم من زۆر سپاس گوزارتم.

چەند ڕۆژێک دواتر کاتێک مریەم هەواڵی بۆم هێناو باسی کردەوە

-باسم کرد لای ئەلفرێد.

-بەڕاست چی وت زۆر مەراقمە چەند ڕۆژە چاوەڕێی ئەوەم بت بینمەوەو باسی بکەی.

-کچێ پەلەمەکە هەمووی باسەکەم

-لای ئەلفرێد باسم کرد و پێم وت جاک کوڕێکی چۆنە؟

-بۆچی ئەپرسیت؟

-یەکێک لەهاوڕێکانمان کەوتۆتە داوی ئەوەوە.

-بەڕاست ئەمە کێیە ئەو هاوڕێیە!؟

-تۆ پێم بڵێ چۆن کوڕێکە ئەو دواتر ئەگەر ڕێک کەوتن خۆت ئەزانی کێیە.

-باشە جاک کوڕێکی خراپ نیە کەمێک ساردە بەڵام کەسێکە کە لەتەنگانەدا لەگەڵتە، کوڕێک کە بەواتەی وشە مەردە کەسێکی کەم دوە بەڵام کاتی خۆی هەمووکات قسەکان ئەکات هەندێک جار هەست ئەکەم کوڕی ئەم سەردەمە نیە هێندە کوڕێکی باشە لەگەڵ منداڵ منداڵە لەگەڵ گەورە گەورەیە، کەسێکە کە خۆی ئەگونجێنێت.

-لەپەیوەندی و شت هیچ پەیوەندیەکی نیە؟؟

-ئەونەی من ئەیناسم چەند ساڵە نا مەگەر بەنهێنی شتێکی ڕێک خستبێ ئەو هەرخۆی حەز لەتێکەڵاوی زۆر ناکات هاوڕێکانی هەمووی کوڕن بڕوا ناکەم هیچ هاوڕێیەکی کچی هەبێت

کاتێک ئەوانەم بیست زۆرم پێخۆش بوو وەک بڵێی وەسفی خۆمەکەن هێندەی تر لەپێش چاوما شیرین ببو ئەزانی کاتێک وەسفی کەسێک ئەکەن کە خۆشت ئەوێ هەست ئەکەی وەسفی خۆت ئەکەن هێندە پێت خۆشە.

وام لێهاتبوو بەردەوام باسمەکرد لای و زو زو هەواڵی ئەوی بۆئەهێنام، لەولاشەوە من کەوتبومە خەیاڵێکی تەواو لەگەڵ ئەو کوڕەیا بەڕادەیەک هەستمەکرد لەلامەوەیە! هەموو هەنگاوێکم ببوە ئەو..!! هەموو ئەوانە منیان زۆر دڵخۆشەکرد.

تا سەری ساڵ ئەم خەیاڵە بەردەوام بوو بۆیەک چرکەیش لەبیرم نەئەچوو لەماوەی ئەو چەند مانگەدا، بەڵام ڕۆژێک پێش سەری ساڵ مریەم هات بۆلام، و وتی:

بەتەماین بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ دووبارە هەمووومان کۆبیینەوە لەماڵ ئێمە. من سەرەتا حەزم لێی نەبوو، بەڵام کاتێک وتی بەتەماین جاکیش بانگێش بکەین من بڕیارەکەم گۆڕی و دەست بەجێ وتم:

-دڵنیای دێت؟

-نازانم جارێکە بەس بانگێشتی ئەکەین.

-بەڵام مریەم من لەبەر ئەو یەم

-خێرا ئێمەت گۆڕیەوە لەبەر ئەو چ بێوەفایت، باشە هەوڵی خۆم ئەیەم ئەبێت هەربێت بێخەمبە.

من زۆر دڵخۆشبوم و ئەو ڕۆژە بەدوای جلا ئەگەڕام، ئەوکاتە هەستمەکرد هیچ جلێکم نیە کە شایستەبێت و کاتێکی واشیم لەبەر دەست نیە بۆ بازاڕیەکی باش ئەو درەنگ پێمی وتوە لانی کەم.

دوای گەڕانێکی زۆر جلێکی شایستەم دۆزیەوە نازانم شتانێکم بەسەر یەکا تێک یابوو پێشەوە بەسۆفیاشم وتبوو بێت تاوەکو بەتەواوی جلەکان ڕێک بخەم و بەجوانترین شێواز دەربکەوم دوای هەوڵێکی زۆر و خۆ ڕێک خستنێکی ئێجگار زۆر لەگەڵ سۆفیا شتێکمان ڕێک خست کە نازانم لای من زۆر وانەبوو، بەڵام سۆفیا زۆر بەسەریا هەڵەیا.

نازانم لەوانەیشە ئەویش زۆر بێزار بوبێت بۆیە وا بەسەری هەڵئەیا.

قەت لەو بڕوایە نەبووی چۆن کات لەمن ئەڕۆی، زۆرکات ئەڵێن کاتێک تامەزرۆی شتێکی کات ناڕوا ڕێک هەر سەعاتێک لای من ساڵێک بوو. چاوەڕوانی زۆر ناخۆشە، دڵنیاشبوم کە ئەو کاتەش هێندە کەمەبێ بەقسە کردن لەگەڵ جاک هیچ کاتم نامێنێتەوە، لەوانەیشە هەر قسە نەکەین کێ ئەڵێ ئەسڵەن من خۆم دروستم کردوە لەمێشکی خۆمدا، بەڵام لەکۆتایدا سەری ساڵ هات نازانم بۆمن سەری ساڵێکی ئێجگار جیاوازبوو، منێک کە قەت گرنگیم بەسەری ساڵ نەیاوە و پێم وانیە تەنها لەو ڕۆژەیا بتوانم دڵخۆشبم، بەڵکو هەرکات بمەوێ ئەتوانم. بەڵام ئەم سەری ساڵە وانابینم بەڵکو تایبەت ترینە لای من.....

کاتێک گەشمە ئەوێ جاک لەوێ بوو کاتێک بینم دڵم خێرا لێی ئەیا،..!! زۆر ئەترسام،! لەکاتێکیشا کە هەستم بەئاسودەی ئەکرد ئاسودەیەکە ئەزانم کە هەبونی ئەو بوو، خێرا لێیانی دڵیشم هەمان شت بوو وەک خەونێک ئەهاتە پێش چاوم..!! کە دەمێک بێ چاوەڕێی کەم و بەڕاستیشی نەزانم کە هاتبێتە خەونم یان چاوەڕێی هاتنیم نەکردبێ، مناڵێکی کچ چۆن خۆشحاڵە بە جلێکی تازە یان پێڵاوێکی تازە کە بۆی ئەکڕن لەناخەوە ئەو دڵخۆشیەم هەبوو بەڵام نازانم ترسی چی هێندە ئەزانم کە ئەم حاڵەتەی من توشی ببوم کاتێک توشی هەم شڵەژان و ترس و هەمیش ئاسودەی.

لەکەسێکە کە زۆر تایبەتە لات ئەگینا قەت ئەو هەستە دروست نابێ.

سەرەتا کە هەر لەدورەوە ئەمڕوانی لێی هەڵبەت بەشەرمێکەوە چونکە نەمئەویست هەستی پێبکات بۆیە زو زو بەژێر چاوێک سەیرم ئەکرد، بەڵام دواتر مریەم هەستی پێکرد و ئەوی هێنایە لام و مریەم دەستی کرد بەقسە کردن و یەک تر ناساندنی ئێمە و ئەیویست لێک نزیک بینەوە نزیکی نیو سەعات زیاتر مریەم قسەی کرد و هەوڵی ئەیا جوابی یەک بەینەوە دواتر کاتێک کەوتینە قسە کردن، مریەمیش بیانویەکی دۆزیەوەو ڕۆشت و دورکەوتەوە لەئێمە. دڵنیام بیانو بوە بۆئەوەی من ئاسودەببم بەتەواوی چ قسەیەک بمەوێ بیڵێم، هەر لەقسە کردنا بوین بۆم دەرکەوت، کە چاوەکانی بریسکەیەتی تایبەت ئەیات نەک تەنها ڕەش ڕاستی مریەمیش وتبوی بەڵام وەک بڵێی کە زیاتر بۆم بوبێتە واقیعێک، هەر وەک وتبویان جاک کوڕێکی گۆشەگیرە و حەزی زۆر بەقسە کردن نیە و تێکەڵاویەتی زۆر ناکات،


بەدڵنیایەوە قسەکان ناخۆشن بەڵام گوێیەکانت کەڕ بکەو
چاوەکانیشت کوێر، دواتر ئەوەی ئەتەوێ بیکە
ئەگەر خودا حەرامی نەکردبێت شتێ خودا حەرامی نەکردبێ هەڵە نیە

تەنها بەناو برادەرو دۆستی هەیە، واتا زۆر نزیک نین لێکەوە لەگەڵ کەسا نەک تەنها ئەلفرێد و هاوڕێکانی ئاگاداری زۆر شێتکی نین و کەمێک توند بوو لەگەڵ خەڵکا زیاتر دیاربوو هی گۆشەگیریەکەی بوو، کاتێک قسەی ئەکرد سەرکوڵمەکانی لەشەرما سور ئەبوەوە، بۆ نزیک بونەوەی لێی سەخت تر ئەبوو.

من ئەترسام بۆ ئەوەی قسە بکا، هاوڕێیەتی دروست بێ زۆری پێ بچێت یاخود هەر نەبێتە هاوڕێشم بەڵام ئەمزانی کە ئەگەر سیقەی بەدەست بهێنم ئەوە دڵیشی بەدەست ئەهێنم چونکە عادەتی کەسە گۆشەگیرەکانە ئەوان کەم سیقە ئەکەن، بەڵام کە کردیان ئەتوانم بڵێم هەموو شتێکت بۆئەکەن و تایبەت ترین ئەبن بۆت و بۆم دەرکەوت کە کوڕێکە لەناو خەڵکە کە زۆر ئەچێتە دڵەوە، بەڵام ئەو کەسی لاگرنگ نیە. ئەوەیش منی دڵخۆشەکرد چونکە بەو شێوازە ئەزانم کە هیچ ئافرەتێک لەدڵیدا نیە، چواردەوری خێرا سیقەی پێئەکەن، ئەو حەزی لەئیشی تەختە زۆرە واتا کاژمێری دار و ئیشی دار بەعام شتە دروست کراوەکان منیش لەبەر ئەو وتم بەڕاستی منیش زۆرم حەز پێیە لەکاتێکا هیچیش وانەبوو، زانیم کە سێ ساڵ لەمن گەورەترە واتا بیستو چوار ساڵە.

بیانویەکم دۆزیەوە کە بتوانم ڕۆژێک لەگەڵی بچمە دەرەوە ئەویش ئەوە بوو کە دوکانێک ئەزانم بەتایبەت ئیشی دەستیان هەیە و شتی ئێجگار جوانیان هەیە ڕاستیەکەی چەند جارێک لای دوکان دارەکە شتی تایبەتم داوا کردبوو کە کەس نەیبوو ئاخر من بەدوای شتی تایبەت ئەگەڕام بۆئەوەی سەرنج ڕاکێشیم بمێنێتەوە، پێم وت کە بچیت و پێت پشان بەم شتەکانی، سەرەتا کە وتم زۆر ئەترسام ڕەتی کاتەوە، بەڵام ئەو هێندە حەزی بەو شتانە بوو ڕازی بوو من زۆر دڵخۆشبوم بەوەی کەڕازی بوو وەک بڵێی دیاریەکی زۆر

گەورەم پێشکەش بکەن زۆربەی کات شتانی بچووک تەنانەت بە بەڵێ و نەخێریش ئەکرێ مرۆڤێک زۆر دڵخۆشکات بەڕادەیەک کە بیری لێناکەیتەوە، کە چۆن هەستێکە هەتا بەسەرت نەیەت.!بیرکەرەوە شتێک کە زۆر بەتەمای بیت و بۆت ڕێک کەوێ حەز ئەکەیت لەویایا پڕ بەدەنگی خۆت هاوار بکەیت و

پێبکەنی بیربکەرەوە خۆشترین کاتت چی بوو کاتێک ئەو هەستەت بەسەر هاتووە دڵنیام ئێستا زەردەخەیەنەک ڕوت دائەگرێت و لەو هەستە تێئەگەیت.

لەڕێی مریەمیشەوە ناونیشانی ماڵیانم زانی، دواتر بیانوم بە باوکم گرت و کە ئەمەوێ بەتەنهابم و ماوەیەک ماڵێک بەتەنها بگرم چونکە بیانوی ئەوەم هەبوو خانوەکە دڵتەنگم ئەکات تاقەتم لێی نیە و بێزارم تیایا خانویەکم لەنزیک ماڵی جاکەوە گرت بۆئەوەی شتەکان بکەمە سوتفەو لێیەوە نزیکبم، بەڕاستی ئەبێ بڵێم زۆر دڵکراوە بوو شتەکانم ڕێک خست و گواستمەوە نزیک ماڵی ئەوان و لەماڵێکدا نیشتەچێ بووم. من زۆر دڵخۆشبووم، ئەو ڕۆژانە بۆمن ئێجگار تایبەت بوو کاتێک هەست بکەی ئازیزێکت لێتەوە نزیکە لە هەمان هەوا هەناسە ئەیەن لەژێر هەمان ئاسمانن ئەوە جوانترین و تایبەت ترین هەستت بۆ دروست ئەکات!. لە کۆتایشدا ئەو ڕۆژە هات کە ئێمە دامان نابوو بۆیەک بینین ڕاستی با بڵێم بۆ ڕۆشتن بۆ دوکانەکە نەک یەک بینین چونکە ئەو نیازی بینینی من نەبوو بەڵکو شەیدای دروست کراوە تەختەکان بوو، ئەوە تەنها بۆمن بوو بینین، ئەو ڕۆژە کە چوین بەجدی هەستم کرد کە ئیشی تەختە زۆر جوانیش بێ بەڵام پێشتر من هەستم پێنەکردبێت و بەدەم سەیر کردنی شتەکانەوە قسەمان ئەکرد و زو زو ئەیوت ئەها ئەوە زۆر جوانە هێندە قسەم کرد و گوێی ئەگرت و جار جار زەردەخەنەی بۆ ئەکردم کە ئەوە دڵی ئەبردم. خانویەکی بچوکی بۆمن کردە دیاری وەک سپاس گوزاریەک بۆ ئەوەی کە ئەوم هێناوە بۆ ئەم شوێنە جوانە. دواتر کاتێک گەڕاینەوە پێی وتم کە لەکوێ ئەژیت ڕاستی ئەوە سەری سوڕما بوو کە بەیەکەوە بێ ڕێگە جیا کردنەوە منیش ناونیشانم کە پێدا و پێی وتم چۆن تا ئێستا تۆم نەبینیوە؟ ئەوەندەش لەیەکەوە نزیکین.؟!

پێکەنم و پێم وت کە تازە هاتوم و خانوەکەی خۆم بێزارکەربوو ئەمویست لە شوێنێکی نوێ بژیم، و ژیانێکی نوێ بژم ماوەیەک لەوانەیشە دواتر بڕۆمەوە ماڵی خۆم دواتر پێکەوە گەڕاینەوە و من وام لێهاتبوو بەردەوام چاودێریمەکرد و خۆم دەرەخست لای و بەسوتفە شتەکانم پێکەوە ئەبەستەوە. وام لێکردبوو کە زۆربەی کات بیەوێ قسە بکا هەندێک جار خۆی ئەیوت کە بچینە دەرەوە یان هەندێک جار لەشوێنێکی گشتی یەکمان ئەبینی ڕاستی من کە ئەچوم ئەویش ئەیزانی لەوێ ئەبم و ئەهات هەندێک جاریش ئەیوت لەبەر تۆ لێرەم، هەندێک جاریش خۆی وا خۆی

دەرئەخست کە سوتفە بووە و هاتوە. دوای مانگێک جاک پێی وتم کە خۆشی ئەوێم لەوانەیە پێت سەیربێ بەمانگێک چۆن دڵ ئەگۆڕێ بەڵام کاتێک کەسێک گۆشەگیرەو هەست ئەکات کە کەسێک بەدەوام لەگەڵی ئەبێت و حاڵی دڵی باش ئەکات ئەوکات ئەزانی کە لەوانەیە لەماوەی مانگێکا نەک خۆشویستن ئەکرێ عاشقیش ببێت!. و ئێمەش بوینە خۆشەویست و ڕۆشتمە لای مریەم و خێرا باسم کرد کە جاک چی وتوەو چی نەوتوە دڵخۆشترین مرۆڤی دنیابووم ئەوکاتە و دواتر لای ئەلفرێدیش باسمان کرد و پێکەنی و وتی:

-تۆ کچە شەیداکەی ئێمەی؟.

-هههه بڵێم چی.

-پیرۆزە جاک کوڕێکی زۆر باشە و هاوڕێیەتیشمان نزیکتر ئەبێتەوە بەبۆنەی تۆوە کەوایە ئێستا بۆچی زاوا خۆشبەختەکەمان لەگەڵتا نیە؟

-پێم نەوتوە کە یەم بۆئێرە زیاتر پلان بۆ داڕێژراو بوو بۆیە نەمئەویست کاتێک هاتم بۆئێرەو باسیکەم خۆشی لێرەبێت و بزانێ.

-شتێکی باشت کردوە دوبارە پیرۆزە.

من و جاک زۆربەی کاتەکان بەیەکەوە بەسەر ئەبرد و یەکمان ئەبینی و ئەگەڕاین و شوێنێکمان ئەدۆزیەوە بۆ گەشتی خۆمان. ڕۆژێکیان کاتێک قسەمان ئەکرد باسی خێزانەکەی کرد... پێی وتم کە خوشک و برایەکی هەیە. براکەی ناوی مایکلە و خوشکەکەشی ناوی کاترینە. و پرسی ئەی تۆ؟

منیش وتم کاتێک منداڵ بوم دایکم مردوە و تاقانەم تەنها خۆم و باوکمین ئەویش زۆربەی کات لەگەشتە، بڕیارماندا بۆ ناسینی خوشک و براکەی بچینەماڵیان و بۆئێوارە لەوێ بمێنمەوە منیش کاتێک ئەمجارە باوکم هاتەوە کە ڕاستی تازە ڕۆیشتبویش بەڵام کاتێک هاتەوە بچم بەباوکمی بناسێنم.

من یەکەم جارم بوو ماڵەوەیان ببینم تەنها لەدوورەوە بینیبوم و نەشمئەزانی ئەبێ چۆن ڕەفتار بکەم، یانی کە ئەبێ  چی بکەم یان ئەوان کاردانەوەیان چۆن ئەبێت. ئای خوایە بەڕاستی شڵەژابووم و ئەترسام هەڵەیەک ئەنجام بدەم! کۆمەڵێک بیرۆکەی سەیرم هەبوو کە وای لێ ئەکردم هەست بکەم شتەکان تێکەیەم. بەڵام هەوڵمەیا خۆم ئارام بکەمەوە هەرچۆنێکبێ ئەزانن چی هەستێکە کە بۆ یەکەمجار خێزانی ئەوکەسە ئەبینی کە خۆشتئەوێت، لەکۆتاییدا دوای ئەو هەموو شڵەژاویە ڕۆژی یەک بینین و ئاشنا بوون هات، کاتێک چوم بۆ ماڵیان براکەی زۆر ڕێزی لێ ئەگرتم بەڵام خوشکەکەی جاک وەک بڵێی زۆر توڕەیە لێم بڵێسەیەکی ئاگرم لەچاوەکانی ئەبینی مایکڵ کوڕێکی ڕوخۆش و باڵا بەرزێکی قژ زەرد

بوو و کەسێک بوو وەک جاک ئەچوە دڵەوە، بەڵام کاترین کەسێکی ڕەش داگرساوی مۆن بوو کە لەوانەیە بەتەنها نیو سەعات لەگەڵی تەحەمول نەکەیت بەڕاستی هێزی نێرگەتیڤیت پێ ئەبەخشێت. هێندە هەستم بەشەرمەزاری ئەکرد وەک بڵێی ئەرکم لەسەر کۆڵەکانی بێت و لێم بێزاربێ. کاتی خوانی ئێوارە هات، کاتێک ویستم یارمەتی خوشکەکەی بەم زۆر بەخراپی بەرپەرچی یامەوە و نەیهێشت تەنانەت دەست لەقاپەکانیش بەم ئەو ڕەفتارەی بەتەواوی هێندەی تر شەرمەزاری کردم بەڵام هیچم نەوت،  جاکیش هەستی پێکرد بەڵام بەڕوی خۆی نەیهێنایەوە نازانم بۆچی بەڵام وەک بڵێی بزانێ بۆچی وائەکات و بترسێت لەوەی شتێک باسکات و بیدرکێنێت نازانم من واهەستم کرد. چومەوە شوێنی خۆم و لەگەڵ مایکڵ و جاک قسەو گاڵتەمان ئەکرد هەتا کەمێک ئەوەی لەگەڵ کاترین ڕویدا بیرم چوویەوە. دواتر دەستمان کرد بەیاری دامە من زۆر شارەزام لەیاری دامە هیچ کەسێک هێندەی من شارەزای نیە بۆیە ئەمزانی ئەیبەمەوە، دوای یاریەکە جاک بردمیە ژورەکەی و پێی نیشان یام ژورێکی کەمێک تاریک بوو بەڵام شێوازێکی جوانیش بوو ڕاستی ئەو خۆی تاریکی کردبوو ئەگینا دڵنیام بەشێوازێک بەدڵی خۆت ڕێکی بخەیت زۆر خۆش و دڵکراوە ئەبوو بەڵام لانیکەم ئەوە

ژوری کوڕە بۆیە ئەبێ هەروابێت.

جاک زۆرکات ملوانکەیەکی لەملا بوو کە ملوانکەکە مورووی شینی پێوە بوو ئەبریسکایەوە وەک ئەڵماس بوو، بەڕاستی زۆر سەرنج ڕاکێش و زۆریش جوان بوو! بەڵام ئەمڕۆ ئەو ملوانکەیەی لەمل نەبوو داینابوو لەژوورەکەی بێ ئەوەی پرسی پیبکەم هەڵم گرت و هەر ئەوەندەی ویستم بڵێم چەند جوانە....

بەڵام جاک کاردانەوەەکی زۆر سەیری هەبوو و زۆر بەخراپی توڕەبوو!، باشە ملوانکەیەک ئەوە ئەهێنێ هێندە لەسەری تورەبیت.؟

ملوانکەکەی بەخێرای لێسەندم منیش تاسابووم بەو ڕەفتارەی.. بەڕاست زۆرم پێناخۆش بوو تاڕادەیەک کە هەستی پێکرد کە دڵم پڕبوە بەڵام هەر زوو هاتەوە سەر خۆی زۆر داوای لێبوردنی کرد، دەستی کرد بەقسە کردن و وتی: ببورە ئازیزم ئەوە دیای دایکمە و زۆر بەلامەوە گرینگە و ئەبێ بیپارێزم، ئەیپارێزم تاوەکو هیچی لێنەیەت. بۆیە کە تۆ دەستت لێیدا ترسام شتێکی لێبێت، ئەمە زۆر شتێکی زۆر ناسکە کە بەبچوکترین کەوتنە خوارەوە ئەکرێت لەناو بچێت ئەمەیش تاکە یادگاری منە لەوەوە، پێشوتر هەرگیز نەمهێشتوە هیچ کەسێک دەستی لێبات. بۆیە منیش لێی خۆشبوم و بەهەندم وەرنەگرت و لەبیرم کرد، گەڕامەوە ماڵەوە سەردانیەکە لەوە باشتر بەڕێوەچوو کە بیرم لێ ئەکردەوە...وای لێهات ماوە ماوە ئەچووم بۆ سەردانیان گوێم بەخوشکە مۆنەکەی نەئەیا و هەرشتێکی ئەوت ئیهمالم ئەکرد لانی کەم ئەو خوشکی خۆشەویستەکەمە نامەوێت جاک بکەوێتە بەینی من و کاترین، بەڵام بەپێچەوانەی کاترینەوە لەگەڵ مایکل زوو بوین بە هاوڕێ. هەندێک جار هەستم ئەکرد کە بەزەیی پیاما بێتەوە نازانم لەوانەیە من وام بینیبێت بەڵام ئەو هەستە نامۆبوو ئاسودە نەئەبووم پێی، نازانم بۆچی بەڵام ئەزانم ئەو ڕەفتارە تیایدا ڕەنگی ئەیایەوە

دوای مانگێک باوکم گەڕایەوە پێش هەمووشتیک هات بۆلای من لانی کەم من تاکە سامانی ئەوم لەم ژیانەدا و هیچ کەسێکی تری نیە بۆیە هەست ئەکەم ئەوە شتێکی ئاساییە کە پێش هەمووشتێکی بێت من ببینێت بەڵێ بیرمە درەنگانێک درا لەدرگا کاتێک کردمەوە باوکم بوو تەنانەت چاوەڕێی ئەوەشی نەکردبوو کە بەیانی بێتەوەو بێت بۆلام هەستمەکرد کە زۆر بیری کردبێتم و لەئامێزم گرت و دەستمان کرد بەقسە



ئێرە جێهانێکی ڕەشە
هەمووشتێک بۆتە ڕەش
بەڵام ئەتوانین ببیتە ڕوناکی زۆرکەس

کردن دواتر بابەتی جاکم لا باس کرد کە خۆشمەوێت و خۆشەویستمە باوکم کاتێک زانیت پێی وتم ئەمەوێ بیبینم و قسەی لەگەڵ بکەم بەیانیەکەی جاک خۆی هات و باوکمی بینی دوای هەواڵ پرسین و ناساندنیان بەیەک باوکم پێی وت ئەمەوێ ئەمشەو لەماڵ ئێمە بیت و دەعوەتێکی بچوک لەلایەن ئێمەوە بێت بۆیەکتر ناسینی زیاتر ناسینی جاک ڕازی بوو ئێوارە هات و من زو چوم بۆماڵە کۆنەکەی خۆمان واتا ئەو ماڵەی کە خۆم و باوکمی تیا ئەژین خۆمم ڕێک خست و نانیش زۆر جوان ڕێک خرابوو باوکم وەک بڵێی جاکی بەدڵ بێ نازانم چی ئەوی بەدڵ بوو بەڵام خێرا چوە دڵیەوە ڕێزی لێئەگرت وەک زاوایەک جاکیش وەک بڵێی ڕێزێکی تایبەت لەباوکم بگرێت. هەتا باوکم ڕۆیشەوە من ئەوکاتانە لەوێ بووم ڕاستی نەمزانی لەوێبم یان نا باوکم هەر لەگەڵ خۆما ئەبێت هەتا ئەڕواتەوە بۆ وڵاتێکی تر کاتێک نزیکی ڕۆشتنی هاتەوە باوکم ئەمجارە حەزی ئەکرد منیش لەگەڵی بڕۆم بەڵام من بەڕاست نەمئەتوانی بێ جاک بڕۆم ئەمزانی هەربیرم لای ئەو ئەبێت باوکم ئەیزانی هۆکارەکە جاکە هەرچەن جاک کەسێک بوو ئاسان قبوڵی نەبوو بەهیچ شێوازێک لەسەر حسابی هیچ کەسێک بچێت بۆ گەشت یان شتێک بکات دوای هەوڵێکی زۆری باوکم جاک ڕازیبوو بەڵام بۆ ئەمجارە نا چونکە بۆی ناکرێت و کێشەی ئەبێ منیش لەبەر ئەو مامەوە بەڵام بەڵێنی یا بۆگەشتی داهاتوو لەگەڵ باوکما بڕۆین و بگەڕێین.

کاتێک باوکم ڕۆیشەوە هەستم زۆر بەتەنهای و بێتاقەتی ئەکرد بەڵام باش بوو کە جاک هەبوو لەئێستایا زو زو ئەیبردمەوەو ماڵەوەیان لەگەڵ مایکلا یاری کارتمان ئەکرد و بەردەوام من براوە بووم هەموو کات زیاتریش لێی ئەبوە مەراق و ئەیوت ئەبێ هەر بیبەمەوە. شەوێکیان کە لەوێ مامەوە بارانێکی زۆر ئەباری

جاکیش نەیهێشت بچمەوە ماڵە خۆم ئەو شەوە لەماڵیان مامەوە، چوینە ژورەکەی جاک بردمی تاوەکو دیاریەکم پێشکەش بکات پێی وتم ئەبێ چاوەکانت دابخەی هەتا خۆم ئەڵێم بیکەرەوە کاتێک پێی وتم چاوەکانت بکەرەوە سەعاتێک بوو.

سەعاتەکە بەڕاستی زۆر جوان بوو ناوەکەی سپی بوو قایشەکەشی ڕەش بوو ژمارەکانیشی ئەبریسکانەوە بەتاریکی ئەو شەوە بۆیەکەم جار داوای ملوانکەکەم لێکرد و خستیە ملمەوە و سەیری خۆمم ئەکرد بەڕاستی زۆر جوان بوو هەستم

ئەكرد زۆر لەمن ئەوەشێتەوە و شتێکی ئێجگار تایبەتە دواتر کە تەنها بۆ سەیر کردن دایە دەستم، سەیرم ئەکرد وەک بڵێی موروەکانی ئەوباتە ناو دەریاوە شتی وا سەرنج ڕاکێشم نەبینیبوو و هێندەیش بتباتە قوڵای خۆتەوە.

هێندەم زانی مایکڵ بەپێکەنینەوە هات و وتی بارانەکە وەستاوە ئێستا خۆشترین کاتە تا بچینە دەرەوە هێندە لەپڕ هاتە ژورەوەو قسەی کرد و منیش لەو خەیاڵێکی قوڵەوە لەپڕ هاتمەوە دنیاکەی خۆم و لەپڕا بەو قسەیە ترسام و ملوانکەکەم لەدەست کەوتە خوارەوە و هێندەم زانی جاک بووە بونەوەرێکی ترسناک کە قەت شتی وام نەبینیبوو!.

کە هێندە ترسناک بوو لەوانەیە بەتاریکیا بتبینیایە زیرەت بکردایە، یاخود بمریدتایە. منیش بەهەرچی هێزمەوە قیژاندم و ڕام کرد ئەوکات تێگەشتم کە هەندێک جار دنیا ئەتهێنێتە حاڵەتێکەوە کە هەست بکەی لەخەودای و بتەوێ لێی بەخەبەر بێی و هاوار بکەی بەڵام دەنگت دەرنەیەت!. لەکاتێکا زۆر پێویستتە ئەگینا هەستەکەی ئەخنکێیت.

بەڵێ بەڕاکردن بێ ئەوەی بیر لەهیچ بکەمەوە ڕام کردە ماڵەوە بەدەم ڕێگاوە فرمێسکم ئەڕشت بۆیەک چرکەیش فرمێسک نەوەستا هەتا دەرگاکەم کردەوەو چومە ژورەوە هەرچۆنێک بێت بەدەم گریانەوە ئەمویست خۆم کۆنترۆڵ بکەم و بێمەوە سەرخۆم بەڵام کەمێک قورس بوو هەتا هاتمەوە سەرخۆم. نیو سەعات دواتر هێندەم زانی لەدەرگا درا کە کردمەوە جاک بوو کاتێک بینیم ویستم دەرگاکە داخەم و نەهێڵم بێتە ژورەوە بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو چونکە ئەو بەهێزتربوو، هاتە ژورەوەو دانیشت من ویستم بەهەرشێوازێکبی خۆمی لێبدزمەوە و بڕۆمە شوێنێکی تر لانیکەم لەدەستی ڕزگارمبێ.

بەڵام قۆلی گرتم و پێی وتم: کەمێک گوێم بۆ بگرە ئەزانی من هیچ خەتابارنیم.

دانیشت سەرەتا هیچ وشەیەکی نەوت تا چەند دەقەیەک و دواتر دەستی بەقسە کردن کرد:

-ئەزانی قەت ناتوانم ئازار بەتۆ بگەیەنم!.

-کێ ئەزانێ ڕۆژگار شتەکان ئەگۆڕێت کێ ناڵێ بتوانی؟

لەوتنی هەر وشەیەک لەوشەکانم ئەترسام و هەناسەم توند ئەبوو زۆر هەستی پێئەکرا و بێ ئەوەی بمەوێ لەوشەکانما لەرزین دروستبوبوو زمانم ئەیگرت دواتر دەستم کردە گریان ویستی دڵنەوایم کات و لەئامێزم بگرێ بەڵام من لەخۆمم لێ دورخستەوە و وتم:

-تکایە لێم دورکەوە!.

-بەڵام لەیلا تکایە تکایە کەمێ گوێم بۆ بگرە.

-سودی چیە گوێ گرتن لێت؟

-سودی ئەبێ تەنها گوێ بگرە ئەگەر کەمێک خۆشت ئەوێم.

-باشە کەوایە قسە بکە.

-ئەوە نەفرینە لەمنا ئەو ملوانکەیە هێزی منە!

-چی؟! مەبەستت چیە؟ تۆ نەتوت هی دایکمە و نامەوێت شتێکی لێبێت

- نەخێر وانیە، تەنها نەمئەویست تۆ بترسیت و لێم دورکەویتەوە. مامم ساحیرە کاتێک مناڵ بووم ویستویەتی دوای خۆی من بەردەوام بم و بەسحر هێزی منی خستۆتە ئەو ملوانکەیەوە. هێزێکی زۆر جیاوازم هەیە بەڵام ئەو هێزە نامێنێ ئەگەر ملوانکەکە لەناو بچێت

-بەڵام ئەو هێزەت بۆ چیە با نەمێنێ؟

دواتر بۆچی نەبوویتە ساحیر و بەس بۆتۆی هەڵبژاردوە؟!

-من لەناو ئەچم ئەو هێزە نەمێنێ، پێمەوە پەیوەستبووە. من نەمویست ببمە ڕۆحێکی شەڕەنگێز بۆیە ئەو هەرگیز نەیتوانی بەسەرما زاڵبێت تا خۆم بەو هێزە ڕازی نەبم. هیچی پێنەکرا تاکە هەڵبژاردە کە بۆی مابویەوە ئەوەبوو نەفرینم لێ بکات و دڕندەیەک لە ناخما بەند بکات، من ڕۆحێکی تایبەتم هەیە بەشێوەیەک تا خۆم نەمەوێ ئەو دڕندەیە ناتوانێ بەسەرمدا زاڵبێت و قەت زاڵ نابێت تەنها ئەوکاتانە نەبێت کە ملوانکەکە شتێکی لێیەت کاتێک ئەویش شتێکی لێهات ئەوکاتە ڕۆحە شەڕەنگێزەکە من لەناو ئەبات و بێئاگا، لەوەی خۆشی لەناو ئەچێت بەڵام لە بچووکترین ئەگەری توڕەبوونم بەشێوەیەکی شێتانە توانای زاڵبوونم نامێنێت!.

تەنها ئەو کەسانەی خاڵێکی شین بە پشتە ملیانەوەیە بەشێوەی شێرە ئەو هێزە تایبەتەیان هەیە وە ئەو کەسانە لەلایەن کەسانی ئاساییەوە جیاناکرێنەوە! تەنها ئەو کەسانەی کە بە هەمان هێز خەڵات کراون ئەیان ناسنەوە یاخود ئەوانەی شارەزان بەبینینی ئەو نیشانەیە ئەزانن، هەندێک جار گومانیشیان هەیە لەو کەسە بۆیە ئەبێ سەیری ئەو خاڵە بکەن.... لەیلا، من ناچارنیم ئەمانە بەکەس بڵێم و ڕوونکردنەوە بۆ کەس بدەم!.

بەڵام ئەزانی من تۆم زۆر خۆشەوێت و ناتوانم دەستبەردارت ببم هەتا ئەگەر تۆیش منت نەوێ من هەر تۆم ئەوێت هیچ کاتێک چاوەڕێ مەکە وازت لێ بهێنم، هیچ کاتێک!. تۆ تەنها هی منیت!.

-هم... نازانم بڵێم چی!، من ترساوم وە نازانم چی بکەم من..من هیچ شتێک لەو بارەیەوە نازانم وە لەوانەیە شتی زۆر خراپتر ڕووبدات!...بەڵام ئەو ترسە ئەوە ناگۆڕێت کە خۆشمەوێی ئیتر نازانم چی ڕوئەیات من هەمووکات لەگەڵت ئەبم دڵنیام ڕێگایەک ئەدۆزینەوە تا نەفرینەکە بشکێنین!......

چەن ڕۆژێک بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەڕی. جاک ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر خۆشیئەویستم وەک بڵێی بیەوێ کوێرم بکات لەخۆشویستنی و وابکەم بیرنەکەمەوە لەداهاتوم و ڕازی ببم وە منیش ترس بەتەواوی بەسەرما زاڵ ببوو. مێشکم هیچ ئەوانەی قبوڵ نەئەکرد، دڵیشم کە وەک بڵێی دڵم شەڕ لەگەڵ مێشکم کات و ئازارم بات!، هەستێکی زۆر ناخۆشە کاتێک بەبۆنەی ترسەوە بتەوێ لە کەسێک ڕابکەیت!

لەولاشەوە مێشکت پێت بڵێ لەدەستی ئەدەیت، دڵیشت داوای هەبوونی بکات نازانم وەک هەناسە توندیەک وایە کاتێک ئەو دوانە ئەیکەنە شەڕ مێشکت کە زاڵ ئەبێ ئیتر دڵیشت دەست ئەکات بەنەخۆش خستنت و کەوتنت لەجێگە مێشکم ئەیوت لەدەستی ئەیەیت بۆیە خۆت لەگەڵ نەبوونی لەئێستاوە ڕابهێنە، کە ئەوە دڵم زۆر ترسێنێ. لەولاشەوە جاک زیاتر لەجاران خۆشەویستی دەرئەبڕی و هەموو هەوڵێکی ڕازی کردنەوەی دڵم بوو، وەک بڵێی هەستی بەوە کردبێت کە لە خۆشویستنی ترسێکی ئێجگار گەورەم هەیە.! دوای ماوەیەک باوکم هاتەوە ئەمجارە زوتر لەجاران هاتەوە و بێ ئەوەی هیچ شتێ بوترێتەوە جاک خۆی باسی کردەوەو ئەیویست کە بچین بۆ گەشت بەیەکەوە بەڵکو لەبیرم بچێتەوەو شتەکان بگۆڕێت کاتێک هاتینەوە سەرەتا بەکەشتی گەڕاین نزیکی مانگێک بەڕێگەوە بوین من دڵخۆش نەئەبووم باوکم هەستی بەشتێ کردبوو زو زو پێی ئەوتم کچم هیچ شتێک بوە؟ تەنها وەلامێک کە یابێتمەوە نا باوکە گیان بەڵام باوکم بڕوای نەئەکرد و ئەیزانی شتێک هەیە بەڵام نەیئەزانی چیە. جاکیش کە بەو شێوازە زیاتر چاوی لەمن ئەبوو هەموو شتێکی ئەکرد تاوەکو تەنها نەبم بەڵام من ترس کاریگەری خراپی لەسەر دروست کردبووم کە ئەمویست بەهەرشێوازێک بێ لە خۆمی دورخەمەوەو و بڕوات لام و ئیتر خۆشینەوێم یەکەم جار بوو ئەمجارە گەشت بکەم بۆ ئەم وڵاتە کە بەڕێوەبووم بۆی، یەکەم ئەزمون بوو تا ئێستا گەشتم بۆ وڵاتەکانی ئەوروپا کردبوو بەڵام ئەمجارە کێشوەرێکی تر بوو مرۆڤەکانیان شێوازێکی تر بوون وڵاتێکی کەمێک سەیر بوو لەکێشوەری ئاسیایە وڵاتەکە ناوی چینە کەسانێکی دەم و چاو پانی چاو بچوکن پێستێکی زەردیان هەیە و باڵایەکی بچوکیش، لەوێ شتانێکی جیاوازتری لێبوو لە وڵاتەکەی خۆمان کلتوریان زۆر جیاوازتر بوو شتێکی خراپ نیە هەندێک جار کلتوری جیاواز ببینی وەک ئەوەیە کە ژیانێکی تریش بژیت باوکم لەبەر من و بێتاقەتی من ئەمجارە هەر زو کۆتای بەئیشەکەی هێنا بەڵام نەڕۆشتەوە ئەمجارە ویستی کەمێک کات بەسەر بباتو هیچ نەبێ ئەوەی دڵی کچەکەی دەربهێنێ بەس هیچ سودێکی نەبوو زۆرکات ئەچوون لە شوێنێک نانمان ئەخوارد ئا با ئەوە بڵێم وڵاتەکە کە زۆربەی زۆری سەوزاییە و کەشو هەوایەکی مامناوەندی هەیە یانی شێدارە کە ئەو کەش و هەوایە کەش و هەوایەکی زۆر خۆشە بەڵام بەجدی زمانیان زۆر جیاوازە کە هیچ تێناگەم بەڵام کەسانێکی شیرین دیارن کاتێک گەڕاینەوە



ژیانی مرۆڤ و تەمەنی
پەیوەستە بەشتە جوانەکانی کە کردویەتی لەژیانیا

لەگەشتەکە هەستمەکرد کەمێک باشترم و شتەکانم لەبیر کردوە و چاوەڕێم هەرشتێ ڕوبات بێ گوێیانە ئەوەی چی ڕوئەدات بژیم کاتێک گەڕامەوە باوکم هەمووی حەفتەیەک لامان بوو زۆر لەپڕ ئیشێکی بۆ ڕێک کەوتەوە کە بڕواتەوە من ئەمویست بچم لەگەڵی بۆ ئەوەی بەتەواوی هەمووشتێک لەبیربکەم و بەدوای ژیانی خۆمەوەبم بەڵام ڕۆژێک پێشەوەی بەڕێکەوم مریەم زۆر نەخۆش کەوت ئەبوایە لای بومایە لانیکەم ئەو هاوڕێی کۆنی منە بۆئێستا لەدەوری نەبم ئەکرێت کەی لەدەوریبم؟ ناچار بووم کە نەڕۆم بەڵام لێرەش بۆمن باش نیە لەکۆتایدا ئەمەیش تێئەپەڕێ بەڵام مانەوەت لەگەڵ هاوڕێکەت لەوانەیە لەبیرنەچێتەوە بشچم هەر دڵم لای ئەبێت بۆیە باشترە بمێنمەوە، کاتێک چومە لای تا لەوێ بمێنمەوە دوای چەند ڕۆژێک مریەم باشتر بوو هەستی ئەکرد کە باش نیم و ئەیخوێندمەوە ئێمە زۆر نزیک بوین لێکەوە پرسی

-ناتەوێ شتێ باسبکەی؟؟

-وەک؟

-هەر ئەوەی لەدڵتە.

-نازانم لێی گەڕێ.

-لەگەڵ جاکا کێشتان هەیە؟

-خۆزگە کێشەیەک بوایە کە چارە کرایە، هەستەکەم واباشتر بێ لێک جیابینەوە.

-بەڵام بۆچی

-مریەم لەلای ئەو پارێزراو نابم....

-واتا چۆن ڕون قسە بکە.

-لێی گەڕێ باش ئەبن شتەکان خۆیان

مریەم بەتەواوی باش بۆیەوەو منیش ڕۆشتمەوە ماڵەوە. ڕۆژێک جاک هات بۆماڵەوە و وتی بابڕۆینە دەرەوە و پێکەوە بگەڕێین ماوەیەکی زۆرە لەم دەورە نەگەڕاوین. کاتێک چوین و ئەگەڕاین بەدەم قسە کردنەوە لەپڕا پێی وتم ئەمەوێ هاوسەرگیری بکەین من ترسەکەم هێندەی تر زیادی کرد.

وتم چی؟!! پێی وتمەوە ئەمەوێ هاوسەرگیری بکەین، خودا من چیبکەم ئاخر ژیانی هاوسەرگیری شتێکی ترە لەگەڵ ژیانی خۆشەویستیدا لانیکەم من سیقەم بەوە نییە کە جاک بتوانێ خۆی لەگەڵ ئەو ژیانە بگونجێنێت ببێتەوە کەسێکی ئاسای و بتوانین بەئاسودەی بژین لەگەڵ ئەوەش پڕ بەدڵ ئەمەویست لەگەڵی بۆ تاهەتایە بەخۆشی بژیم ئەمویست لەگەڵ ئەو دوا ساتەکانی ژیانم بەڕێکەم!. ئەم حاڵەتەی ئەوەیش ئازارمەیات و دودڵم ئەکات، ئێستا ئەبێت چی بکەم؟ چ بڕیارێک بدەم؟ دڵنیانیم ئەوە کاتێکی گونجاوبێت بۆ هاوسەرگیری...

ئەو پرسیارە بۆمن هێندە لەناکاوبوو کە نەمەتوانی بیانویەک بدۆزمەوە بۆ ڕاکردن لەو پرسیارەی هەموو کاتێک چاوەڕێم ئەکرد!.

مەگەر ئەتوانم چ بیانویەک بهێنمەوە؟

بڵێم کە من سیقەم بەوە نییە کە بتوانیت ژیانی من بەڕێوە ببەیت؟

ئەو قسەیە خۆ زۆر بێمانایە، بۆیە ڕازی بووم و کاتی هاوسەرگیریمان دیاری کرد. ئەو ئەیویست لەو حەفتەیە هەموشتێک تەواو بێت بەڵام من هەموو ئەوەی ئەمویست ئەوە بوو کاتەکە دوور بخەمەوە مانگی هەشت ئەکات واتا دوومانگ پێم دواخرا، بیانوم ئەوە بوو هەتا باوکم یەتەوە و هیچ نەبێ هەتا ڕێک ئەخرێ شتەکان ئەوەندە ئەوێ بێ باوکم من هیچ کاتێک ڕازینابم کاتێک هاتمە ماڵەوە هەستم ئەکرد شێتەبم ئەو ماوەیە هیچ لەسەر خۆم نەبووم، هەستم ئەکرد ڕقم لەخۆم ئەبێتەوە. زۆر کات جاکیش ئەهات بۆئەوەی بڕۆینە دەرەوە من ئەمویست لێم دورکەوێتەوە بۆیە ئەموت نەخۆشم یان حەوسەڵەم نییە بڕۆمە دەرەوە یان سەرقاڵم... بەڵام جاک ئەهات بەدیارمەوە ئەمایەوە و ئاگادارم ئەبوو دڵم ئەسووتا من شێتانە خۆشم ئەویست بەڕادەیەک ئەمویست هەمووکات لام بێ بەڵام کە نەئەبوو حەزمەکرد لەو شارەش

ڕاکەم و خۆمی لێبدزمەوە!. کاتێک شتێک دودڵت ئەکات، هەڵبژاردنێک لەنێوان هەبوون و نەبوون! ئیتر حەز ئەکەی ڕابکەیت، لەهەموو کێشەکان ڕابکەی یاخود بچیتە شوێنێک کەس نەتناسێ... بەوە ناچێت هەست بەترسناکی ئەو کاتانە بکەی هەتا بەسەرت یەت! هێندە هەستێکی قورسە کە ناتوانی گوزارشتی بکەیت!. بەهەرحاڵ بیرمەکردەوە کە بە دڵنیاییەوە چارەسەرێک هەیە هیچ کێشەیەک بێ چارە درووست نەبووە!، بڕیارمدا کە بەدوای وەڵامدا بگەڕێم و سەرەتاش چوم بۆلای جادوگەرێک بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵکەم پیاوکی گەنجی باڵا بەرزی نزیکی چل و پێنج ساڵانە کە بوو کەسێکی سپی پێستی چاو سەوز بوو کاتێک بەرەو ڕوی بومەوەو دانیشتم، ویستم باسی جاکی بۆ بکەم خێرا وتی لەبارەی خۆشەویستەکەتەوەیە، زۆر سەرم سوڕما

-بەڵام چۆن ئەزانیت؟!

-مەگەر چۆن نازانم منێک تەمەنێک لەگەڵ جادودا ژیاوم دەست پێبکە چیت ئەوێ بەتەواوی

-ڕاستی کوڕێکم خۆشویست کە ئێستا جادو وازی لێناهنێ ئەمەوێت کە چارەی کەم.......

دەستم بەباس کردنی کرد لەسەرەتاوە تا کۆتای کە چۆن ناسیم هەتا کۆتای بەڵام جادوگەرەکە چاوەکانی زیاتر و زیاتر برسیکەی خۆشحاڵ بوونی لێ ئەباری کاتێک هەموو شتێکم پێوت پێی وتم کە ملوانکەکەم بۆبهێنە هێزەکەی لێجیا ئەکەمەوەو ئەبێتەوە مرۆڤێکی ئاسای من بڕوام پێکرد و چونکە بەڕاستی زۆر شارەزا دیاربوو کەسێکی وا بەدڵنیایەوە چارەسەری ئەکات بۆمان و لەکۆتایدا نەجاتمان ئەبێت.

بەڵام ئەبوایە بێ ئەوەی بزانێ بچمە ژوورەکەی جاکەوە و ملوانکەکەی ببەم لەو بڕوایەیاش بوم لەو ماڵە شتێکیتر هەیە کە ئەیشارنەوە ئەبێ هەموو وەڵامەکان بدۆزمەوە گەر جاک بۆ پاراستنی من نەیەوێ یارمەتیم بدات خۆم بەتەنها ئەوە ئەکەم! و ملوانکەکە ئەبەم ڕاستی کەمێک ئەترسام چونکە هەستم نەئەکرد جاک دەست بەرداری ئەو ملوانکیە ببێت بەڵام من ئەمویست نەجاتی بێت لەبەر خاتری

ئەو عەشقەی بۆ ئەوم هەیە ئەوە ئەکەم!. بڕیارمدا ڕۆژێک سەردانی بکەم و کاتێکیش کە جاک لەماڵ نیە بچمەوە بەبیانوی ئەوەی شتێکم لەوێ بەجێ هێشتوە و بچمە ژورەکەی و ملوانکەکە ببەم نازانم بەس ئەونەی ئاگاداربم جاک تەنها یەک کات ملوانکەکە لەمل ناکات ئەویش دوو شەممان بوو

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە چی بەجێ بهێڵم کە وانیشانبەم زۆر گرنگە بۆم؟.

چۆن ڕێکی بخەم؟ بەدڵنیایەوە ئەبێ دڵنیابم کە جاک ئەو ڕۆژە لەماڵ نیە!

ملوانکەکە چی لێبکەم؟!دۆزیمەوە!، ئەو کاتژمێرەی بۆی کردمە دیاری، ئەتوانم بەکاری بهێنم چونکە من کاژمێرەکەم زۆر لاگرنگترین شتە و لەهیچ شوێنێک بەجێی ناهێڵم و لەخۆمی دورناخەمەوە.

لەوکاتەوە بەردەوام لەدەستمایە و گرنگی ئەوەش ئەزانێت و قەتیش گومان ناکات کە پلانم بۆ شتێک دانابێ، بڕیارم یا ڕۆژی دواتر بڕۆم بۆماڵیان هیچ نەبێ بەم درەنگەی شەوە هیچ لەبابەت ناگۆڕێ وا سەعات دوانزەو نیوی شەوە ئەسڵەن لەوانەیە جاک هەرخەوتبێ ئەو قەلەقیەی منیش نەبوایە بەدڵنیایەوە منیش خەوتبوم، مەگەر ئەتوانم چ بیانویەک بهێنمەوە؟

بڵێم کە من سیقەم بەوە نییە کە بتوانیت ژیانی من بەڕێوە ببەیت؟

ئەو قسەیە خۆ زۆر بێمانایە، بۆیە ڕازی بووم و کاتی هاوسەرگیریمان دیاری کرد. ئەو ئەیویست لەو حەفتەیە هەموشتێک تەواو بێت بەڵام من هەموو ئەوەی ئەمویست ئەوە بوو کاتەکە دوور بخەمەوە مانگی هەشت ئەکات واتا دوومانگ پێم دواخرا، بیانوم ئەوە بوو هەتا باوکم یەتەوە و هیچ نەبێ هەتا ڕێک ئەخرێ شتەکان ئەوەندە ئەوێ بێ باوکم من هیچ کاتێک ڕازینابم کاتێک هاتمە ماڵەوە هەستم ئەکرد شێتەبم ئەو ماوەیە هیچ لەسەر خۆم نەبووم، هەستم ئەکرد ڕقم لەخۆم ئەبێتەوە. زۆر کات جاکیش ئەهات بۆئەوەی بڕۆینە دەرەوە من ئەمویست لێم دورکەوێتەوە بۆیە ئەموت نەخۆشم یان حەوسەڵەم نییە بڕۆمە دەرەوە یان سەرقاڵم... بەڵام جاک ئەهات بەدیارمەوە ئەمایەوە و ئاگادارم ئەبوو دڵم ئەسووتا من شێتانە خۆشم ئەویست

بەرادەیەک ئەمویست هەمووکات لام بێ بەڵام کە نەئەبوو حەزمەکرد لەو شارەش ڕاکەم و خۆمی لێبدزمەوە! کاتێک شتێک دودڵت ئەکات، هەڵبژاردنێک لەنێوان هەبوون و نەبوون! ئیتر حەز ئەکەی ڕابکەیت، لەهەموو کێشەکان ڕابکەی یاخود بچیتە شوێنێک کەس نەتناسێ... بەوە ناچێت هەست بەترسناکی ئەو کاتانە بکەی هەتا بەسەرت یەت! هێندە هەستێکی قورسە کە ناتوانی گوزارشتی بکەیت!. بەهەرحاڵ بیرمەکردەوە کە بە دڵنیاییەوە چارەسەرێک هەیە هیچ کێشەیەک بێ چارە درووست نەبووە!، بڕیارمدا کە بەدوای وەڵامدا بگەڕێم و سەرەتاش چوم بۆلای جادوو گەرێک بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵکەم پیاوکی گەنجی باڵا بەرز بوو کە بوو کەسێکی سپی پێستی چاو سەوز بوو کاتێک بەرەو ڕوی بومەوەو دانیشتم، ویستم باسی جاکی بۆ بکەم خێرا وتی لەبارەی خۆشەویستەکەتەوەیە، زۆر سەرم سوڕما

-بەڵام چۆن ئەزانیت؟!

-مەگەر چۆن نازانم منێک تەمەنێک لەگەڵ جادوودا ژیاوم دەست پێبکە چیت ئەوێ بەتەواوی

-ڕاستی کوڕێکم خۆشویست کە ئێستا جادوو وازی لێناهنێ ئەمەوێت کە چارەی کەم.......

دەستم با باس کردنی کرد لەسەرەتاوە تا کۆتای کە چۆن ناسیم هەتا کۆتای بەڵام جادووگەرەکە چاوەکانی زیاتر و زیاتر برسیکەی خۆشحاڵ بوونی لێ ئەباری کاتێک هەموو شتێکم پێوت پێی وتم کە ملوانکەکەم بۆبهێنە هێزەکەی لێجیا ئەکەمەوەو ئەبێتەوە مرۆڤێکی ئاسای من بڕوام پێکرد و چونکە بەڕاستی زۆر شارەزا دیاربوو کەسێکی وا بەدڵنیایەوە چارەسەری ئەکات بۆمان و لەکۆتایدا نەجاتمان ئەبێت.

بەڵام ئەبوایە بێ ئەوەی بزانێ بچمە ژوورەکەی جاکەوە و ملوانکەکەی ببەم لەو بڕوایەیاش بوم لەو ماڵە شتێکیتر هەیە کە ئەیشارنەوە ئەبێ هەموو وەڵامەکان بدۆزمەوە گەر جاک بۆ پاراستنی من نەیەوێ یارمەتیم بدات خۆم بەتەنها ئەوە ئەکەم! و ملوانکەکە ئەبەم ڕاستی کەمێک ئەشترسام چونکە هەستم نەئەکرد جاک دەست بەرداری ئەو ملوانکیە ببێت بەڵام من ئەمویست نەجاتی بێت لەبەر خاتری


هیچ شتێک کۆتای نەهاتوە لای خودا
ئەگەر تۆ لێی بێ هیوا نەبیت

ئەو ئەشقەی بۆ ئەوم هەیە ئەوە ئەکەم! بڕیارمدا ڕۆژێک سەردانی بکەم و کاتێکیش کە جاک لەماڵ نیە بچمەوە بەبیانوی ئەوەی شتێکم لەوێ بەجێ هێشتوە و بچمە ژورەکەی و ملوانکەکە ببەم نازانم بەس ئەونەی ئاگاداربم جاک تەنها یەک کات ملوانکەکە لەمل ناکات ئەویش دوو شەمان بوو

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە چی بەجێ بهێڵم کە وانیشانبەم زۆر گرنگە بۆم؟.

چۆن ڕێکی بخەم؟ بەدڵنیایەوە ئەبێ دڵنیابم کە جاک ئەو ڕۆژە لەماڵ نیە!

دۆزیمەوە!، ئەو کاتژمێرەی بۆی کردمە دیاری، ئەتوانم بەکاری بهێنم چونکە من کاژمێرەکەم زۆر لاگرنگترین شتە و لەهیچ شوێنێک بەجێی ناهێڵم و لەخۆمی دورناخەمەوە.

لەوکاتەوە بەردەوام لەدەستمایە و گرنگی ئەوەش ئەزانێت و قەتیش گومان ناکات کە پلانم بۆ شتێک دانابێ، بڕیارم یا ڕۆژی دواتر بڕۆم بۆماڵیان هیچ نەبێ بەم درەنگەی شەوە هیچ لەبابەت ناگۆڕێ وا سەعات دوانزەو نیوی شەوە ئەسڵەن لەوانەیە جاک هەرخەوتبێ ئەو قەلەقیەی منیش نەبوایە بەدڵنیایەوە منیش خەوتبوم، ڕۆمانیا بەتەواوی خامۆشە. مەگەر کەسێک وەک من توشی سەرگەردانیەکی لەو بابەتانە بوبێت یاخود دزێک بێ کێ ئەزانێ؟.

بەیانی هاتەوە من نازانم چۆن کاتم لێ ڕۆشتوە بەس ئەزانم کە درەنگتر لەوەیشی کە بەدرەنگم زانیوە خەوتوم.

لەوانەیە یەکەم جارم بوبێ هێندە لە ژیانما توشی دودڵی و ناڕەحەتی بوبێتم! ئەونە ئەزانم هۆشم بەخۆما هاتۆتەوەو بەیانیە و هەرچەن ئیتر خەوەکانیشم بۆتە تێکەڵەیەک لەو کابوسەو نەجاتم نایات زیاتر ماندوترم ئەکات بۆیە نامەوێ لەجێگاکەم بمێنمەوە. هەر ئەوەندە بە ئاگابێمەوە چەن بێهێزیش بم و توانای هەڵسان لەخەوم نەبێ هەڵەستم، ئێستا واقعیەکە شیرینترە لەخەوەکانم! هەندێک جار ئەڵێم لەوانەیە لەخەوەکانما بەیەک جاری بمرم.. هێندە ناڕەحەتم هێندە دڵم خێرا لێئەیا و پەرۆشیەکەم زیاتر ئەبێت و هەندێک جاریش لەخەوەکانما ئەڵێی جاک ئەیەوێ بمخنکێنێت ترسانەکەم زۆر

زیاترە...بەشێوەیەک نامەوێ بخەومەوە. بەیانیەکی زووە منیش ئەمەوێ بەشێوازێک بچم کە جیاواز بێ، بەڵێ نانی بەیانی ئەبەم و ئەڕۆم لەگەڵ ئەوان ئەیخۆم و جاکیش ئەمڕۆ بەڕێ ئەکەم. ڕاستی بڵێم زۆر بەتەواوی نازانم جاک ئیشی چیە ئەوە نەبێ کە ئەزانم کارگەیەک هەیە لەوێ ئیش ئەکات کە ناشزانم کارگەی چیە. ڕاستی نازانم بۆچی گرنگیم پێنەیاوە بەڵام بەڕاست شایەنی گرنگی بوو لەوانەیە هەر ئیشیش نەبێت و بابەتێکی ترسناکتری بەدواوە بێ نازانم ئیتر....

گەشتمە لای ماڵ جاک و لەدرگام یاو جاک خۆی کردیەوە بەدەموچاوێکی خەواڵوەوە کاتێک منی بینی هەم سەرسامبوون بەدەموچاویەوە دیاربوو هەمیش دڵخۆشبوو.

-گیانەکەم ئەمڕۆ وتم با تایبەت بێت و شتێکی تایبەت کەم.

-لەیلاکەم چ بۆنەیەکەوە؟

-هههههه یانی ئەبێ هەر بۆنە بێت هەتا بێم و خۆشەویستەکەم ببینم نامکەیتە ژوورەوە و بزانی؟

-ئەسڵەن تۆ نەیەیتە ژوورەوە ئەبێ کێ بێت؟!!

-نانی بەیانیم هێناوە، ئەمەوێ پێکەوە نانێکی خۆش بخۆین ئەبێ تۆش یارمەتیم بەیت لەحازر کردنیا.

وەک بڵی جاک وابزانێ هەموشێکم لەبیر کردوەو زۆر دڵخۆشبوو هیچ کاتێک وا دڵخۆشیم نەبینیوە کە پێئەکەنی دڵم ئەلەرزی بەڵام خۆزگە ئەو ترسە نەبوایە هەتا شتەکان ئاوا نەڕۆشتنایە چونکە جاک هەمووشتێکی منە.

خەریکی حازر کردنی نانی بەیانی بوین من بەشێوازێکی زۆر تایبەت ڕێکم خست. وەسف نیە، ڕاستی کاتێک شتێکت لەژێر سەرە شتی تایبەت ئەکەی ئەگینا بیرم نیە کەی نانی بەیانیشم خواردبێت. ئەسڵەن ئارەزویشم لێی نەبووە.

کاتێک مایکڵ بەخەبەر هات و بینی زۆر بەشێوازێکی جوان ڕەفتاری کرد  و سپاس گوزارم بوو  هەندێک کاتێک ڕەفتارێکی سادەش ئەکەیت بەڵام هێندە سپاس گوزاری ئەکەن هەستێکی تایبەتت هەیە ئەگەر هیلاکیش بی هەست ناکەی هیلاک بونت بمێنێ. بەڵام دڵخۆشی و سپاس گوزاری بەردەوامی نەبوو هەر کەمێ دواتر کاترینی سارد و سڕ هەڵسا و ئەسڵەن وەک بڵێی هیچم نەکردبێ و بەشێوازێکی گاڵتە جاڕانە خەندەیەکی کرد و ڕۆی منیش چاوەڕێی ئەو دەرفەتەم ئەکرد. کاتژمێرەکەم لەدەستم داناو یەکێ لەکلیلەکانی کە جاک دایئەنا و ئیشیان پێی نەبوو هەڵم گرت و خەندەیش زوزو ئەیگرتم وەک بڵێی شتەکان زۆر بەباشی ئەڕوات بەهەرحاڵ من هەمویانم بەرێ کرد بەڵام نەمئەتوانی لەماڵەکە بمێنمەوە کۆتا کەس جاک بوو ڕۆی کە درگاکەی داخست و تا ماڵەوە منی گەیاند و خۆشی ڕۆیشتە سەر کارەکەی هەر ئەوەندە زانیم جاک لەچاو ون بوو خێرا هاتمە دەرەوە لەماڵەکەم و ڕۆشتم بەرەو ماڵەکەیان. درگاکەم کردەوەو بێ هیچ بیرکردنەوەیەک ڕۆشتمە ژورەکەی جاک سەرەتا هیچی وام هەست پێنەئەکرد هێندەی نەبرد هەستم بە شتێکی سەیر کرد. دواتر بەدوای ملوانکەکە ئەگەڕام و بینیم لەسەر کانتۆرێک بەڵام لەپڕ دەنگە دەنگ بێ ئەوەی کەسی لێبێت!. ترس دایگرتم وردە وردە بەرەو دەرەوە ئەڕۆشتم ترس ئەسڵەن ملوانکەکەی لەبیر بردمەوە و بەترسێکی زۆرەوەو  زۆر بەهێواشی بەرەو پاش ئەهاتمەوە هێندەم زانی کتوپڕ کەسێک مەچەکی گرتم لەوانەیە بڵێم ئەوکاتە لەترسا نەمردم قەت نامرم هێندە ترسناک بوو بەهەموو هێزی خۆمەوە قیژاندم! کاتێک سەیرم کرد کاترین بوو.

-لێرە چی ئەکەی؟!

-م م م من ...!!

-هههه بەهەموو ئەقڵتەوە هاتویت  ملوانکەکە ببەیت و شتێک بزانی؟ تۆ بەڕاستی زۆر  گەمژەیەکی و زیاتر نا لەم دنیایەدا کوڕێکت نەدۆزیەوە لەجاک زیاتر؟ بۆئەوەی بچیتە ناو جیهانە ڕەشەکەیەوە!.

-جیهانی ڕەش!!!

-تۆ لەناو چویت، داهاتوی تۆش هەر وەک ئێمەیە خەندە نەبینین و تەواو.

-باشە تکایە دەستەکانم بەربە ئازاری هەیە، خەریکە شوێنی دەستت دەرئەچێتەوە.

-دەستەکانی تۆ زیاتر تێکەچن لەداهاتودا! ئیتر بۆ ئەترسی کە دەستت تێک بچێ؟

-سەیرکە.....

-پێویست ناکا ڕونکردنەوە بدەیت. هەمووشتێک ئەزانم بۆچی لێرەی ئەوە تەلیسمە لەژیانی جاک هەرکەسێک هەر پەیوەندیەک بەجاکەوە ببیەستێتەوە لەناوی ئەبات! باشترە بڕۆیت و ڕابکەیت ئەو جادوگەرە درۆ ئەکات و ئەیەوێت جاک لەناو ببات و کۆنترۆڵت بکات بۆیە بەهیچ شێوازێک شتی واناکەی دڵنیام تەنها ئاگادارم کردیتەوە هیچ جادوگەرێک لەخۆڕا داوای ملوانکەکە ناکات ئەگەر نەیەوێ هێزی خۆی زیادبکات و بەتەنها هیچیان پێناکرێت بۆیە وازبهێنە

دوای کەمێک بێدەنگی پێکەنی و وتی:

- دەستەکانی منیش هیچیان لەهی تۆ کەمتر نیە بەڵام هەمووی بەبۆنەی جاکەوە ئەشکەنجە ئەدرێت هههه، من تەنها بۆیەک جاریش ویستم کەمێ سڵ بکەی بەڵام تێنەگەشتی تۆ چ ئافرەتێکی گەمژەی؟! مرۆڤ چۆن ئەتوانێ کاتێک کەسێک ڕقی لێی بێ لەخۆڕا هۆکارەکەی نەزانێت و هێندە بێ بایەخانە هەڵسوکەوت بکەیت و زو زو سەردانی ماڵەکەمان بکەت؟

-تکایە کاترین!!!

-چیە دەستەکانتە دووبارە؟

هەرکەس پەیوەندی خوێنی یاخود سۆزداری لەگەڵ جاک هەبێ وائەزانی وانەجاتی ئەبێ؟ دەی هاوسەرگیری لەگەڵ کە ئێستا دەی با ئەو تۆزەشی کە دەسەلاتت هەیە نەمێنێ، ژیانت ڕەشبکات و بتخنکێنێت مناڵێک بخەنەوە کە هەموو ڕۆژێک شوێنی برین و ئەشکەنجە بەجەستەیەوە بێت. دەستەکانی بەریام بەڵام دوای چی؟ نەمتوانی

خۆم بەپێوە بگرم و کەوتمە سەر زەویەکە و ئەگریام بەهەرچی هێزمەوە، لەوکاتەیا لەپڕ چاوم بەملوانکەکەی جاک کەوتەوە نازانم بۆچی لەوانەیە لەوکاتەیا ویستبێتم تۆڵەی لێ بکەمەوە یان هەرشتێکیتر.. تۆڵە کردنەوەیەک کە دڵنیام بەئازار یانی خۆم کۆتای دێت.

لەپڕ پەلاماری ملوانکەم یاو بردمە باخچەکە بەردێکم بۆ هێنا و یەک بەیەک ویستم دەنکی ملوانکەکان بشتێکم یەکەم دانە و دووەم دانە تا چوارەم دانەش کە شکاندم هەستم بەهیچ نەکرد. بەڵام..... کاتێک پێنجەم مورووم شکاند هێندەم زانی دەستەکانم تێک چوون ئەوەش شۆکێکی تر بوو لەمنی یا کەمێک واقم وڕماو توڕەیەکەم هێشتا دەرنەکردبوو بێ هیچ بیرکردنەوەیە و گرنگیەک بەلامەوە ویستم دەست کەمەوە بەشکاندنی بەڵام هێندەم زانی پیاوێکی قژ سپی بێ هێز دەستەکانی گرتم و ویستی دەست هەڵبگرم لەشکاندنیان. بەڵام لەتوڕەییا پاڵم بەپیاوەکە ناو شەشەم دانەم شکاندو پیاوەکە نەما و منیش هێندەم زانی زۆر بێهێزبووم! کاتێک هۆشم بەخۆما هاتەوە شتەکان هەمووی گۆڕابوون هەم من دەستەکانم وێران بوون و ببونە برینێکی زۆر هەم پیاوە پیرەکە و کاترینیش کە ئیتر دیار نمابوون بەڵام کاتێک ئاوڕم یایەوە کەسێکی پەکەوتەی وێرانم بینی. بەدەنگێکی بێ هێزەوە قسەی ئەکرد و دەنگەکە لام ئاشنا بوو ئەوە مایکل بوو!. تاکە شت کە وتی ئەوەبوو "چیت کرد لەناوت بردین!" لەپڕ هاتمەوە هۆشی خۆم کاتێک گوێم لەدەنگی مایکڵ بوو دەستم کردە گریان و وتم چی بووە؟ مایکل ئەمە چیە؟!! ئەسڵەن تۆ مایکلی؟!!

-ئەوەملوانکەکە بوو.

-چیی؟

-هەر موورویەکی ملوانکەکە هێزێک بوو وە یەکێک لەو دەنکە مووروانەی ملوانکەکە هێزی من بووە نازانم بۆچی منیش لەناو نەچوم؟! سەیرێک بکە دنکەکانی شکاندوتە بزانە هیچیا ڕووناکیان تیاماوە؟

کاتێک چوم و بینیم یەکێک لە موورووە شینەکانی ملوانکەکە بریسکەی تیاماوە. تەنها درزێکی تێبوبوو پشانی مایکلم یا..


لێرە کەمێک دەست لەکتێبەکە هەڵبگرە
بیر لە پێنج یادەوەری خۆشی منداڵیت بکەرەوە
تا ئێستا کە بەسەرت بردووە
هەتا ئەگەر پێکەنینێکیشت بووبێت بەدەم هاوڕێیەکتەوە
ئێستا دڵنیای کە تۆ کەسێکی ژیانێکی خراپت بەسەر بردوە؟

-ئەمە کۆتا دانە ئەبێ بوبێ کاتێک هەستت پێنەکردوە و پیربویت و بەبۆنەی ئەو پیاکێشانەوە پیری کردوی، ئەوە هیمنە بەڵام هەرکەسێک بەدەستیەوە ئەو دنکانە تەنانەت شتێکیان لێبێت وێران ئەبێ تۆ شکاندویشتە باشە هەر بەپیری ماویتەتەوە.

- چیی؟ پیربووم؟! ئەوە تۆ چی ئەڵێی

ڕام کردە ژوورەوە بێ هیچ شتێ کە بیری لێ بکەمەوە سەیری ئاوێنەم کرد بەڵام بەڕاست من پیرببوم ئەمە چیە خوایە؟!!!!!

هاوارم کردو دەستم کردە گیان، هێندە گریام هێزی هیچم نەمابوو بەڵام من لەو بڕوایەم هەرشتێ بێ هیچ شتێک بێ چارەسەر نیە بۆیە بەخێرای ڕۆشتمە لای مایکڵ و پێم وت:

-مایکڵ شتێک هەیە بۆ چارەسەر تکایە ڕێگەیەکم پێبڵێ؟

-دنکە ساخەکان کۆ کەرەوە و بمبە ژورەوە.

دنکەکان زۆر بوون بەڵام باشیەکەی ئەوە بوو بڵاو نەبوبونەوە حەفتاو چوار دنک بوو بە پێنجی شکێنراوە شەشەم دانە نیوە شکاو بوو هێشتا ڕوناکی لەدەست نەیابوو، دانەکەی منەوە کە شکاندم هەشتای ئەکرد، مایلکیشم بردە ژورەوە و دوبارە وتم هیچ شتێک هەیە بۆ چارەسەر؟؟؟

_پیاوە پیرەکەی دەستی گرتی جاک بوو

-چیی ئەوە تۆ چی ئەڵێی کەوایە ئەو مرد؟ جاک مردووە!!

-نەخێر نەمردوە ئەگەر ئەو بمرێ منیش ئەمرم بەڵام نازانم چی لێهاتووە لەوانەیە ئەویش تۆی پیر کردبێت بۆئەوەی هیچ نەبێ هێزی شکاندی موروەکانت نەمێکێ وەک ئەوەی من و زەرەری زیاتری پێنەگات نازانم ئەبێ چاوەڕێ بین

-بۆچی تۆ ماویتەتەوە؟ ئەوان بۆچی نەماونەتەوە؟

- هەریەک لەو موروانە هێزی ڕۆحێکە کە مامم بەجاکی بەخشیوە. تۆ موروەکەی کاترینت لەناو برد بۆیە نەماوە و جاکیشت بێهێز کردوە کە هێزی ئەو دابەشکراوە بەسەر هەر یەکێک لەو دەنکە موروانە و وەک ئێمە تایبەت نیە بەدنکێک لەو موروانە خۆشبەختانە تۆ پیریەکەت و بێهێزیەکەت نەیهێشت کە ئەوەی من لەناو ببەیت، و هەر دانەیەک کە لەناوت بردوە و یەکێک مردوە پێی یانی هەڵبەت ئەگەر بەخت هەبێت و بەگەڕانەوەی جاک. کاترینیش ڕزگار بکات ئەگینا ئەوانی تر کە چوار دنکی ترن لەموڕوەکە خەڵکی ترەو مردون بەشکاندنی موڕوەکە مادەم لای خۆشمە کۆتا مورو ئەبێت کە ڕووناکیەکەی نەمێنێت.

-واتا چۆن؟؟

-لەگەڵ تاریکبوونی هەر مورویەک کەسێک کە هێزەکەی لەو مورو بەند کراوە ئەمرێ. موروەکەی تایبەت بە من ئێستا لای خۆمە بۆیە هەتا هەموو موروەکان ڕوناکیان لەدەست نەیەن ئەوی من ڕوناکی ناکوژێتەوە، ڕاستە هێزێکی زۆرت لێسەندوەتەوە و منت گەیاندۆتە ئەم کۆتا ئاستی بێهێزیە بەڵام کۆتا کەس ئەبم نەمێنم.

-چۆن لەناو ئەچن ئەو دنکانە؟ بەشکاندن نیە مەگەر؟

-چۆن لەناو ئەچن ئەو دنکانە؟ بەشکاندن نیە مەگەر؟

-نەخێر، ڕۆحی جاک بەیەک بەیەکی دنکی ملوانکەکەوە بەندە بۆیە جەستەی جاک ئەیپاراستن لەکوژانەوەی ڕوناکیەکەیان. بۆیە بەدوورکەوتنەوەی لێی حەفتەی دانەیەک لەو دنکانە ئەکوژێنەوە. عادەتەن دوو شەممان جاک ملوانکەکەی دائەنا چونکە هێزی ڕۆحی زۆرتر ئەبوو ئەگەری هەبوو ئێمە لەناو بچین. لەدوای ئەو شتانە هێندە گریاوم کە ئێستا فرمێسکیش بەچاوما نەئەهاتە خوارەوە، من ئەمویست چارەسەرێک بۆ کێشەکان بدۆزمەوە بەڵام خراپترم کرد ئێستا جگە لە چاوەڕوانی هەواڵێک لە جاکەوە هیچیترم لەدەست نایە!. لەوانەیە لەو چاوەڕوانی کردنە سەختر نەبێ، ئەو چاوەڕوانیەی دڵنیانیت کە باشە یاخود خراپ، چاوەڕێی کەسێک بکەی کە ئەگەر بگەڕێتەوە دڵنیا نەبی کە لێت خۆشەبێ یاخود نا ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەسڵەن بڕوا ناکرێ لێت خۆشبێت.

ڕۆژەکان تێئەپەڕن وە ئاگادارم باوکم زۆر بەدوام ئەگەڕێت بەڵام من نامەوێ ئاوا خۆمی پشان بدەم زو زو یەت بۆماڵی جاک بەڵکو هەواڵێکی من یاخود جاکی دەست بکەوێت ئەمەوێ خۆم بەدوره بگرم بەڵام مرۆڤ ئەخنکێت ئەگەر نەتوانێ شتێک باسبکات ویستم بچم بۆلای مریەم و باسی بکەم بەڵام خۆزگە قەت بیرم لەوە نەکردایەتەوە دەردە دڵی لەگەڵ بکەم ئەوکات ڕوی ڕاستی ئەوانم بینی کاتێک ویستم بچم و نەیئەزانی منە و وای ئەزانی درۆ ئەکەم چ سوکایەتیەکی پێ کردم و منی کردە گاڵتە جاری هاوڕێکانمان و ئەیوت ئەم شێتە ئەیەوێ خۆی کات بەلەیلا بڕوا بکە ئەگەر ئەوە بەرامبەر کەسێکیش بکرایە من ئەمتوانی دەست بەرداری ئەوبم نەک بەرامبەر خۆم کە چ ئازارێک بوو هێندەی تر حاڵمی تێک ئەیا ئەبێت ڕابێم لەگەڵ ئەوەی کە من ئیتر ئافرەتێکی پیرم و ئاوا بژیم و وەک کەسێکی تر پێشەوەی تەمەن ئەو ئەزمونەم پێشکەش بکات، وردە وردە فێربم زۆر زوتر کەوتمە ئەو حاڵەتە، ساڵێک ئەڕوات بەسەر هەموو ئەم شتانەیا بەڵام دڵی من هێشتا وەک یەکەم ڕۆژ وایە بەرامبەر ئەو ئازارە. لەگەڵ مایکل ئێستا ئەژیم لانیکەم ئەو زۆر خراپ وێران بوە وە من هۆکارەکەیم دواتریش من ناتوانم خۆم دەرخەمەوە لای باوکم ئەکرێ ئەویش هەر وەک مریەم ئازارم باتەوە ئەم بەخراپتریش کێ ئەزانێ، مایکلیش زۆریش ناژی ئەبێت چاودێری بکەم، من زۆر بێ هیوابووم هیچ نیشانەیەک نیە لە جاکەوە لەو بڕوایە نیم کە شتەکان چاک بێتەوە زو زویش دەردە دڵم لای مایکڵ ئەکرد لانیکەم ئەو تاکە کەس بوو ئەتوانم بڵێم لێم تێئەگەیشت و لەحاڵەتی من بوو هەندێک جار بەدەم گریانەوە ئەموت چ خراپ بوم یان هەندێک جار کە ئەمزانی جاک هێشتا زیندوە ئەموت یانی بەڕاستی خۆشی نەویستوم جاک هەندێک جار قسەی ئەکرد و هەندێک جاریش بێزارەبوو ناهەقی ناگرم پیاوێکی پیر چ تاقەتێکی گوێ گرتنی ئەمێنێ، هەندک جار ئەموت ئەگەر بهاتایەتەوە زوتر ئەهاتەوە دیارە کەخۆی بەدەستەوە یاوە، بەڵام دڵم زۆر بۆی تەنگ بوە.

دڵتەنگ بونێک کە هەزار شێواز ئازار لەخۆی ئەگرێت هەست کردن بەتاوانباری لەدەست دانی کەسێک کە هیواو ئاواتەکانت لەگەڵی هەڵچنیبێ ئەوەشی کە بیرکەیتەوە خۆت هۆکاری ئەوە بویت ئیتر ئارەزو بۆمردن ئەخوازیت .....

ئێستا سەرەتای هەمان مانگ و هەمان ڕۆژی ئەو بەیانیەیە کە من بە بیرکردنەوەی خۆم شتەکانم چاک ئەکرد تەنها ساڵەکە گۆڕاوەو تەواو.

ڕاستیەکەی ئێستا بیر لەقسەکانی کاترین ئەکەمەوە بەڕاستی ئەبێ ئەو ڕاست بوبێ بەڕاستی من ئافرەتێکی زۆر گەمژەم، بێ هیچ بیرکردنەوەو پرسیارو بەدوادا چونێک ڕۆشتمە ژیانیەوە بێ ئەوەی بیرکەمەوە توڕەیم زاڵ بوو بەسەرماو لەناوم برد. ئەشم زانی کە جاک ساحیر وای لێکردوە و ئەمویست بەساحیر چارەسەری بکەم، لەوانە نیە هێندەی من لەئازار بمێننەوە چونکە هەست کردن بەتاوان باری هەستێکە لەخراپترین بارودۆخەکانی ژیان ناخۆشترە ئەم قسانە هێندەی تر خنکێنەرە بەهەرحاڵ پێویستەکات ئیتر کەمێک خۆم کۆبکەمەوە و هەوڵبەم لەگەڵ ڕووداوەکان ڕابێم.. سەرەتا لە کۆکردنەوەی ماڵەکە دەستپێ ئەکەم ناکرێت مێشک خۆی ژاوە ژاوی هێندە هەبێت و ماڵیش بەبۆنەی شێواویەوە هێندەیتر فکرم ئاڵۆزبکات.

لەکاتی ماڵ پاک کردنەوە یەکێک لەدنکەکانی ملوانکەکەی جاکم بینی هەر بیرم نەبوو لەحەفتاو چوار دنک لەمورووە شینەکان پەنجاو دوو دانەیان ڕوناکیەکەیان لەدەست یاوە واتا تەنها بیست و دوو لەدەنکی مورووەکان ماوە ئەزانی واتای چیە واتای ئەوەیە پەنجاو دوو کەس بەبۆنەی منەوە مردون ئەی خودایە چ هەستێکی ناخۆشە ئەبێ چاوەڕێ بکەم سی کەسی تریش بمرێت بەبۆنەی منەوە ئەم دنکە مورووەیش یەکێکە لەوانەی ڕۆشنای تیا ماوە واتا هێشتا ئەژیت بەڵام کەمێکیش سەیرە چۆن ئەبێت لێرەبێت!!

هەڵم گرتەوەو خستمە شوێنی خۆی بەڵام بیری یەک بەیەک ئەو ڕۆژانەم ئەکەوتەوە کە لەگەڵ جاکا بووم دوبارە چاوەکانم دەستیان کردەوە بەڕشتنی فرمێسک و هێزی پێنەهێشتمەوەو بەردەوام لۆمەی خۆمم ئەکردو ئازاری خۆمم ئەدایەوە خۆزگە بمردمایە و ئەو ڕۆژە هیچ شتێکی وا ڕوی نەیایە ئەو سی دنکەم نا بەیەکەوەو کردمەوە ملوانکەیەک و ڕۆشتمە پێش ئاوێنەکەو خستمە

ملمەوە، زانینی ئەوەی ڕۆحی جاک بەو موروانە تێکەڵ بووە وای کرد هەستبکەم لێمەوە نزیکە ئەوەش بەهێزتری ئەکردم. بەڵام ئەی خوایە ئەمە چیە!!.

-ج ج ج جاک ئەوە خۆتیت؟

- لەیلا ڕزگارم کە دەرمبێنە لێرە!.

-بەڵام چۆن تۆ لەناو ئاوێنەیایت؟ من چی بکەم؟! تۆ باشی؟

-تۆ ئەتوانی بیکەیت لەیلا ئەگەر یارمەتیم نەیەیت من و کاترین و مایکلیش بۆ هەتا هەتایە لەناو ئەچین! ئێستا ئێمە زیندانی کراوین لەلایەن ڕۆحەکانەوە بەڵام بەتەواوبوونی ملوانکەکە کەسانێکی تر بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیشیان هەبێ لەناو ئەچن نەک تەنها ئەم سێیەمان!

-بەڵام چۆن یارمەتیتان بەم؟؟

-من لەجەستەی کەسێکام و ڕۆحم بێهێزە لەجەستەیدا ئەبێ ئەو یارمەتیمان بدات! ئەو بدۆزەرەوە.

-تۆ هیچ لەبارەیەوە ئەزانیت؟، من چۆن بیدۆزمەوە!؟ بێ ئەوەی هیچی لەبارەوە بزانم؟؟

-کچێکە هەمان تایبەتی ڕۆحی منی تیایە و هەمان هێمای شێر بەرەنگی شین لەپشتە ملیەتی و کچێکی تەمەن چواردە بۆ پانزەساڵە قژێکی کورتی ڕەشی هەیە، باڵای مامناوەندە و چاوەکانی برسیکەی زەرد ئەیاتەوە کاتێک بینیت.، ئەو خۆی بەرەو ڕوتیە کاتێک نزیک بوویتەوە چونکە ڕۆحی من بۆ لات ڕایئەکێشێت، ناویشی ماریلایە.

-بەڵام بەم شێوازە ناتوانم بیدۆزمەوە! هەزاران مرۆڤ هەیە بەو ناونیشانە. لەکوێ ئەژی؟

گەشتومەتە قەناعەتێک ئەگەر بتوانی کۆنترۆڵی مێشکت بکەی
هەرشتێک بتەوێ لەم دنیایە بەدەستی ئەهێنیت



-هەر لە ڕۆمانیایە ئەبێت بگەڕێیت و ملوانکەکە ڕێنوێنیت ئەکا هەر لەنزیک بونەوەی لێی شەوقە شینەکەی ئەگۆڕێ بۆ زەرد، تۆخی و کاڵ بوونەوەی شەوقی ملوانکەکە واتای دوری و نزیکیت ئەبێ لەکەسەکە، بڕۆ بەدوایا بگەڕێ.

من تاسابوم بەڵام تاڕادەیەکیش ئومێدێکی زۆرم هەبوو بەوەی کە بتوانم ژیانیان ڕزگاربکەم هەڵەکەم چاک کەمەوە وەک دەرفەتێک بوو بۆمن کاتێک چووم بۆلای مایکڵ و بۆم باس کرد زۆر دڵخۆشبوو، کە ئەگەڕێتەوە باری ئاسای خۆی ئەوە شتێکی زۆر باش بوو بۆ ئەویش ئیتر چاوەڕێی مردنی نەئەکرد بەڵکو بەهیوایەکەوە ئەژیا، بەڵام مایکلیش پێویستی پێمە من چۆن بڕۆم؟ ئەگەر بشڕۆم لەگەڵ ئەوا زۆر زۆرم پێئەچێت مایکل خۆی ئەوەی باشەزانی بۆیە پێشەوەی هیچ بڵێم وتی ملوانکەکە بەرەو بڕۆ تەنها دنکی ملوانکەکەی خۆی لەمن ویستەوە و وتیشی کە هەتا لام بێت هیچ شتێکم لێ نایەت، بەڵام من نەمەتوانی بەتەنها جێی بهێڵم ئەو زۆر پەکەوتە بووە، ئێستا ئێمە بوینەتە هاوڕێیەکی تەواو بەردەوام پێکەوەین، بەڵام ئەو دڵنیای کردمەوە کە بەبونی ئەو دنکە مورووە کێشەی بۆدروست نابێ و وتی ئەمە پارێزگاری لەڕۆحم ئەکات و ئەمە تەنها ڕۆحم ئەپارێزێ ئەگینا کەس چاوی لەسەر نیە و سودی بۆیان نابێ تا هەوڵبەن لێمی ببەن و لەمە ترسابم لەنەبونی جاکا، تۆ ئەبێت بڕویت و بگەڕێیت و خێزانەکەمان دروست بکەیتەوە ئەمە تاکە شتێکە کە بمەوێ لەتۆ.

بۆیە خزمەتکارێکم بۆ گرت و شتەکانم کۆ کردوە و بەڕێکەوتم ئەڕۆشتم بێ ئەوەی بزانم ئەبێ بۆکوێ بڕۆم دەستم کرد بە گەڕان، ڕاستی زۆر قورسە گەڕان بەدوای کەسێکا کە ئەسڵەن ناونیشانی تەواویت نەبێ و ئەسڵەن نەزانی شێوەی چۆنە تاکە ئومێدم ملوانکەکەیە کە ڕێگای ئەوم نیشان بدات.

ئەوە وا بۆ دوو مانگە ئەگەڕێم کە ئەکاتە مانگی 8 تەواو ئەبێ. ئێستا گەڕان بۆ کچێکی لەو شێوازە کە شێوەشی هێندە جیاوازی نییە لەوانی تر شتێکی ئەستەمە، ئەگەر ملوانکەکە نەبوایە من بەتەواوی بێ هیوا ئەبووم و لەسەرەتاوە کۆڵم ئەیا و چاوەڕێی مردن ئەبووم لەگەڵ یادگاریەکانی ئەو کەسەی کە بەڕاستی خۆشم ویستوە.... ئێستا کەوەکو کەسێکی سەرلێشێواو کۆڵان بە کۆڵانی هەموو جێگایەک ئەگەڕێم و شتانی نوێ ئەبینم، ئەبینم کە بەڕاستی وڵات پڕە لەشتی سەیرو سەمەرە

شتانێک کە قەت بەمێشکما نەئەهات. هەمووی خەریکی دزی کردن و فێڵ کردنە لەیەک هەرکەس بۆی بکرێ ئەوەی تر لەناو ئەبات، کە ئێستا ئەیبینم وەک بڵێی لەجیهانێکی ترم شتێکی زۆر سەیرە چۆن ئەبێت ئاوا؟ هەتاوەکو نەگەڕێیت نازانی چ شتانێکی سەیر هەیە، لەوانەیە بڵێم کە هەتا نەیبینی نازانی چۆنیە! لەوانەیشە هەر بڕوا نەکەیت

لەبازاڕی "کلۆچ نابوکا" ئەگەڕام شاری کلۆچ نابوکا من پێشتر چەند جارێک سەردانیم کردوە و هاوڕێ و ناسراوی باوکم و خۆشمی زۆر لێیە بەڵام بەم حاڵەوە ناتوانم بچم بۆ لایان، ئەوەشم با بیرنەچێ من سەر بەشارێکی ترم سەر بە ڕۆمانیایە ئەویش ناوی "بوخارێستە" واتا من خەڵکی پایتەختم. کاتێک لە کلۆچ نابوکا ئەگەڕام هەستم کرد شەوقی ملوانکەکە بووە بە زەرد بەڕادەیەک کە زۆر نزیک بێت لێمەوە !. کە بە تەواوی بوو بە زەرد پەشۆکام و سەیری دەوروبەری خۆمم کرد بەڵام لەپڕا ئەو ڕەنگە کاڵ ئەبووەوە، ئەوکات زانیم ئەفسانەکەی ئێمە لە کلۆچ نابوکایە.، کە ئێستا دڵنیام کچەکە لەمنەوە نزیکە هەوڵەکانم چڕتر ئەکەمەوە ئەوە هیوایەکی گەورەیە بۆمن لە هەموو سوچێکی بازاڕەکە ئەگەڕام.

کەوایە من نزیک بومەتەوە لەو کەسەی کە ژیانی ئێمە ئەگۆڕێ ئەی خودایە چەند باش بوو دووبارە دەرفەتێکی ترت دابە من. کە خەریک بوو لە کچەکە نزیکتر ببمەوە و ڕەنگی ملوانکەکە زیاتر تۆختر ئەبوو کەسێک هاتە بەرامبەرم کە ڕوخساری داپۆشراوبوو بۆم دەرکەوت کە یەکێکە لە چەتەکانی سەر ڕێگا کە جانتاو جزدانی خەڵکی ئەدزن ، بە شێوەیەک سەیری ملوانکەکەی دەستمی ئەکرد کە زۆر ترساندمی وتی:

هێی پیرەژن، بەبێ ئەوەی هیچ دەنگێک دەربکەی هەموو ئەو کەلوپەلە گران بەهایانەم پێبدە کە پێتە گەرنا ئەو ڕوخسارە پیرەت وێرانتر ئەکەم.

هیچ جێگایەک نەبوو تا هەڵبێم و بۆ خولەکێک چاوم چووەسەر دەستەکانی دەبەیەکی بچووکی پێبوو.

ئەیخوایە ئەوە چیە! لەناکاو بەرەو رووم هات و پەلاماری یام و ویستی ملوانکەکەم لێ ببات بەڵام بە هەموو هێزی خۆمەوە هەوڵمەدا لێی رزگارمبێ بەڵام...دەبەکەی کردەوە و شتێکی رشت بە روخسارما هەستم کرد ئاگر لەسەر روخسارم کراوەتەوە بە هەموو توانام هاوارم کرد و داوای یارمەتیم ئەکرد ئەی خوایە ئەوە....ئەوە چی بوو؟!

کە بەو حاڵەوە بینیمی ترساو جانتای پارەکەمی برد و رایکرد.

دواتر هێندەم زانی کچێکی قژ رەش کە چاوە رەنگ زەردبووەکانی لە روناکی خۆر ئەچوو هاتوو لە بەرامبەرم وەستا، دڵنیابوومەوە کە ئەوە ئەو کەسەیە کە ژیانی هەمووومانی پێوە بەندە تەنانەت پێویستم بە سەیرکردنی ملوانکەکەش نەبوو تا دڵنیابم ئەو روناکییەی چاوەکانی و ئەو گەرمیەی رۆحی کە هەستم پێ ئەکرد هەمان شت بوو کە لەسەیرکردنی جاکدا ئەمبینی ئەوە خۆیەتی بەڵام کە باوکی هاتوو پرسی چی بووە ترسام و وتم باشم و روخسارم لە سوتاوی کۆنە و ئازاری نییە بەهۆی هێزی ملوانکەکەوە برینەکەم بە خێرایی بەرەو چاکبوونەوە ئەرۆشت بۆیە زۆر نوێ دیار نەبوو و گومانیان لێ نەئەکردم و رۆشتن. هەوڵمدا بەدوایاندا برۆم بەڵام زۆر ماندووبوم و هێشتا روخسارم ئازاری ئەیام بۆیە تەنها توانیم بۆ ئەو رۆژە شوێنێک بدۆزمەوە و ژوورێک بە کرێ بگرم تاوەک و بەئارامی بتوانم پشو بەم.

وا نزیکی پانزە رۆژێکە رەنگی ملوانکەکە زەرد نەبۆتەوە، بەهەرحاڵ ئەمە پانزەیەم رۆژە کاتێک نزیک بومەوە لەدارستانی هویا ئەوکات رەنگەکە دوبارە گۆرایەوە بۆیە بەرەو دارستانەکە بەرێکەوتم کاتێک تۆ هاتی بەرەو رووم و رەنگی چاوەکانت زەرد بوونەوە ئەمتوانی هەمان رەنگدانەوەی چاوەکانی جاکیان تێدا ببینم، کاتێک هاتیتە بەرامبەرم و دوای قسەکان دەستم لێتدا لەرێی ملوانکەکەوە شوێنی تەواوتم دیاری کردیت،

هەتا ئەمرۆو لێک نزیک بونەوەت و قسە کردن لەگەڵت تەنها هەشت دەنکە مورو لەو ملوانکەیە روناکی تێداماوە واتا تۆ شەست رۆژت لەبەر دەستە تا نەفرینەکە هەڵبوەشێنیتەوە ئەگەر نا زۆرێک لەناو ئەچن! ئەوکات هەمووشتێک کۆتای پێدێت، ماریلا باوەرم پێبکە ئەوانەی تازە بۆم باسکردی هەمووی راستین و هیچ پاڵنەرێکم

نییە کە وام لێبکات فێڵت لێبکەم. خۆشت ئەزانی تۆ جیاوازی هەمووکات لە منداڵانیتر جیاوازبووی و توانای سەیرت هەبووە پێویستە یارمەتیم بەیت!. تکایە، بۆ ئێمە نا بۆ خۆت چونکە دڵنیابە ئەگەر جاکیش بمرێت مامی بەدوای ڕۆحێکی هاوشێوە ئەگەڕێت و ژیانت وێران ئەکات هەموو خۆشەویستەکانت ئەکەونە مەترسییەوە!.

- ئەم شتە سەیرانە بڕوا پێکراو نیە چۆن ئەبێت؟! یانی تۆ ئافرەتێکی گەنجیت؟ چۆن شتی وائەبێ؟!

-بەڵێ ماریلا من کچێکی بیستو دوو ساڵەم، لەوانەیە جێی بڕوا نەبێت ئەویش هیچ خەتایەکی تۆی تیا نیە بڕوا نەکەی هەتا منیش بومایە بڕوام نەئەکرد! بەڵام من لەناو ڕووداوەکەم بۆیە ناچارم بڕوابکەم و شتەکان قبوڵ بکەم.

-ئەم هەموو چیرۆکە چیرۆکێکی بێماناو هیچە ئەزانیت؟

-بەڵام ڕاستیە ماریلا ڕاستیە تێبگە.

-چۆن بتوانم یارمەتیت بەم؟

-ئەبێت ملوانکەکە لەمل بکەیت و هێزی تۆو جاک یەک بگرن و دواتر ڕێگە چاریەک بدۆزینەوە.

-هێزی من؟!!

-بەڵێ هێزی تۆ چونکە جاک هێزێکی زۆری لەدەست یاوە جاک هێزی تۆی پێویستە.

من شۆکم و بیرکردنەوەیەکی قوڵ بەسەر مێشکما زاڵ بووە. نازانم کە بڕوا بکەم یان نا؟! بەڵام پێم بڵێ سودی چی لێئەبینێ کە لەیلا ئەم چیرۆکە هەڵببەستێ لەلایەکی تریشەوە خۆمن هەر چەند مانگێکە زیاتر هەست بەهێزی سەیرو سەمەرە ئەکەم زیاتر شتەکان بەسەرما زاڵ بووە، ئەگەر ڕاستی بڵێت و ژیانی خێزانەکەم لە مەترسیابێ؟! من هەرگیز ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم کە دایک و باوکم لەدەست بدەم هەرگیز ناتوانم بیریشی لێ بکەمەوە!، بڕواش نەکەم لۆمەی ئەوانی تر بۆ بکەم کە

بڕوا بەمن ناکەن؟ ئەوەندەی لێکم یاوەتەوە لەچیرۆکەکەی لەیلا ڕۆحی جاک چالاک بۆتەوە کاتێک ملوانکەکە دروست کراوەتەوە و هێزی منیش ئەوکاتانە زیادی کرد. وشتانێکی سەیر ئەهاتە ڕێم، هەڵبەت با بڵێین بەخەبەر هێنانەوەی ڕۆحی جاک وایکردووە تواناکانی من زیاتربن!. لەلایەکی تریشەوە لەیلا پێی وتم کە شەست ڕۆژ لەژیانم ماوە، زەرەیش ناکەم ئەگەر بەدوایدا بچم یان ئەتوانم ڕاستی و هەڵەی ئەم چیرۆکە بزانم بۆیە لەلەیلام پرسی:

-کوا ملوانکەکە؟

-فەرموو ئەوەتا.

-بەڵام، خۆ ئەم ملوانکەیە زەردە!

-بەڵێ بەڵام خۆ پێم وتبویت کە بەنزیک بونەوە لەتۆ دەبێتە زەرد. کردمە ملمەوە و هێندەم زانی شتێک هات و منی برد لە ڕەشەبایەک ئەچوو وەک ئەوە وابوو لە گەردەلوولێکدا بەخێرایی بسوڕێمەوە. لەشوێنێک منی وەستاندەوە کە لەبەردەممدا دوو کوڕ هەبوون. دانەیەکیان سی و پێنج ساڵێک ئەبوو بەڵام ئەمەی تریان کەمێک گەنجتر تربوو ئەزانم بیست و پێنج ساڵ بەرەو سەرەوە ئەبوو، کاتێک چومە بەردەمیان وەک بڵێی ئەمناسن وە ئەو کوڕەیان کە گەنجتر دیاربوو هاتە لام و دەستی خستە سەر شانەکانم و وتی:

- هێی کچی باش سپاست ئەکەم.

- ها..، کێی تۆ؟ بۆ سپاسم ئەکەی!!

-من جاکم، لەبەر ئەوەی کە هاتیت بۆ ئێرە

-کەوایە هەموو ئەمانە ڕاستن!.

-بەڵێ بەداخەوە.

-من.. من بۆ لێرەم!؟

تا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە چەندە خۆشبەختیت
کاتێک هەست بەبۆن کردن یان تام کردن ئەکەی
یان هەر یەکێک لەپێنج هەستەکەت؟
لەکاتێکدا ئەوانە بەشێکن لەژیانی تۆ و ژیانت خۆش ئەکەن
سپاس گوزاربە تۆ شتانێکی بەنرخت هەیە
کە تەنها بەلەدەست دانی نرخیان ئەزانیت



-ملوانکەکە تۆی هێنا بۆلای من بۆ ئەوەی بتوانم ڕوبەڕوو قسەت لەگەڵ بکەم. لانیکەم بزانم ئەو کەسەی کە ئەتوانێ تەلیسمەکەم بەتاڵ بکەیتەوە یاخود نا.

-واتا چۆن؟

دەستی گرتم و باییا تەنها بەکەمێ ئازار وەک وەحشێک ڕەنگم گۆڕا!، وەک شێر نەڕاندم و بەرپەرچم دایەوە! ئەوە لەدەست خۆم نەبوو نەمەزانی چۆن ڕوویدا ئەگینا خۆمم کۆنترۆڵ ئەکرد، بەڵام جاک پێکەنینێکی ساردی بۆدوست بوو وەک بڵێی پێی خۆشبێ بەڵام کێشەکەی لاقورس بێت. بەڵام بۆچی؟

-ههها کەوایە هێزەکە بەسەرتا زاڵ بووە. ئێستا ئەتوانم هێزەکەی خۆم لەتۆیا نەشارمەوەو پێشکەشت بکەم بەتەواوی! هێزە خەوتوەکەی ناو جەستەمت بەتەواوی پێ ئەبەخشم...

-تۆ چی ئەڵێی جاک؟

-سێرکە باپێت بڵێم تۆ تواناى خوێندنەوەی مێشکی کەسەکانت هەبووە؟

-بەڵێ وایە.

-بەڵام بۆچی ناتوانی من و لەیلا و ئەم کوڕەش بخوێنیتەوە؟

کەمێک وەستام و بیرم لێکردەوە و لەخۆمم پرسی بەڕاست بۆچی ناتوانم؟! من تاڕادەیەک لە خوێندنەوەی درۆ و ڕاستی قسەکان باشبووم. بەڵام بۆچی بۆئەمان وانیم؟؟

-سێرکە ماریلا هێزی ڕاستەقینەی خوێندنەوەی مرۆڤەکان هی تۆ نیە.

- چیی؟!

-ئەم کوڕەی لەبەر دەماندایە و ئەیبینی،

هێزی ئەستێرەی ئاگرینی هەیە. ئەم کوڕە هێزەکەی لەشەودا بەهێزە و ئەم توانای خوێندنەوەی ناخ و خراپە کاری هەیە، ئەزانی هەڵسوکەوتی مناڵیت لەوەتەی هەستی پێ ئەکەی ڕەنگدانەوەی هێزی ئەمە!.

-ئەمە کێیە بۆچی من ڕەنگ دانەوەی ئەوم هەیە؟!

-تۆ ئەوکات پێنج ساڵان بویت. کاتێک بویە کێشە بۆمان ڕاستیەکەی من بۆ ڕزگار کردنی کۆمەڵێک خەڵک من هێزی ئەستێرەی ئاگرینم تێک شکاند و ڕۆحەکەیم لەناو جەستەی تۆ گیر کرد تۆ ڕەنگ دانەوەی ئیشەکانی ئەوت هەبوو. بەڵام بەسەرتا هێندە زاڵ نەبوو ئەگینا ئەوکات خراپەکاریەکانی لەجەستەی تۆیا ئەنجام ئەدا بۆیە بویت بە کێشە بۆمان ترسام زیانت پێ بگەیەنێت دوای شکانی ملوانکەکەو کەمبوونەوەی هێزی من خەریکبوو هێزەکانی زاڵ ئەبوو بەسەرتدا بۆیە هەستت ئەکرد تواناکانت زیاتربووە. بۆیە من هێزم لێسەندەوەو خستمە ناو دنکێک لەملوانکەکەوە لەئێستایا ئەویش وەک ئێمە بارودۆخی نادیارە. و ناتوانی بمان خوێنیتەوە چونکە کاریگەری جادوەکەمان لەسەرە.

-کەوایە ئێستا ئەم چی ئەکات بۆچی لەگەڵیای؟. ئەو دوژمنی تۆیە.

-ئەو ئەبێ لەگەڵمان بێت بۆئەوەی ڕزگاری بێت. وەک وتم بارودۆخی وەک ئێمەیە ئەویش لەگەڵ ئێمەیا تیائەچێت و بارودۆخی لەنادیاری ئەمێنێتەوە بۆیە ناچارە یارمەتیمان بدات.

-کەوایە بۆچی تۆ دەستمت بایا و ویستت ئازارم بدەی؟

-وام زانی هێزە ڕاستەقینەکەی خۆت لەناو چووە بۆیە ویستم دڵنیاببمەوە کە هێزی خۆت ماوەتەوە یان نا.

- واتا چۆن؟

- تۆ هێزی ڕوناکیت، تۆ تورە بکریێ ژیانی چواردەورەکەت لەناو ئەبەیت. بەڵام ئەوەندەی من لەژیانت ئاگادار بوبێتم تۆ توڕەبونت نەبووە بۆیە وام زانی هێزەکەت

بەبۆنەی ئەستێرەی ئاگرینەوە لەناو چووە بەڵام نا تۆ هێشتا ئەفسانەی هێزەکانیت کە تایبەت مەندیەکەت وای کردوە هێزەکەت دەرنەکەوێ.

-ئەمانە وەک چیرۆکێک وان کە پاڵەوانەکانی لەخۆڕا دروست ئەبێ بێ هیچ هەوڵیانێک.

-بەڵێ بەڵام ئەکرێ لەڕاستیشا ڕوبدات.

-بەڵام من لێرە پاڵەوانێکم کە تەنانەت نازانم ئەبێ چی بکەم تاوەکو کۆتایی بە خراپە بهێنم، چی ئەگەر شکستم هێنا؟ من نامەوێ خێزانەکەم بەهۆی منەوە بکەونە مەترسیەوە بیرکردنەوە لەو بابەتە بە هەموو شێوەیەک ئەمترسێنێت.

- سەیرکە ماریلا. هیچ شتێک ڕونادا گەر بەڵێنم پێبدەی بە تەواوی لەگەڵم بیت گەر هێزەکانمان یەک بخەین و بەتەواوی ڕێگەم بدەی تواناکانت بەکاربێنم ئەوەندە بەهێزەبین کە تەنانەت مامیشم ناتوانێ ڕوبەڕومان بووەستێتەوە!. تەنیا باوەڕت هەبێ باشە؟.

- بەڵام ....

- بەڵام نا... ڕێگە بە هیچ گومانێک مەدە کاریگەری لەسەر بڕیارەکەت هەبێ.

دڵنیام ئێستا مامم لە پەناگەکەی هاتۆتە دەرەوە و بۆ تۆ ئەگەڕێ، ئەوەش بۆی ئاسان ئەبێ دڵنیابە هیچ دوور نییە چەن ڕۆژێکی تر کۆمەڵێکی زۆر کەسی ترسناک لە چواردەوری ماڵتان ببینیتەوە جا بە ویستی خۆتبێ یان بە وێرانکاری تۆ ئەبەن و ناچارتەکەن هەموو ئەو توانایەی هەتە بەوانی ببخەشی و بەتەواوی ڕۆحت ئەبێتە کۆیلە!.- من...من باوەڕت

پێناکەم، تۆ و لەیلاش درۆزنن کێ ناڵێ ئێوە کەسە خراپەکە نین؟ کێ ناڵێ ئەو چیرۆکە تەنیا هەڵبەستراو نییە تا من فریوبدەن و بۆ مەبەستی خۆتان بەکارم بهێنن؟ من هەرگیز باوەڕتان پێناکەم.

- ماریلا تکایە گوێم بۆ بگرە من ...

- بێدەنگبە. ئێستاش بمگەڕێنەوە ماڵەکەم!. نامەوێ تەنها خولەکێکی تریش لێرە بمێنمەوە.

- بەڵام...

پێشەوەی جاک قسەکانی تەواو بکا باوکم بانگی کردم:

- کچم، گیانەکەم، هەستەوە ماریلا چاوەکانت بکەرەوە گیانی بابە.

چاوەکانم کردەوە و زانیم کە وایان زانیوە بوراومەتەوە بەڵام بەڕاستی ئەوە تەنیا خەون بوو؟

سەیری چواردەورم کرد هیچ ئاسەوارێکی لەیلا بوونی نەبوو!، تەنانەت وەک ئەوەی کە ئەسڵەن نەچوبێتمە لای ئەویش بەڵکو هەر وەک بڵێی لەماڵەوە بوبێتم.

ئەوەی زیاتر سەرسامی کردم ئەوەبوو کە پرسیم من لەکوێم لەکوێیە؟ باوکم وتی: لەکوێ؟ کچم تۆ لەماڵەوەی ئارام بەوە ئەمڕۆ تۆ بورایتەوە کاتێک لەگەڵ منا قسەت ئەکرد بیرت نایە؟

دڵنیابووم ئەوەش یەکێکە لە کارە بێماناکانی خۆیان. بەڵام ناهێڵم ئەو فێڵانەیان کار لەمن بکات ئەوان ناتوانن هەروا بە ئاسانی بەکارم بهێنن وەک ئەوەی بوکەڵەیەکبم.

هیچم بە باوکم نەوت نامەوێ بەو باسە بێمانایانەش سەرقاڵیان بکەم هەرخۆی ئەو ماوەیە بەهۆی منەوە زۆر نیگەرانبوون. تەنیا وتم ماندووم پێویستم بە هەندێک پشووە هەموو شتێک باشەبێ بزەیەکم بۆ کردن و وا دیاربوو کە ڕازی بوون هەندێک کاتم پێ ببەخشن تا کێشەکانم چارەسەر بکەم.

لەسەر جێگەکەم ڕاکشام و بێ ئەوەی بمەوێ قسەکانی جاک لە مێشکم ئەسوڕانەوە گومانم بۆ دروستبوو کە بڕیارێکی هەڵەم داوە بەڵام چی گەر تەنیا بیانەوێ دوودڵم بکەن تا هەڵم بخەڵەتێنن؟!

بیرم ئەکردەوە و چاوەکانم داخست...

کە لەسەر جێگاکەم بووم لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە چەند کەسێکم بینی کە بەرەو ماڵی ئێمە ئەهاتن جلی سەیریان لەبەربوو وەک ئەوەی هەموویان پیاوی حکومەتبن بەڵام گوێم پێەنەیا و ئەمویست بخەوم کە گوێم لە دەنگێکبوو! ڕۆشتمە دەرەوە تا ببینم بەڵام ئەیخوایە ئەوە چی ئەبینم؟! باوکم لەنێو خوێنی خۆی نوقم بووە و دایکم بەدەم گریانەوە ئەڵێ هیچ کچێکم نییە بەناوی ماریلا هاوار ئەکات وەک ئەوەی پێم بڵێت ڕاکە و من سەرقاڵیان ئەکەم.....

ڕۆح لە جەستەمدا نەمابوو ڕەنگم سپی هەڵگەڕا کە باوکمم بەو شێوەیە بینی ئەوانە بەهۆی منەوە ڕوویاندا؟ من؟ ئەمزانی گەر ڕابکەم هەمان شت بەسەر دایکیشما ئەهێنن، بۆیە تەنیا ڕۆشتم و وتم من ماریلام دورنەونەوە لەخێزانەکەم، ئەوان بە سەلامەتی جێ بهێڵن و بەڵێنەدەم بیر لە ڕاکردنیش ناکەمەوە.

سەیرێکی باوکم کرد و بینیم بە چەقۆ لێیانداوە بەڵام سەلامەتە لەوانەیە ئەوە خۆشترین ساتی ژیانم بوبێ کە ئەوم بە سەلامەتی بینی ئێستا ئیتر گرینگ نییە چی ڕووئەدات گرینگ ئەوەیە دایک و باوکم تێکەڵ بەو کێشانە نەبن کە نەنانەت بەبێ ویستی خۆم تێیان کەوتوم.

سەیرێکی ڕوخساری دایکمم کرد و پێم وت بێخەمبە هەموو شتێک باشەبێ. ئەگەڕێمەوە!.

دواتر بە پیاوەکانم وت من ئامادەم با بڕۆین. لەگەڵیان ڕۆشتمە دەرەوە و سەر گالیسکەیەکی گەورە کەوتم هەر ئەوەندەی بەڕێکەوتین تاکە شت وتم ئەوەبوو گەر تەنانەن یەک جاریتر، یەک جاریتر! لە خێزانەکەم نزیکبنەو. بەڵێنبێ لە بچوکترین دەرفەت خۆم ئەکوژم!.

پیاوێک کە ڕوخساری بەتەمەن دیاربوو دیاربوو لەکەسە بێ هێزە پشت چەماوەکان بوو دیاربوو کە زۆر پیربوو، گوچانێکیش بەدەستیەوە بوو و لە بەرامبەرم

ئەگەر ڕۆژێک هاتیت بۆلێخۆشبوون، بزانە من لێتخۆشبووم
لەپای ئەوەی ڕۆژێک هاتنە لات بۆلێخۆشبوون لێیان ببوری و
داواکاربیت ئەویش هەمان شێوازی بکاتەوە و لێیان خۆشبێ
کێ ئەزانێ لەوانەیە ڕۆژێک منیش
بۆداوای لێخۆشبوون ڕێم بکەوێتە یەکێک لەوان



دانیشتبوو پێکەنی و وتی: هههه تۆ لەوە بوێرتری کە چاوەڕوانم ئەکرد. ئەو هەموو بوێرییە لە کچێکی بچووکی وەکو تۆ نیشانی ئەدا کە بۆچی تۆ هەڵبژێردراوەکەیت.

لە ناخی خۆمدا ئەموت هەڵبژێردراو. چی هەڵبژێردراوێک؟ هەمووان هەڵبژاردەیەکیان هەیە جگە لە من، وە ئەشڵێن ژیان لەگەڵ هەموو کەسێک یەکسانە سەیری ژیانی منیش بێ ئەوەی بمەوێ کەوتومەتە کوێ.

بەهەرحاڵ هیچم نەوت تا گەیشتینە جێگایەک، چ جێگایەک!. ئەوەندە گەورە ئەوەندە ترسناک بە تەواوەتی لە ماڵی نێو فیلمە ترسناکەکان ئەچوو وەک بڵێی تارمایی تێدا بەندکرابێ کە بەنێو ڕێڕەوەکاندا تێئەپەڕین دڵم خێراتر لێیەدا ڕۆحم تا قوڕگم هاتبوو وەک ئەوەی گیانم بکێشن دواتر

زانیم کە ئەوانە لەچاو ئەوەی چاوەڕێم ئەکەن لەو ژوورەی کە منی بۆ ئەبەن تەنیا خەوی ناخۆشی منداڵێکی بچووکە، ئەوەی چاوەڕێم ئەکات کابوسێکی ڕاستەقینەیە.

دەرگای ژوورەکەیان کردەوە و تەنها بە بینینی بەشێوەی مردن ئەترسای! ئەوە ژوورێکی ئاسایی نەبوو بەڵکو ژووری ئەشکەنجەدان بوو!.هەنگاوێک گەڕامەوە دواوە تا پشتم بەر یەکێک کەوتم و وتی: چییە بچکۆل ئەبینم بوێریەکەت فڕیوە، خەمت نەبێ نامریت چونکە پێویستم پێتە تەنانەت ئەگەر بشتەوێ بمری و هەوڵی خۆ کوشتن بدەی ناتوانم ڕێگەت پێبدەم! بۆیە بە ئاقڵی بڕۆ ژوورەوە و لەسەر کورسیەکە دابنیشە بە خۆشی بێت یان بە زۆر خۆت هەڵی ئەبژێری و بێگومانبە ڕێگای دووەم بە دڵی تۆ نابێ!

ئەوەندە ترسابووم کە تەنانەت نەمەتوانی هەناسەش بدەم لێدانەکانی دڵم ئەوەندە خێرا بوبون دەستم بە سینگمەوە گرتبوو بە شێوەیەک وەک ئەوەی بمەوێ ڕێگە لە دڵم بگرم لە سینەم نەچێتە دەرەوە.

ڕەنگم سپی هەڵگەڕا و ئارەقەم کردبوو بیرم ئەکردەوە گەر ئەوە کۆتایم بێ چی؟

دواتر دوای ئەوەی فشارم لەخۆم کرد تا بتوانم قسە بکەم پرسیم: دایک و باوکم؟ ئەوان.. ئەوانیش وەک و من؟

پیرە پیاوەکە قسەکانی پێ بڕیم و وتی ئەوان باشن بچکۆل من کارم لەگەڵ تۆیە نەک ئەوان و ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوامبیت لە خۆ دواخست دڵنیات ئەکەمەوە بۆ ئەوان باشنابێ بۆیە وەک کچێکی ژیر مامەڵە بکەو بڕۆ ژوورەوە دانیشە.

هەناسەی خۆم قوتدایەوە وەک ئەوەی ڕۆحم قوتیابێ تا لەجەستەم دەرنەیەت.

ڕۆشتمە ژوورەوە و سوێند ئەخۆم هیچ کاتێک لە ژیانمدا ئەوەنە هەستم نەکردووە لە مردن نزیکبم! لە دڵی خۆمدا ئەمپرسی ئەوانە کێن؟ ئایا جاک و لەیلا ئەوەیان لەگەڵ کردووم ئەوان بەڕاستی فێڵبازبوون؟ ئەوە تەنیا ترساندنی منە تا بە پلانەکانیان ڕازیبم؟ بۆ خاتری خوا چی لێرە ئەگوزەرێ؟!

ئەوان بۆ خۆیان نایەن و ئەو پیاوانەیان ناردووە تا بمترسێنن؟.

بەشێوەیەک خەیاڵم ڕۆشتبوو کە پێم بەر کورسیەکە نەکەوتایە بەدەم پرسیارکردنەوە تا کۆتایی دونیا ئەڕۆشتم بێ ئەوەی هەستیشی پێ بکەم.

کەسێک کە لە پاسەوان ئەچوو بەرەو ڕووم هاتوو وتی واز لە خەیاڵە پەمەییەکانت بێنە و لەسەر کورسیەکە دانیشە بچکۆل ئەوەی لە تەنیشتی وەستابوو بەشێوەیەکی گاڵتە جاڕانە وتی خەیاڵی پەمەیی لە جێگایەکی لەم شێوەیەدا و بە ڕوخسارێکەوە کە لە جەستەی بێ ڕۆح ئەچێ شتێکی باشە هههە کەوایە بەردەوامبە لە خەیاڵکردن چونکە ئیتر لە تاریکی زیاتر هیچیتر نابینی ئازیزم.

هەموو ئەو قسانە وایان لێ ئەکردم زیاتر و زیاتر بترسم دانیشتم و ئەو دوو پاسەوانەی لە تەنیشتم وەستابوون دەستەکانیان بە کورسیەکەوە بەستمەوە و وتیان بۆ هیچ جێگایەک ڕانەکەی بچکۆل، من یەکەم جارمبوو ئەو شتانە ببینم بۆیە تەنانەت نەمەزانی چی چاوەڕێم ئەکات هەرچیەک بێت دڵنیام شتێکی باش نییە و ئەبێ لێرە ڕزگارم بێت.

پیرە پیاوەکە دیسان هاتەوە و وتی بیرتان بێت چیم پێوتن گەر زیاد لە حەدبێ و شتێکی لێبێت یاخود بمرێ هیچ نەفرەتیەکتان بە زیندوویی لێرە ناچێتە دەرەوە پێویست ناکا جارێکیتر بیرتان بێنمەوە. ئاشکرایە؟.

هەمووان وتیان بەڵێ خەمت نەبێ گەورەم ئێمە بەتەواوی وریا ئەبین.

ئەوەندە توڕەبووم قسەکانم پێ بڕین و هاوارم کرد جاک، لەیلا ئەگەر ئەوەش پلانێکی ترە تا ڕازییم هیچ خۆش نییە لەکوێ خۆتانتان شاردۆتەوە؟ وابزانم ئەوەنە ترساندنە بەسە وەرنە دەرەوە و کۆتایی پێ بێنن.

پیرە پیاوەکە بێ ئەوەی بهێڵێت یەک وشەیتر بڵێم هاواریکرد و وتی ئەو دوو گەمژەیەت بینیوە کەوایە هەموو شتێک زۆر باش ئەبوو گەر ئەو لەیلا نەفرەتیە دەرنەکەوتایە و جاکی نەگۆڕیبا خەریکبوو ڕازیم ئەکرد تا ئەو هێزە گەورەیە وەربگرێ کە پێشکەشم کردووە تەنیا یەک تۆزی مابوو تا ئەو نەفرەتیە دەرکەوت دواتریش هەموو تواناکەیم ئەدزی و ئەبووم بە بەهێزترین کەسی جیهان بەڵام بەناسینی لەیلا شکستم هێنا دوبارە ویستم لەیلا هەڵبخەڵەتێنمەوە ئەمجارە کاترینی نەفرەت لێکراو هەمووشتێکی تێک یاو ئەو کچە بێمێشکەش ملوانکەکەی شکاند و ئێمەی بەرەو لەناو بردن برد، هەموو شتێکیان لێ گۆڕیم سەیرمکە چیم لێهاتوە پیر بێ هێز تەنانت پێویستم بە کەسێکە تا لەسەر جێگا هەستمەوە نەکەی! نەکەی یەک جاریتر ناوی ئەو گەمژانە لای من بێنیتەوە! گەرنا ڕۆژەکانت دوو ئەوەندە تاریک ئەکەم وە بڕوام پێبکە زۆرم بە جدییە!.

گەر جاک ڕازی نەبوو بە ئاسانی ئەو هێزەم پێشکەش بکات من بە ڕێگا قورسەکە بەدەستی ئەهێنم. دەست پێبکەن و ئەوە لەبیرکەن کە پێم وتن ڕێگا قورسەکە بگرنە بەر تاوەکو دڕندەکەی ناخی خەبەری ئەبێتەوە بە قورسترین ڕێگا سزای بدەن.

کەوایە ئەو، ئەو مامی جاکە؟ لەیلا ڕاستە...

نەمتوانی بیرکردنەوەکانم تەواو بکەم کە هەستم کرد شانەکانم ئەسوتێن و لە هاواری خۆم لە خەیاڵەکانم بە ئاگاهاتمەوە.

هاوارم ئەکرد و ئەگریام بەڵام ئەشکەنجەکان زیاتر و زیاتر ئەبوون هەستم ئەکرد کەم کەم ئەبمە دڕندە بەڵام هەر ئەوەندەی نزیک ئەبومەوە لە گۆڕان لە ئەشکەنجەدانم ئەوەستان دواتر گوێم لێبوو مامی جاک لەگەڵ کەسێک قسەی ئەکرد و باسی شتێکی

وەکو گۆڕانی هەتاهەتای و کۆنترۆڵکردنیان ئەکرد، کەوایە ئەوەی ئەیانەوێ تەنیا گۆڕانی منە بۆ دڕندەیەک و دزینی ڕۆحم و هێزەکەم

دیسان خەیاڵەکانیان لێ بڕیم و ئەوەندە ئازارم هەبوو کە هەستم ئەکرد ئەمرم هێزی هاوارکردنیشم نەمابوو دەستم بە گریان کرد ئەوەندە گریام و هاوارم کرد گوێم لە دەنگی باوکم ئەبوو کە بانگی ئەکردم. ماریلا، ماریلا ڕۆڵەکەم هەستەوە کچم گیانەکەم.

ڕاچڵەکام و هاوارم کرد بمکوژە و بهێڵە ئاسودەبم تکایە بمکوژە تەنیا ئەو ئازاردانە بوەستێنە!

باوکم بەزۆر دەستەکانی گرتبووم تا خۆم ئازار نەیەم و بەردەوام ئەیوت ئارامبەوە گیانەکەم ئارامبەوە تەنیا خەونێکی ناخۆش بووە ئارام بەوە.

سەیری چواردەورم کرد و دایکمم بینی و دەستم بە گریان کردەوە و بە هەموو هێزمەوە باوکمم لە باوەشگرت و وتم ببورە هەرگیز نەمویستوە بەهۆی منەوە زیانتان پێ بگات تکایە بمبورە زۆرم خۆشەوێن.

باوکم وتی ئازیزم تەواو تەواو منیش خۆشمەوێی دڵنیابە هەرگیز بەهۆی تۆوە توشی کێشە نابین بگرە تۆ جوانترین شتی ژیانی ئێمەی.

دایکم کە بەرگەی نەئەگرد ئەو حاڵەم ببینێ و بەزۆر ئەو گریانەی ناخی ڕاگرتبوو ڕۆشتە دەرەوە، ئەوەندە ئەترسام کە نەمەویست بۆ چرکەیەکیش ئامێزی باوکم جێ بهێڵم بەردەوام بە توندی قۆڵەکانیم گرتبوو دوو ڕۆژ تێپەڕی و خەریکبوو هەندێک ئاسایی ئەبوومەوە بەڵام ئێستاش کە ئەو ڕوخسارەم بیرەکەوێتەوە ئەو ئەشکەنجە و ئازارانە هیچیان تەنها لە خەوێک نەئەچوون ئەوە زۆر لە ڕاستی ئەچوو! بۆ چرکەیەکیش لە مێشکم دەرنەئەچوون هەموو ژیانم وەکو خەوێکی ناخۆشی لێهاتبوو. نەمەویست ژوورەکەم جێ بهێڵم یان لە ماڵەوە بچمە دەرەوە و باوک و دایکیشم ئەیانزانی کە باشنیم بۆیە هیچ کات پێداگریان نەئەکرد لەگەڵم ئەوە زۆر دڵخۆشی کردبووم کە بەو شێوەیە لێم تێئەگەن و هەمووکات لەگەڵمن.

خەوەکانم ئەبنە ڕاستی ئەگەر من بەهەمان شێوە بجولێمەوە.

دوای تێپەڕینی ئەو دوو ڕۆژە هیچ هەواڵێک لە لەیلاو جاکەوە نەبوو. دڵم پێی ئەوتم کە پێویستە بە قسەکانیان ڕازی بیت گەرنا شتەکان بەباشی بەڕێوە ناچن، جگە لەو ئازارانەی پێیدا تێپەڕیم ناتوانم ببینم دایک و باوکم بە ڕاستی توشی کێشەبن و شتێکیان لێ بەسەربێ هەرگیز ناتوانم ڕێگە بەوەبەم ڕووبات.ئێستا سێ ڕۆژ لە ٦٠ ڕۆژەکە تێپەڕیوە و لە ڕۆژی چوارەم مامی جاک ئەبینم لەپەنجەرەکەوە بەهەمان شێوەی خەوەکەم دوبارە دەرکەوتەوە کە  هەمان دیمەنی خەوەکە ئەبینم ئەترسم و ئەزانم ئەوەی بینیویەتی بە ڕاستی ڕوو ئەدا بەڕاکردن چومە هۆڵەکە تا بەدایکو باوکم  بڵێم کە ئەبێ ڕابکەین بەڵام درەنگەبێت و ئەوان دەرگاکەیان کردۆتەوە کە باوکی خەریکە پیاوەکان کە چەکیان پێیە ڕابگرێ یەکێک ئەیەوێ بە چەقۆ لێیبات هاوارم  کرد و ئەڵێم لێرەم بوەستن ئەوکات هەستم کرد زۆر بێ هیوابووم لەپڕ جاک دێتەوە خەیاڵم ئەڵێ بەدەستی تۆیە ئەگەر ڕێگە بدەی جەستەت کۆنترۆڵ بکەم و هێزەکانمان یەک بێت دڵنیابە هیچیان بەسەر نایەت و ڕزگاریان ئەکەی ئەگەر هێشتاش ڕازی نیت بەڵێنبێ هیچ کاتێکی تر بێزارت ناکەمەوە و خۆم ڕادەستی مامم ئەکەم تا بتپارێزم چونکە توشی کێشەی زۆرم کردووی بێ ئەوەی خۆت بتەوێ بەڵام دڵنیابە مامم هەمووکات برسیە بۆ بەدەست هێنانی زیاتر وازت لێ ناهێنێ دوای ئەوەی منیشی کۆنترۆڵ کرد هێزی زیاتری ئەوێ،  تۆیش وێران ئەکا.

-پێویستە چی بکەم؟

-ڕێگە بدە هێزی من بەسەرتا زاڵبێ، ڕێگەم بدە جەستەت بەکار بێنم و ڕۆحمان یەک بگرێت.

-چۆن..چۆن وابکەم؟؟

-هەست بەڕۆحی من بکە لەڕۆحتەوە بانگم بکە، ڕازی ببە و لە دڵتەوە جەستەتم پێشکەش بکە.

-ئەوەتۆ ئەڵێی چی؟ ئەو شتە بێمانایە چیە لەم حاڵەتەیا؟


کاتێک جوانی دەموچاو کاتیە، جوانی ناخت بکە هەتا هەتای خۆت

-بانگم بکەو هەقت نەبێ، بەڵام لەناختەوە بیرت نەچێ.

-باشە.

ترس وای لێم ئەکرد نەتوانم کۆنترۆڵی خۆم بکەم و لەناخەوە قسەش بکەم هەرچۆنێک بێ ئەبێت ئەنجامی بدەم، لانی کەم لەپێناو خێزانەکەم و هیچی کە ئەبێ زاڵبم بەسەر خۆما و بانگی جاک بکەم ئەوە تاکە ڕێگەمە ڕێگای تر بونی نیە.

جاککک، جاااااک ججججاااااکککک!

ئەو وای ئەوت بەڵام ئەترسم شتێ ڕوبات کە دایکو باوکم لەدەست بەم هیوادارم هیچی وا ڕونەیا.

ترسی دەموچاوم نما و خەندە هاتە سەر لێوەکانم. لەوکاتەیا مامی جاک لەڕوم وەستابوو و ئەو پێکەنینە ترسێکی بۆ دروست کرد و کەمێک گەڕاندیەوە دواوە وەک بڵێی هەستی بەشتێ کردبێ منیش کە هێزی جاک کۆنترۆڵ بوبوو بەسەرما و جاک کۆنترۆڵی ئەکردم چومە پێشەوەو دەستم خستە سەر شانەکانی و چونکە پیاوێکی باڵا مامناوەندی پشت چەماوەی زۆر پیربوو من باڵام بەسەر ئەوا هەبوو دەمم خستە لای گوێیەوەو بەدەنگی جاک قسەم ئەکرد واتا جاک قسەی ئەکرد لەجەستەی من و پێی وت:-بەتەمایت من ببەزێنی؟ هەهەهەهە

-جاک!!! نەفرەتی ئەوە تۆیت نەفرەتت لێبێت

-ههه مامە خیانەت کارەکەم ئەتەوێ لەپێناو خۆت ئەو هەموو کەسە بێتاوانە لەناو ببەی؟ تۆی تەماحکار من لەخوێنت بوم، مایکل، کاترین چۆن ئەتوانی برازاکانت ئاوا لێبکەی لەبەر خۆت؟ خیانەت کار.

-ههههه ئەوەت باش بیربێت کە تۆیش ئەکەوتیتە هێزێکی زۆر باشەوە. تۆ جێنشینی من ئەبووی ئەگەر ئەو کچە نەفرەتیە نەهاتایە ئێستا پێم بڵێ چیت دەست کەوت لێی جگە لەوێرانکردنی خۆم و خۆشت؟!

-باسی ئەو مەکە!. ڕاستە ئەو هەڵەی کرد بەڵام خیانەت کارێکی وەک تۆ هاتیت و ویستت لەڕێگەی ئەویشەوەبێت بچیت ملوانکەکەم ببەی لەکاتێکدا تەنانەت هیچ کەسێک لەئەوانەی دەوری تۆ نەیان ئەتوانی بەلای ماڵی مندا بێن ئەوت هەڵخەڵەتاند لەپێناو خۆت چەند چەپەڵیت.

-بۆ؟ هێشتا گەمژانە خۆشت ئەوێ؟!!

-وتم باسی مەکە. با لەوە خراپتر نەکەم بۆ دورخستنەوەتان بڕۆ دوورکەوەرەوە ئەگەر نا...

-ئەگەر نا چی؟

-باش ئەزانی کە خراپ ئەکەم.

-بەو نیوە هێزەتەوە کە کچە نەفرەتیەکە هەمووی لێ بردی؟

-تەواوووو بێدەنگ بە! پێمممممم وتیــت باسی لەیلاااا مەکەەەەەە!

جاک لەوەیا کۆنترۆڵی لەدەست یا و دەستەکانی بەرز کردەوە و ئاگر ڕێژی کردن نیوەیان مردن و نیوەکەی تریشیان ڕایان کرد مامیشی بەشێک لەجەستەی سوتا و کەزانی هێزەکەی لەمنا بەهێزبۆتەوە ڕایکرد و دوورکەوتەوە

-جاک جاک.

-بەڵێ ماریلا چیت ئەوێ؟

-بۆچی لەناوت نەبرد؟

-ئەبێ بمێنێتەوە پێویستمە.

-سێری دایک و باوکم بکە ئەوان ترساون شتێک بکە.

-ئەبێت ڕاستیەکەیان پێ بڵێین!

-بەڵام ئەوان زۆر خەمبار ئەبن، ناکرێت.

-هیچ ڕێگە چارەیەک نیە، پێویستە ئەوان ببەینە شوێنێکی پارێزراو بۆئەوەی ئازاریان نەیەن لانیکەم مامم نەیان دۆزێتەوە و بەوان ناچارمان بکات خۆمان بەدەستەوە بدەین.

چوە لایان بەڵام دایک و باوکم ترس هەموو دەموچاوی داگیر کردبوون، ئەکرێ بڵێم بۆئەوان چەند هێندە بارودۆخەکە قورسبوو. جاک دەستی کرد بەقسە کردن و وتی:

- ببورە ئێوەشم بەم شێوەیە خستۆتە ئازارەوە بەڵام ئەمە لەپێناو ڕزگار کردنی ڕۆحی کچەکەشتانە.

-م..، م، ماریلا کچی خۆم؟

-ڕاستیەکەی من ماریلا نیم. بەڵکو ڕۆحی منی بەسەر خۆیا زاڵ کرد، ماریلا ئەتوانی قسە بکەی بۆچی هیچ ناڵێی؟.

ڕاستیەکە ئەوەیە ناتوانم هیچ بڵێم چی بەباوکم بڵێم؟ ئەو ئازار ئەچێژێت دایکم هەمان شت، ئەو بە وتنی ناویشم هێندە لەسەری قورسە هێهـ نازانم بەڵام لەوانەیە زیاد لەپێویست ئازاریان بەم بەڕاست من کەسێکی بێ هێزم کە ناتوانم کە لەم خەم و پەژارەیە ڕزگاریان بکەم؟

ئەوە بێزارمەکات و وام لێ ئەکات حەزبکەم بۆ هەمیشە لەم جیهانەیا نەمێنم. ئەبێت بڕۆم ئەکرێ لەم جیهانەدا شتانێکی وا ڕوبات جێی بڕوا کردن نیە؟ بەڵام خۆ من ئەوەتام تیایا!.

هیچ نەوترایەوە ئەکرێت بڵێم کە ئەوان زۆر زیاتر ماندوم ئەکەن.

هەرچۆنێک بێ جاک دایک و باوکمی ڕازی کرد بۆ ئەوەی بڕۆینە شوێنێکی سەلامەت، ڕاستیەکەی تا ئێستاش نازانم کە کوێیە یاخود بۆچی پارێزراوە بەڵام سەلامەتی ئەوان لەهەموشتێک گرنگترن. حەوت ڕۆژ تێپەڕیوە بەسەر 60

ڕۆژەکەیا یانی 53 ڕۆژمان ماوە. لەکۆتایدا گەیشتینە شوێنی مەبەست شوێنەکە ماڵێکی دڵکراوەی پڕ گوڵ و گوڵ زار بوو. باخچەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی پڕ لەگوڵ کە ئارەزوت ئەکرد هەتا هەتایە تیایا بمێنیتەوە ئەتوانم بڵێم لە بەهەشتێکی بچوک ئەچوو. ئەسڵەن هێندە جوان بوو وەک بڵێی زیندانیت ئەکات لەجوانی باخەکەیا و وای لێئەکردی بیرکەیتەوە تەنها بەمانەوە لەم ژینگە ڕەنگاو ڕەنگەیا دڵت پڕەبێ لەخۆشی وەک ئەوەی کەسێک ئەسڵەن بونی نەبێ هەوڵی لەناوبردنت بدات. مانەوە لێرە بە جۆرێکە وەک بڵێی کە لێرە بشمری ئارامیت لێ تێک ناچێت و هەر لەو دیمەنەیا کەم کەم نوقمەبی. کەسێک هات بەرەو ڕومان یەت بڵێم پیاوێک، پیاوێکی باڵا بەرزی دەم بەخەندە بەرەو ڕومان ئەهات لەدورەوە خەندەی بۆمەکرد لەو ڕوخۆشیەی ئەترسام ئاخر مرۆڤ لەخۆڕا واجوان پێناکەنێ.

-جاک جاک.

-بەڵێ مارێلا چیت ئەوێ!!؟

-ئەوە کێیە؟

-ئەوە هاوڕێی کۆنی منە.

-بەڵام ئەو ئەڵێی شتێک ئەزانێت!!

-بەڵێ ئەزانێ من پێم وتوە.

-تۆ بەڵام چۆن؟!! مەگەر تۆ لە جەستەی من نیت؟!!

-بەڵێ بەڵام توانای ئاگادار کردنەوەی کارڵم هەیە، چونکە پەیوەندی من و کارڵ ڕۆحیە و جەستەیی نەبوە و ئەویش هێزێی قسە کردنی لەگەڵ ڕۆح هەیە و هەمووشتێکم بۆ باس کردوە لەبارەی تۆ و خۆشمەوە وە ئەویش تۆ زۆر باش ئەتناسێ.

-ناوی کارڵە؟، تۆ دڵنیای دایک و باوکم لێرە پارێزراو ئەبن؟.

-بەڵێ کارڵی ناوە، نەک دایک و باوکیشت بەڵکو خۆشمان سەلامەت ئەبین هەتا شتەکان ڕێک نەخەین لێرە ناڕۆین لەشوێنێکین کە جنەکان و ڕۆحە شەڕەنگێزەکان ناتوانن لێی نزیک بنەوە ناتوانن دەوری ئەم ماڵ و باخە جوانە بەن.

-بەڵام بۆچی؟

-سێری ئەو گوڵانەی دەوری باخەکە بکە مارێلا.

-باشە بەڵام سودی چیە؟

-سێریکە بزانە هیچی نامۆی تیا نابینیت!!

گوڵەکان سورو قەدەکەی ڕەنگێکی زێڕینیان هەبوو و دڕکەکانی ڕەساسی بوون.

-ئەی خوایە ئەمە چییە؟ یەکەم جارمە گوڵی وائەبینم!.

-هههه بەڵێ ئەوە هۆکاری پاراستنی خێزانەکەتە.

-چۆن چۆنی؟

-ئەم گوڵە جیاوازترە لەهەموو گوڵێکی تر و لە کەمترین ناوچە ئەم گوڵە گەشە ئەکات و ئەنجامی تێکەڵ کردنی چەند مادەیەکە کە تەنها کارڵ ئەیزانێت و نهێنیەکەی بەکەس ناڵێ و هەرجنێک بیەوێ لێرەوە بپەڕێتەوە ڕاستەوخۆ ئەسوتێت.

-بەڵام خۆ مامت جن نیە، ئەو چی؟

-ماریلا. مامم پیاوێکی پیری بێ دەسەڵاتە بێ جنەکان هیچ نیە، ئەو تەنها مرۆڤێکی بێ هێزە بێ سحر.

هەر ئەونە لەقسەکانابوین و کارڵ بەتەواوی نزیک بۆیەوە لێمان و هاتە بەردەمان بەدەم بەخەندەیەکەیەوە و وتی:

-سڵاو جاک بەخێربێیت

جوانی چیە!!
ئەو کاتەیەکە بیری تۆیان ئەکەوێتەوە و
خەندە لەسەر لێوەکانیان دروست ئەبێت



-سڵاو لەتۆیش کارڵ زۆر سپاس هەواڵ چیە؟

-چی هەبێ جگە لەو شێوازە جیاوازەی تۆ

-چاک ئەبێتەوە بەڵام کاتی ئەوێ.

-بەدڵنیایەوە بەڵام ئێستا  پڵانێکت هەیە.

-ئەمەوێ ماوەیەک لێرەبم ئەگەر تۆ ڕێگەم پێبەی.

-قسەی هیچ پێشتریش پێم وتبویت کە ئێرەماڵی خۆتە کەی ئەتەوێ ئەتوانی بمێنیتەوە و کەی ئەتەوێ بڕۆی.

شەو هات ئا بابیرم نەچێت ئەمڕۆ دانەیەک لەدنکە ملوانکەکان کوژایەوە ئێوارەکەی عادەتەن دوای ڕۆژ ئاوابون دنکی  ملوانکەکە ڕوناکی لەدەست ئەیات، ئەکرێ ڕۆژەکان بڕۆن و تێپەڕن بەڵام نازانم ئەکرێ باشبێت ئەکرێت وەک جاران دوبارە ڕۆژە خۆشەکانم لەگەڵ خێزانەکەم بەسەر ببەمەوە ئەترسم دوودڵیەکی زۆر و بیرکردنەوەیەک کە ئەسڵەن هەندێک جار هەست ئەکەم شتەکان کاتی خۆی هەست پێناکەم بیرکردنەوە لەم ترس و ڕابردوەوەو زۆر کێشەیە نازانم هەستەکەم پێویستە بخەوم هیلاکی ئەم چوار ڕۆژەم دەرکەم لانیکەم خەوێکی زۆر زۆریشم پێویستە کە ئەسڵەن لەوانەیە بەڕۆژێک بۆم قەرەبوو نەکرێتەوە لەم بیرانەیا بووم و ئەوەندە ئەزانم خەریک بوو خۆر دوبارە دەرئەکەوتەوە بەڵام خۆ من هیچ نەخەوتوم بەو هەموو ماندویەتیەیشمەوە ڕۆژ هاتەوە چ بێزاریەکە ئەسڵەن مرۆڤ حەزئەکات بمرێت و ئاسودەبێت

هەرشتێک بێ ئەمڕۆ بەدڵی خۆم هەڵەسم چاوت دابخە ماریلا هەمووشتێک باشە پێویستت بەپشوە ئازیزم.

بەڵام ئەم دەنگە چیە؟ ئەم ژاوە ژاوە بێزارمەکات لەپڕ دەنگی کارڵ هات هیچ کەسێک لێرە نیە دورکەونەوە چیتان ئەوێ لێم بۆ وازم لێناهێنن کارڵ هاواری کرد ماریلا ڕاکە خێراو بڕۆۆۆ هەر بەو دەنگە شڵەژام و هێزم نەبوو هەستمەکرد ئێستا

ئەکەوم بەدەما قاچەکانم توانای خۆ گرتنیان نەبوو درگاکەم کردەوەو ویستم بەخێرای لەشوێنێکەوە خۆم نەجات بەم بەڵام ئەوە چ کابوسێک بوو لەبەر دەما بوو، ڕێک لەویا دڵم لەوانەیە بۆساتێک کەوتبێتە ناو مەعیدەمەوە هێندە ترسناک بوو تکایە وازم لێبهێنە ئەوە مامە سحر بازەکەی جاکە لێرە چی ئەکات ئەسڵەن ئێرە پاڕێزراو نەبوو؟؟ پێکەنی و چواردەورم هەمووی بۆیە ڕۆح و جنەکان و پێئەکەنین

-وائەزانی لەدەست من ڕزگارت ئەبێ هاهاها چ کچێی گەمژەیت ڕۆحی تۆ و جاکیش ئەبەم تێگەشتی بەویستی خۆت یان بێ ویستی خۆم ئەبێت بێیت

قژی گرتم و بەدوای خۆیا ڕایکێشام هیچ هێزێکم نەبوو بەرەنگاری خۆی ببمەوە وەک بڵێی دەست وقاچم لەکارکەوتبێت تەنها وشەیەک توانیبێتم بیڵێم ئەوە بوو تکایە وازم لێبهێنە تکاااایەەەە

-ماریلا ماریلااا

-تکااایە وازم لێبهێنە

دەستم کردە گریان و کارڵ دەستی خستە سەر شانم و وتی:

-ئارام بەرەوە هیچ شتێ نەبووە وەرەوە سەرخۆت

-کارڵ ئەو لێرەیە ئێمە لێرە پارێزراو نین هەموومان ئەمرین

-نا لێرە نیە و ناشتوانێ بێتە ئێرە تەنها ترس وات لێئەکات خەو بەو ببینی خەو بینینی تۆ لەم کاتەیا تەنها ڕاستی و بارودۆخەکەتە دروستی ئەکات

-ئەی ئەگەر ڕاستی بوو

-بەهیچ شێوازێک ڕاستی نابێ چونکە تەنها بەنەبونی گوڵەکانی من ئەوان ئەتوانن بێنە ئێرە بەڵام تۆ ئەترسیت ئەو ترسەت وات لێئەکات کە بوباتە لاشیان ئەبێتبەسەر ترسەکەت زاڵ ببیت وەرەوە هۆش خۆت تۆ لەهەموویان بەهێزتری بەڵام ترس

هەبێت دڵنیابە ڕۆحت ئەدزن بەفێڵێک خۆیان تۆ ئەهێننە لای خۆیان و ڕۆحت لەناو ئەچێت و تۆ ئەمریت بۆ هەتا هەتایە

-تۆ چۆن ئەزانی کە من باشنیم و دیارە کە ئەزانی لەبارەی خەوەکەمەوە؟

-بەڵێ ماریلا بەڵێ جاک هەموو خەونەکەی باس کرد لەڕێگەی ڕۆحیەوە بەڵام ئەو نەیتوانی تۆ بەخەبەر بهێنێ بۆیە منی نارد تا بەخەبەرت بهێنم چونکە ئەگەری هەیە لەهەر ترستێکی لەو بابەتە تۆ کۆنترۆڵ کەن و لێرە تۆ دەربهێنن

-جاک جاکک کوای تۆ لەکوێی پێویستم پێتە تکایە

-ماریلا هێمن بەرەوە تکایە

-بەڵام جاک.....

-تێئەگەم ماریلا تێئەگەم ئەزانم ئەترسیت بەڵام من لێرەم هیچ ناهێڵم ڕوبات دڵنیابە هەتا هێزم هەبێ تۆ ئەپارێزم بەڵێنبێ؟

-بەڵێنت یا

-بەڵێ ئەشیبەمە سەر دڵنیابە ماریلا گیان تۆ پارێزراوێ

-دڵم کەمێ ئاسودە بوو بەڵام پێویستە چی بکەین چیت لەمێشکە؟

-پێویستە ڕاهێنان بەتۆ بکەم

-ڕاهێنان!!

-بەڵێ ڕاهێنان بەوەی کە بەسەر ئەو ترسەتا ڕابێت و بتوانی هێزت کۆکەیتەوەو هێزی خۆتیش بەکاربخەیت و ترس لەتۆنەمێنێ ودواتر لەڕێی خەوەکانتەوە داهاتو ببینین یاخود هەڵەو ڕاستی ڕوداوەکان ئەبێ هەموو هێزەکانی تۆ بەکارخەمەوە و بتوانی هێزی من و هی ئەستێرەی ئاگرینیش بەکاربخەیت و بەدەستی بهێنیت بەکورتی ئەتوانی ئێمەیش کۆنترۆڵ بکەی

-زۆر باشە بەڵام تکایە با خێرا دەست پێبکەین من بەڕاستی ماندووبوم لەم ترس و ناڕەحەتیە

-بێخەمبە ماریلا بێخەمبە ئێستا بخەوە بەئاسودەی هێشتا شەوێکی دورو درێژت هەیە بۆ ئەوەی بەئارامی بنوویت

-باشتر بووم زۆر سپاس ئێستا ئەتوانم بخەوم شەوتان شارد

ڕۆژ بۆیەوە و دوبارە چاوەکانم هەڵبڕی بەڵام هیوادارم دوبارە خەوی ناخۆش نەبێت بەڕاستی بێزاربوم لەم حاڵە ژیان بەترسەوە ناخۆشترین لەحزەی ژیانە ڕاستی ئەو ترسە خۆی بەشێکی بێ ئومێدیە، لەپڕ جاک لەناخمەوە دەستی کردەوە بەقسە کردن و وتی:

-ماریلا پێم نەوتبویت مەترسە

-قسەی بێمانا جاک بەڵام خۆشم ئەتوانم بڵێم مەترسە بەڵام ئەترسم چۆن ئەکرێت ئەگەر سەرکەوتو نەبم من پەنجاو دوڕۆژی تر مردوم ئەزانی من ڕۆژەکان حسابەکەم؟

-ئەزانم زۆر باش ئەزانم بۆمنیش ناخۆشە من خەمی ژیانی خۆمم ئیتر نماوە بەڵام چەند کەسانێکی تریش بەبۆنە منەوە لەناو ئەچن ئەزانی ئەوە چ ئازارێکم ئەیات تۆ لەوانە تێناگەیت ماریلا تۆ تەنها خەمی ژیانی خۆتە و تۆ تەنها بەرپرسی لەژیانی خۆت و هیچ کەسێک بەبۆنەی تووە لەناو ناچێ بەڵام من چی؟ پێویستە بەهێز بمێنینەوە ماریلا.

-ئێستا پێم بڵێ چیبکەین ڕاهێنان بەس نیە خۆ ئەبێت لەماوەی ئەم پەنجاو ڕۆژەی ماومانە دەست بەکاربین.

-بەڵێ وایە کارڵم ڕاسپاردوە بۆئەوەی خولگەی هەسارەکان بدۆزێتەوە و بزانێت کەی هەموو هەسارەکان ئەکەونە یەک ڕێزەوە ئەبێت دیاریکەین و لەو ڕۆژەیا هەموو شتەکان تەواو کەین

-چی تەواو ئەکەی و کێ ئەڵێ ئەم ماوە کورتەی ئێمەدا شتی واڕوبات و هەسارەکان بکەونە یەک ڕیز؟

-دان پێدانان

-دان پێدانانی چی؟

-ساڵی یەک جار هەموو هەسارەکان ئەکەونە یەک ڕێزەوە لەو ڕۆژەیشا هەموو ساحیرەکان و کۆ ئەبنەوە لەو ڕۆژەیا هێزەکان ئەبەخشن یاخود دانی پێدا ئەنێن یان وەک ئێمە دوبارە ژیانێکمان پێئەیاتەوە و ئەتوانین بێ هیچ ملوانکەیەک بژین

پێویستە تۆ فێرکەم پێش هەمووشتێ لەترس نەجاتت بەم

جاک هەموو هەوڵێکی خۆی ئەیا تاوەکو ترسم نەمێنێت بەڵام ترس شتێکە کە ئاسان نەجاتت نابێ لێی تەنها ئەوەی لەوانەی بڵێم بە هەموونی کەسێک لەنزیکت و دەست گرتنی کەمێ هەست بەئارامیەک کەیت هەست بکەی پارێزراوی وەلحاسڵ کەمە کەمە ترسم نامێنێ ئەو هەموو کات بەقسە کردن و پشاندانی شتانێکی سەیر وای کرد کە ترسم تاڕادەیەکی زۆر بشکێ و ئێستا تەنها شەش دانە دنک مورو ماوە. من ڕاهێنانی نەترسان ئەکەم هەتا لەڕۆحم بچێتە دەرەوە هەر لەمەیشا بوو کە جاک هەواڵێکی پێم یاو وتی:

-ئەمڕۆ کارڵ هەواڵێکی پێم گەیاند

-لەبارەی چیەوە؟

-لەبارەی هەسارەکان و هاتنە ڕێزی یەک

-کەوایە کەیە؟

-ئەو بەپێی ڕۆژمێری هەسارەکان پێی وتوم ئەوە کەمێ قورسە کە بزانین چەن ڕۆژەکات بەڵام ئەزانم پێش تەواو بونی کاتی ئێمەیە بەڵام نازانرێ بەتەواوی چونکە زۆر قورسە حساب کردنی و ئەوەیش تەنها بەفەلەکناسەکان ئەکرێت


دڵنیابە ئەگەر بڕیاربێ کەسێک هەبێ
لەخۆت باشتر بۆخۆت ئەوە تۆیەک بونی نەئەبوو

-تۆ فەلەکناس ناناسی؟

-با بەڵام تۆ هێشت بێهێزیت ناتوانی بەرەنگار بیتەوە

-ئەی چی ئەگەر لەم ڕۆژانە بوو؟

-نا ماریلا هەر نەبێ بیست  بۆسی ڕۆژی ماوە دوای ئەوە ئەچنە یەک ڕیزەوە

-ئاگاداری چەند ڕۆژمان ماوە؟

-چلو حەوت ڕۆژ

-ئەگەر بیست ڕۆژیش تێپەڕبێ بیست و حەوت  ڕۆژمان ئەمێنێ ئەگەر سی ڕۆژەکەیش بڕوات حەڤدە ڕۆژە یانی ئێمە بەلایەنی زۆرەوە بۆ ئەو حاڵەتە بیستو حەوت ڕۆژمان لەبەر دەستە ئەوە شتێکی ترسناک نیە؟

-بەڵام ڕێگە چارەیەکمان نیە ئەبێ چاوەڕێکەین و هەموو شتک فێری تۆکەم.

لەناوەڕاستی باخچەکە دانیشتوم لەناو گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکان کە بەتەواو بردبومیە ناو خەیاڵەوە لەناو دەنگی کانیەکان و خوێندنی چۆڵەکەکان و هاتنە خوارەوەی ئاوەکە بەڕومدا بۆنی گوڵەکان فێنکی ئەم کەشو هەوایە کە دڵ ئەفرێنت ئاسودەی بەتەواوی بەسەرما باڵی گرتوە ئەی خوایە چ هەستێکە، هەستەکەم تازە لەدایک بومەتەوە لەوانەیە ئێرە بەهەشتێکی بچووک بێ بەڕاستی چ هەستێکە کە بەراورد بەهیچ شتیک ناگرێ

بەڵام خۆشیەکە بەردەوام نەبوو لەپڕ هەموشتێ گۆڕا ئاسمان ڕەنگی بوە سور و چۆلەکەکان وەک بلێی ئەیان قیژاند و لەپڕ کەوتنە خوارەوە بەڕاست زۆر ترسناک بوو لەپڕ کەوتنە خوارەوەی چۆلەکە خراپترین واتا هەیە و زۆر ئەمترسێنێ لەپڕ سەیری ڕووبارەکەشم کرد ئاوەکە ئەبێتە خوێن بەرگە ناگرم خەریکە ئەمخنکێنێت ئەم شتانە چیە بەڕاستی ئەمەوێ ڕاکەم لەولایشەوە گوڵەکان بەرەو وشک بون دەچوون واخەریک بوو ئەبووە پوشو پەڵاش ئیتر  ئارامی بونی نما هەموو

چواردەورم بۆیە دەنگێکی ترسناک سوێن دەخۆم کە لەهەموو ژیانما دەنگی وا ترسناک و سامناکم نەبیستوە کە مەزەندە ناگرێ لەترسناکیا وەک بڵێی ئاسمان بناڵێنێ وەک بڵێی دنیا بەسەر منا ئەڕوخێت و هەمووی بەردەبێتەوەوە بەسەرما یان ئیتر کۆتای دنیا بێت

ڕزگارم کەن ڕزگارم کەن ئەی خودااا دوبارەەە خەوی ناخۆشش تەواو ئیتر بەرگریم نامێنێ هەناسەم توند بوەو بەحاڵ بۆم یەت هەموو ژیانم بۆتە کابوسێک ماندوم ئەکات

-ماریلا باشیت

-باشم جاک ئەبێ هەوڵبەم باشبم هیچ ڕێگەیەکی ترم نیە

-بەرگە بگرە تێئەپەڕێ بەڵام ئیتر پێویستە بەڕێ بکەوین

-تۆ دڵنیای،!!؟ چونکە هەستەکەم پێویستە هێشتا بمێنینەوە لێرە

-بەڵێ چونکە بەپێی ئەو خەونەی تۆبێ ئێمە نزیک بوینەتەوە لەهاتنە یەک ڕێزی هەسارەکە کەمتر لەچل ڕۆژمان ماوە ئەبێ بەڕێکەوین لەئێستاوە و چاوەڕێکەین بگەینە ئەوێ

-بۆکوێ؟

-دەچین بۆ لە مۆرۆینی پارێزگای دامبۆڤیتا

-لەکوێ کارمان چیە؟

-ئەچین بۆ ئەشکەوتی ئیلۆمیتا لەوێ پێش هەمووی ئەچین بۆلای فەلەک ناسەکەو دواتر زۆربەی ساحیرەکان لەوێ کۆ ئەبنەوە و پێویستە زۆرێکیان بدۆزینەوەو پێشەوە ڕازیان کەین

-تۆ دڵنیایی شتەکان بەدڵی خۆمان ئەبێ یان سەرئەکەوین

-بەڵێ متمانەم پێبکە زۆر شتانێک ئەزانم تۆ نایزانی ئەگەر دڵنیانەبم بەتۆی ناڵێم خەوەکەت واتای ئەوەیشە ئەگەر پێش تەواو بونی دنکی موروەکان هێزەکانمان لێک نەبنەوەو وەک جارانمان لێنەیەتەوە یاخود هێزەکەمان لێنەسەنرێتەوە بۆ هەتا هەتایە ژیانت تێکەچێ هەڵبەتە هەر ئەمریت نەک لەناویش چیت.

ئێمە هەموو تەمرینێکمان کردوە و فێری هەموو شتێک بووم ئێستا ئەتوانم ڕۆحی ئەستێرەی ئاگرین و جاک کۆنترۆڵ بکەم و بەکاری بهینم لەخۆمدا و ئەتوانم کۆنترۆڵی ڕۆحەکانی ناو جەستەم بکەم هەستێکی تایبەتە

ئێستا من کەسێک نیم هەست بکەم سیقە پێکراوبم بەواتای وشە کە ئەڵێن دووڕو لەوانەیە بڵێم من ئەتوانم سێ ڕو بەکاربهێنم لەخۆما بۆ هەرحاڵەتێک و ناسینی کەسایەتیەک ئەبێ ئەستێرەی ئاگرین بەسەر خۆمدا زاڵکەم و بەکاری بهێنم بۆ هەرجۆرە بارودۆخێک کەسێکی ترم هەستێکی مەزەندە پێنەکراوە ئەتوانم بەدوای شتەکان بڕۆم بخوێنمەوە بەسەر ئاوا بڕۆم هەتا ئەتوانم لەناویش ببەم کەس ناتوانێ شتێک لەمن بشارێتەوە کاتێک بەرەو ڕومەبێتەوە، هەندێک جار هەستەکەم بومەتە کەسێکی پەنجا ساڵ بەرەو سەرەوە بیرکردنەوەکانم بەتەواوی جیاوازی بەسەر هاتووە مرۆڤ بەمێشکێک و ڕۆحێک و دڵێکەوە ماندوو دەبێ لەمنا ئێستاکە سێ ڕۆح و سێ دڵ و سێ مێشک بونی هەیە بابیرم نەچێ بیستو یەک ڕۆژە ئێمە دوای خەوەکەم خەریکی تەمرینین و بەسەرم بردوە و ڕوداوەکان هەموشتێکی تیا بوە واتا ئێستاکە تەنها بیستو شەش ڕۆژم ماوە لەژیان ئەگەر سەرکەوتونەبم کە تەنها چوار دنک مورو ئەکات کە هەڵبەتە دوو ڕۆژە پێنجەم دنکی ملوانکەکە ڕووناکی لەدەست یاوە واتا ئێستا پێنج ڕۆژی ترم ماوە بۆ کوژانەوەی دنکی چوارەم و لەدەست دانی ڕوناکی لەم ڕۆشەوە ئیتر ئەبێ بڕۆینە دەرەوە بگەڕێین و دەست بەرزگار کردنی خۆمان کەین وەک بڵێی هەنگاوێکی تربێت و پێشکەوتو تربوبێتم هەستێک کە ترسو تایبەتی و خۆشی تێکەڵ ئەکا ترسی لەدەست دانی خۆم و ترسی ئەوەی تۆ بڵێی بتوانم خۆم و چواردەورەکەم ڕزگار بکەم لەوانەیە ئەوە شتێ بێ کەمێک ناخۆشبێ بۆمن چونکە ژیانی چەند کەسێک بەمنەوە ڕزگار ئەبێت یان لەناو ئەچێ بۆیە ئەبێ هەوڵی تەواوی خۆم بەم

ورده ورده بەرێ ئەکەوین سەرکێشیەکی نایابە هەستێکی جیاواز بەم تەمەنەمەوە هەموو وڵات گەڕابێتم بەڕاستی شتێکی نایابە بەڵام کارڵ لەگەڵمان یەت ئەو تەنها بۆ دڵنیای یەت نەوەک ترس بەسەرما زاڵ بێت

-جاک پێویستە چەند ڕۆژ بەڕێوە ببین

-هم نزیکی حەفتەیەک کەمتر یان زیاتر ئەبێ بەڕێووەبین تا بگەینە ئیلۆمیتا

-هەستەکەم شتانێکی خۆش ڕوم تێئەکات بەڕاست جاک بیری لەیلا ناکەیت یان ئەتەوێ لێی خۆشبێ!؟ ئایا لەیلا ئەبینینەوە!!

-ماریلا منالْی بۆئەوەی شتانێک بڵێم

-بەڵام تکایە زۆر حەزەکەم بزانم لات شایەنی لێخۆشبونە؟ لانیکەم من توشی شتانێک بوم کە ئەزمونێکی گەورەیە بۆم

-زۆر باشە بۆ بەڕێکردن کاتەکەیشمان شتێکی خراپ نیە و خێراتر لێمان ئەڕوات

-کارڵ تۆیش گوێ بگرە با ئەزمونت هەبێ لەژیان هههه

-ههە چ کچێکی هارو هاج و زۆرزانی تۆ

-وایش نا، جاک جوابمان نایەیتەوە

-دەی باشە گوێ بگرن هەردووکتان پێش هەمووشتێک لەیلا لەماڵێک لە مۆرۆینی لەوێ چاوەڕێمان ئەکات کاتێک گەیشتینە ئەوێ ئەچین بۆلای ئەو دواتر کارڵ ئەڕواتەوەو لەیلا ئاگاداری تۆ ئەبێ وتت بیری ئەکەی یاخود لێی خۆشە ئەبی مرۆڤ هەتا نەکەوێتە داوی عشقەوە نازانێ چ جۆرە هەسێکە چۆن گێژاوێکە نەبونی هەست ئەکەیت ئەو خنکێنێت هەرچەن هەڵەبکات ناتوانێ دەست بەرداری بیت چەند ئازارت بات مەگەر تەنها بەکوشتنی و دواتر کوشتنی خۆت ئاسودەبیت و خۆت نەجات بەیت، قبوڵی ئەکەیت کە بتکوژێ بەڵام ئاگر لەڕۆحت بەرئەبێ ئەگەر وشەیەکی ناخۆشت ببێتە هۆی ئازار یانی ئەوە کوێربونە ئەزانم ئەو شتانە گەوجانەیە لای هەرکەسێک

ئەو هەستەی توش نەبوبێت بەڵام هەتا نەگەیتە عشق نازانی چۆنە نازانی چ ترسێکە بۆ لەدەست یان چ بارودۆخێکی سەختە ناخۆشرین حاڵە، مرۆڤ کاتێک لێت ئەبێتە ئۆکسجین ناتوانی وازی لێبهێنی وتت بیری ناکەی کە ئۆکسجین بێ دوریەکەی هەناسەم توندەکات وتت لێی خۆشنابی لەو بارودۆخە چۆن ئەتوانم لێی خۆشنەبم؟ من هەر لەسەرەتاوە لێی خۆشبووم هەتا ئەگەر هیچ وشەیەکیش نەڵێت من هەموشتێک لەوەوە لەدڵم نەهێشتوە تەنها خۆشویستنی نەبێ.

بڕوام نەبوو سروشت هێندە مرۆڤ ئاسودە ئەکات هەرچەنە من عاشقی سروشتم شاخەکان کانیەکان دەنگە دەنگی شوێنەکان ئەتوانم بڵێم هەتا نەگەڕێیت نازانیت چ دروستکەرێکی مەزن لەپشت هەموو ئەم جوانیەوەیە من و ئەم جوانیانە خەیاڵمەبات و دوو ڕۆژ سەرسام و حەیران بووم ئێستاش بەدەم ڕۆشتن بە ئەسپو عەرەبانەوە گۆرانیمان ئەوت (ئێمە سەرئەکەوین خراپە کارەکان ئەڕوخێنین ئێمە کەسانی بەهێزین) یان جار جارە جاک بەسەر جوانی لەیلادا هەڵێئەدا کارڵیش ئەیکرد بەگاڵتە جاری، هەندێک جار خەریک بوو جاک بیکات بە ناخۆشێ ئەمە جوش و خروشێکی تایبەتە لەوانەیە بڵێم تێکەڵ بوونی مرۆڤەکان هەستێکی زۆر خۆشە بۆمنێک کە جگە لەخێزانەکەم یەکەم ئەزمونمە تێکەڵاوی مرۆڤەکان ببم هەڵبەتە ئارەزوی تێکەڵاوبونم نەبوو هەستمەکرد شتێکی بێمانایە بەڵام هاوڕێیەتی شتێکی زۆر تایبەتە لەوانەیە ئەگەر ترس تێیدا بونی نەبوایە ئەم ژیانەی ئێستام بکردایە سەردەمی زێڕینی خۆم هاوڕێیەتی لەسروش جوانترو تایبەت ترە سروشت لەوانەیە بتوانێ بتباتە جەوێکی سحراویەوە بەڵام قەت ناتوانێ وشەکانی ناو دڵت دەربهێنێ بەڵام هاوڕێیەتی وانیە هاوڕێیەتی لەئامێزت ئەگرێت ئەتوانێ دڵت بەتەواوی بەتاڵ بکەیتەوە لەئازارەکان، بەهەبوونی ئێستا هەستەکەم کە جاک هاوڕێیەکی تەواوەتیە بۆمن نازانم لەوانەیە من لای ئەو وانەبم بەڵام گرنگ نیە ئەگەر واش نەبێت بۆمن باشترینە، چونکە ئەو ئەو کەسەیە کە ئەونەی پێی بکرێ هەوڵئەیات بۆ باشکردنم هیواخوازم کە ئەم هاوڕێیەتیە بمێنێ تا هەتا هەتایە دوایی گەڕانەوەی شتەکان بۆشوێنی خۆی نازانم لەوانەیە ببینە هاوڕێیەکی زۆر باشی یەک لەوانەیشە قەت یەک نەبینینەوە دوای ئەمانە بەڵام هیوادارم شتێکی وا ڕونەیات و بمێنێتەوە


ئێمە بەدوای میهرەبانیەوەین، بەڵام میهرەبان نین
لێخۆشبوونمان ئەوێت، بەڵام لێبوردە نین
ئەمانەوێ لێمان تێبگەن، خۆشمان تێناگەین
بەکورتی، ئێمە تەنها ئەمانەوێ بۆمان هەبن، بۆشیان نەبین

ماندوم ئەمەوێ کەمێ لەناو عەرەبانەکە ڕابکشێم ڕاستی بیر لەشتەکان ئەکەمەوە ئەمەوێ شتانێک کەم نازانم لەوانەیە بیست و چوار ڕۆژ زۆر زیادەشی بێت لەو کاتەی ئەمانەوێ یان زیاترمان پێویست بێ و کەم بێت و پێویستمان بەکاتی زیاتر بێ تۆ بڵێی بتوانم ڕزگاریان کەم چی ئەگەر نەمتوانی لەپڕ ئەسپەکە ڕاوەستا هەرچەن ویستمان نەمان توانین بیجوڵێنین نەجوڵا وەک بڵێی شتێک ڕوی یابێ کەمێک سەیربوو بەڵام قەت بەبیرم نەئەهات کە لەپڕ دوبارە مامەی جاک لەبەردەمم دروست ببێتەوە لەوکاتەیا هەموو چواردەورمان گیرابوو من بەبینینی ڕوخساریان هەمووشتێکم بیرچۆیەوە هەرچەن ئەمویست دوریان خەمەوە لەخۆم هیچ سودی نەبوو هێندەم زانی هەموو دەورم بوە ڕەشای و پێکەنینێکی بەرزی خیانەت کارانە ئەشی وت:لەدەست ئێمە نەجاتان نابێت ئێوە هەر کۆیلەی ئێمەن ئێوە هیچ کاتێک ناتوانن سەرکەوبن ئێوە تەنها کەسانێکی بێهێزن و هیچی تر بەسەر ئێمە سەرناکەون دڵنیابن ئەو قسانە ترسێکی زۆر زیاتری بۆ دروست کردم کە وەک بڵێی بمروخێنێن ئەوکاتە دوبارە هەستم کردەوە بە لەدەستیانی خۆم من هەمان کچە بێهێزەکەم و هیچی تر نیم کارڵ هەرچەنە بەرگری ئەکرد بەڵام لانیکەم هێزی ئەو بەچاو ئەو هەموەوە هیچ نەبوو منێک کە هێزم بەسەر هەموویانا هەیە بێ ترس بەڵام من هیچم پێناکرێ چونکە ترس زاڵ بۆتەوە

هێندەم زانی لەژورێکم بەتەنها وەک بڵێی زۆر پەلەیانە ئێستا بیرەکەمەوە منیان بێ هۆش کردوە دوای ئەوە هیچم بیر نیە نازانم گوێ لەدەنگە دەنگێکی زۆر زۆرە ئەو دەنگە ئەناسمەوە دەنگی مامی جاکە بەڵام بۆچی هاوار ئەکات من زۆر بێزارم بەم هاوار کردنە زۆرە چی بووە من هیچ هێزێکم نیە بەڵام گوێم لێیە بەسەر ئەوانا هاوار ئەکات دەنگی یەتە ئێرە وابزانم شتێکیان تێک چووە نازانم چیە بەڵام دیارە زۆر گرنگە بەڵام جاک چی لێهاتوە بۆچی دەنگی نیە

جاکک جاکک دوبارە ڕۆشتیتەوە بەتەنها ئەترسم جاک چی ئەگەر وەک یەکەم جار بکەم چی لەوانەیە شتێکی باشبێ بەڵام تۆ بڵێی بێتەوە هەرشتێک بێ خۆم کۆئەکەمەوە و ئەبێ لەناخمەوە بانگی کەم

-جاککک جاککککک تکایە دەرکەوەرەوە پێویستم پێتە

نا نایەتەوە من چیبکەم ئەو ئیتر زانیویەتی من چەنە بێ هێزم ئەی خودایە من چیبکەم لەم ژورە ترسناک و تەنگ و ساردەیا من ئەخنکێنێ من لەتاریکی ئەترسم ئێرە تاریکیە هەمووی ناتوانم بەردەوام بم ڕۆژ ئەڕوات و شەو بەدوای یەت ڕۆژەکان بێمانان ئەوانیش هەموویان ئەڕۆن و ون ئەبن لێمان ئەمە بۆ حەوتەم ڕۆژەچێ لێرەم لێرە تەنها ئەو کەسانە ئەبینم کە یەن نان دادەنێن و ئەڕۆن کەس نایەت ئەگەر پێشتر بوایە دڵنیام زۆر ئاسای ئەبوو بەڵام ئێستا دەزانم هەندێک جار هاودەمێک چەنە باشترە لەتەنهایەکی بێمانا کە هیچ کاتێک دڵخۆشیت تیا نەئەدۆزیەوە تەنها ئەوە بوو شتێک بوو هەناسەت ئەیا قەت نەت ئەتوانی هاوبەشییکەی لەخۆشیەکانت خەمەکانت لانی کەم هەمووی ئەڕۆیشت بە چرکە چرکی سەعاتەکەم و هیچی کە هەموو خۆشی من لە بێدەنگیەک بوو لەگەڵ کاژمێرە زۆربڵەکەم کە بەچرکە چرک بێزاری کردبووم

دوای چەند ڕۆژێک ئەمڕۆ توانیم چەند دەموچاوێک ببینم مامی هاتەوە بەردەم و زۆر بەساردی وتی بییەن تەنها شتێک کەپێمەکرا ئەوە بوو هاوارکەم و بڵێم وازم لێبهێنن وازم لێبهێنن ئەمزانی هیچم لەدەست نایە بۆخۆم تاکە شتێ بەمێشکما هاتبێ بانگ کردنەوەی جاک بوو تا ڕادەی بێدەسەڵاتی ئەمویست بەسەر ترسەکەما زاڵبم بەڵام هیچ سوودی نەبوو لەپڕا یەکێک لە پاسەوانەکان منی پاڵناو خسمی بەعەرزا ئەوکات ئیتر چاوم هیچی نەبینی لەتوڕەییا و هەڵسامەوە و چاوەکانم سور سور بوون ئەوکات دەموچاوە تێک شکاوە پڕ ترسەکەم گۆڕا بووە شتێکی ترسناک ویستیان بمگرنەوە بەڵام کاتێک ویستیان دەستم بگرن من لەوکاتەیا دەستی یەکێک لەسەربازەکانم گرتەوەوە هێندە بەتوندی گرتبوم ئێسکیشم شکاند لەژێر دەستما ورد بوو دڵنیابووم کە جاک هاتۆتەوە تەنها ئەو شتانەم ئەکرد کە فێری کردبووم بەڵام کۆنترۆڵی شەڕانگێزی خۆمم پێنەئەکرا هەر بەچاو مامیم بەرز کردەوەو کردمە دنکێک مورەی سور لەوکاتەیشا بانگی خۆرم کرد و خۆرم هێنایە سەر سەریان و یەک بەیەکی ئەوێم تواندەوە تەنانەت کارڵ ڕام کرد و هەرچەن ویستم بانگی جاک کەم جاک بوونی نەبوو کەوایە ئەوە چی بوو هێزی خۆم بوو؟ بەدەم بیر کردنەوەوە خۆم جوابی خۆمم یایەوە و بەڵێ ماریلا خۆت بووی تۆ بەئازاریانت ئەبیتە مرۆڤێکی تر بەڵام من چۆن ڕزگاریان کەم کە شتانێک هێشتا نازانم جاک وردە وردە پێی

ئەوتم جاک خۆزگە هەموو پلانەکانت  پێئەوتم لانیکەم ئێستا لەم سەرگەردانیەی ئێستام نەئەبوم تێم ئەپەڕاند من خۆمم ون کردوە ئیتر وردە وردە هەستەکەم وازئەهێنم ئێستا تەنها دوو دانە لەدنکی ملوانکەکان ماوە نازانم بەڕاست چەن ڕۆژ ڕۆیوە خۆ من شەو ڕۆژم والێتێپەڕ ئەبێ کە ناشزانم کاتم چەن ماوە جاک پێویستم پێتە تۆ لەکوێی جاکک  من و لەم بارودۆخە بەجێ هێشتوە من بەتەمابوم تا کۆتای هاوڕێبین کوای من هەرچەن هێزیشم هەبێ ناتوانم سەرکەوم بێ پلانێک.

-تەواو ئیتر مەگری

-جاک جاک ئەوە هاتیتەو؟.

-بەڵێ هاتمەوە

-لەکوێ بویت تا ئێستاکە.!!؟

-لەگەڵ خۆت بووم.

-ئەی بۆچی دیارنەبوویت هیچت نەئەوت بۆدیارنەبوویت

-پێم وتبوویت کە ترسی تۆ وائەکات شتەکان لەدەست بەین و هەمووشتێک تێک بدات و کۆنترۆڵی تۆم لەدەست نامێنێت یان تۆ ناتوانی هێزی من کۆنترۆڵ بکەیت

-ئەی چۆن گەڕایتەوە کەوایە؟؟ لەدڵەوە بانگت ئەکردم ئەوە شتێ بوو کە وای کرد هێزی قسە کردنم هەبێتەوە و بێمەوە  و ئاگادارت بووم بەڵام تۆ هێشتا ئەترسایت لەو کاتەیشدا نەم ئەتوانی هیچ شتێک بکەم

-ئاگاداربوی چیم کرد چیم بەسەر هات کارڵیشم لەناو برد، بەباس کردنیشی ئازار ئەچێژم.

خۆم پێڕانەگیرا و دەستم کردە گریان و هۆشم لێبڕا جاک ماوەیەک بێدەنگ بوو دواتر دەستی پێکردەوەو وتی:

-هێهـ بەڵێ بێ گومان ئاگاداربووم بەڵام ئەوە کۆتا ڕێگە چارەت بوو هیچ شتێک نیە بۆلۆمە کردن چونکە ئەوە کۆتا هەوڵبوو بۆ ڕزگارکردنی هەمووومان.

-ئێستاکە چی بکەین؟!!

-ئەبێ ئیشەکانمان زۆر خێراتر بکەین و زو بچینە لای گەردوون ناسەکە، ئەبێ بزانین کەی هەسارەکان ئەکەونە سەر یەک ڕێز

-بەڵام بەم کاتە کەمە!!

-دوو دانە لەدنکەکان ماون ئەکرێت فریا بکەوین هەموو هەوڵێکی خۆمان ئەدەین ئیتر هەرشتێک بوو لەدەسەڵاتی ئێمەدا نیە ئێمە تا کۆتای ئەجەنجین ئیتر نابێ بترسین ماریلا.

ئەبێت لەئێستاوە دەست پێبکەین بەجوڵە و هیچ کاتێکی زیادەمان لەبەر دەستا نیە

شتێکی سەخت و بێزارکەرە تەنانەت وەک شتێکی هیچ وایە کە تەنها یەک دانە دنک لەدەستەکانت ببینیت ئەوەی تر لای مایکڵ بێت.

ناخۆشترین شتی دنیا ئەوەیە کاتێک لەبەر دەستابێت و هەست بکەی کە ئەو کاتە هیچ بەشت ناکات و زۆر خێرا ئەڕوات، لەوە ناخۆشتریش ئەوەیە کە بەلای هەرکەسێکا ئەڕۆم بەکچێکی سەرلێشێواو شێتم ئەبینن لەوانەیە ناهەقیان نەبێ کەسێکم لەگەڵ نیە و نایبینن ناشزانن جاک لێرەیە و لەگەڵ ڕۆحما قسە ئەکات ئەو شێوازە ناخۆشە تێک ئەچم بەهەرحاڵ ئەبێت شتێک بۆدزینەوە کە زوبمان گەیەنێتە "کلۆج نابووکا" بەهەرحاڵ دوای گەڕانی نیو ڕۆژ لەکۆتایدا توانیمان ئەسپێک بدۆزینەوە بەڕێکەوتین، بەڵام هیوادارم شتەکا وەک ئەوە بێت کە ئەمانەوێت، من نامەوێ پێش هەمووی جاک لەدەست بدەم دواتر ئەوانی تریش جاک بۆتە ئەفسانە کەی من نازانم تا ئێستا کەسم وا لاگرنگ نەبووە یەک ڕۆژ تێپەڕێ بەسەر ئەوەی بەڕێکەوتین بێ هیچ کێشەیەک.

-جاک چەند ڕۆژی تر ئەبێ بەڕێوە بین!؟ چەندمان ماوە؟؟

-دوو ڕۆژماوە ئەبێت بەهەرجۆرێک بێ هەوڵبەدەین و بگەین ئەوێ ژماردنی ئەو ڕۆژانەی نزیکت ئەکاتەوە لەمەرگ زۆر سەختە هەستێک پێم ئەڵێ کە جاک لەدەست ئەیەم، ئەو هۆکاری گۆڕانی منە سەرەڕای ئەو هەموو ناخۆشەی لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو بۆم دروست بوو بەڵام هەست ئەکەم بەتەواوی لەپشتمە لەم کاتانەیا نازانم لەوانەیە زیاد لەپێویست جاک بەگرنگ دانابێت هەستێکی تایبەتم بەرامبەری هەیە لەکاتێکدا من نە پێکەنینەکانیم بینیوە نە گریانی و هەتا گرژ بونی بەینی برۆکانی (کاتی توڕەی)

تەنها خەندەیەکی ساردم بینیووە کە لەبارودۆخێکی ناخۆش و سەخت بوو بۆم، هیوادارم قەت بەجێم نەهێڵێت چونکە هەست ئەکەم شێت ئەبم بەدورکەوتنەوەی، هەرچۆنێک بێ گەشتینە لای لەیلا دەموچاوە خەمناکە بەئازارەکەی ڕون دیاربوو کە خەم ڕوی تێکردبوو و بەسەریدا زاڵ ببوو ئەمزانی ترسی لەدەست دانی جاکە ئاوا تێکی داوە کاتێک بینیم چاوەکانی پڕ بون لەفرمێسک لەئامێزی گرتم وتی:وام زانی لەدەستم یاون.

ڕاستیەکەی تەنها قسەیەک بوو کە منی خستە ناو بابەتەوە چونکە هەموو ئەوانە لەبەر جاک ئەکرێن نەک من ئەو تەنها چاوی جاک ئەبینێت و هەموو شتەکانی وەلاناوە، ئەو ڕەفتارانەی توڕەم ئەکات هەندێک جار هەست ئەکەم زیاد لەپێویست ڕوئەدا بەجاک و جاکیش بۆی وانیە بەڵکو تەنها یەکلایەنە بۆی ئەمرێت، گرنگی زیاد لەپێویست ئەیات بەجاک ئەبێ بڵێم ئەمە تەنها خۆ هەڵخەڵەتاندێکە چونکە لەوەتەی جاک لەجەستەی من دایە کاتێک لەیلا ئەبینین هەست بەلێدانی دڵی ئەکەم زۆر بەخێرای تەنها ئەو کاتانەی لەیلا ئەبینێت ئەو دڵە وا خێرا لێئەیا و هەست بەو شێوازە ئەکەم لەوانەیە من بمەوێ کە جاک ئیتر کە لەیلای نەوێت، هەرچەندە زۆر خۆمم بەخراپ و دڵ ڕەق ئەبیم کە بمەوێ بەینیان تێک بدەم لەپێناو خۆم. ئەودەقەیە وام هەست کرد بۆیەکەمجار شتێکم ویستوە و بەدەستم نەهێنابێ و لەوانەیە قەت ئارەزوی هیچ شتێک نەکەمەوە جاک هەستی بەدڵە ڕاوکێ و بێزاری من کرد بەڵام نەیئەزانی هۆکارم چیە لەپڕا پرسیاری کرد

-ماریلا باشیت؟؟


ئێرە جیهانێکی ڕەشە
هەمووشتێک بۆتە ڕەش
بەڵام ئەتوانین ببیتە ڕوناکی زۆرکەس

-چی ئا بەڵێ بەڵێ زۆر باشم تەنها هەست بەهەندێک ماندووی دەکەم

ئەزانیت هەندێک جار هەواڵ پرسینێکی کەم وات لێئەکات دڵت هێندە خۆشبکات کە ئەسڵەن ئەو کەسە بیزانیایە هەموو ڕۆژێک هەواڵی ئەپرسیتەوە چ کاریگەریەکی گەورەی هەیە یاخود قسەیەکی ناخۆش چەندە بەئازارە ئەمە یەکەم جارمە بیر لەوە ئەکەمەوە لەپڕا لەنیوەی بیرکردنەوەو لەخەیاڵ ڕۆچوندا لەیلا پرسیاری کرد و وتی:

-ئێستا بەتەمای چیت ئازیزم

-تازە بەم درەنگە هیچمان لەدەست نایە ئەگینا کاتمان هیچ لەبەر دەست نماوە با زو بخەوین و بەیانی زو هەڵبسین بچین بۆلای گەردون ناسەکە.

جێگەکە ڕاخراو بۆ یەک چرکەیش خەو نەچۆیە چاوەکانمەوە چی ئەبوو ئەگەر لەجێی لەیلا جاک منی خۆشبویستایە؟!

چ گەمژەیەکە ئەوەی جاکی هێناوە بۆلای تۆ لەیلا بووە ئەو قسە بێمانایە چیە تا بەیانی قسەم لەگەڵ خۆمدا ئەکرد، هەندێک جارش ئەم وت: کەچی ئەبوو ئەگەر لەچیرۆکێکی ترو بەشێوازێکی تر یەکمان بناسیبایە.

زو خۆر بەتەواوی لەناو شاخەکانەوە دەرکەوت و ڕوناکی خۆی پرژاند بە سەرزەویدا و هەموو شوێنێکی ڕوناک کردەوە بەڵام من چاوەکانم بۆکەمێکیش لێک نەناوە هەرچەن هەست بەماندو بوون بەهیچ شێوازێک ناکەم هێندەم زانی لەیلا هاتە ژورەوەو منیش چاوەکانم داخست تاوەکو نەزانێت کە خەبەرم.

نازانم بەڵام هەست ئەکەم بەرامبەرم میهرەبانە بەڵام من زیاتر بەکەسێکی نەگونجاوی ئەزانم بۆ من دڵنیام هۆکارەکەم تەنها جاکە بەڵام گرنگ نیە هەرچۆنێک بێت، ئێستا لەنزیکمە بانگم ئەکات بۆئەوەی بەخەبەر بێم وا خۆم دەرخست کە ئەو هەڵی ساندبێتم لەخەو دواتر کاتێک دەموچاوم شۆرد سەیرم کرد نانێک خۆشی ئامادە کردبوو بەڕاستی تایبەت بوو، لەیلایش لەگەڵمان هات و بەڕێی کەوتین بەدەم ڕێگەوە ئەوان قسەیان ئەکرد گاڵتە و گەپ پێکەوە گۆڕانیان ئەوت من تائێستا بەو شێوازە هەستی جاکم هەست پێنەکردوە لەناخی دڵیەوە دڵخۆشبوو، من نازانم کە دڵخۆشبم

یاخود دڵتەنگ کاتێک ئاسودەی ئەو ئەبینم دڵخۆشەبم بەڵام چی ئەبوو ئەو ئاسودەیەی لەگەڵ من بوایە کە ئەوەیش دڵتەنگم ئەکات.

هەرچۆنێک بێ ئەبێ خۆمی لەگەڵ ڕابهێنم تا دەوری عەسر ئێمە گەشتینە لای گەردوناسەکە سەرەتا ئامادەنەبوو تەنانەت وشەیەکیشمان پێبڵێ بەڵام دیاربوو هاوڕێی جاک بوو ئەیناسی کاتێک جاک دەستی کرد بەقسە کردن شتەکان گۆڕان پێی وتین: گەشتن بەیەکی هەموو هەسارەکان لەیەک ئاستدا سێ ڕۆژی ماوە لە ئیلۆمیتا لەدرەنگی شەودا هەموو جادوگەرەکان کۆ ئەبنەوەو لەوێ هێز ئەبەخست و دان بەهێزەکاندا ئەنێن یاخود بزانن کەسێک لەخۆیان بێهێزترە لەناوی ئەبەن.

کەمێک ترسام و بەجاکم وت:

-جاک دڵنیای ئەبێت بچین

-بەڵێ بێگومان ئەمە کۆتا دەرفەتە بۆئێمە

-ئەی ئەگەر لەئێمە بەهێزتر بون

-ماریلا شتی وا هەرگیز ڕونادات مامم هێزی لەجنەکانەوە بەدەست ئەهێنا بەڵام ئەوان نەیان ئەتوانی بەرەنگارم ببنەوە چونکە سێ هێندەی ئەوان بەهێزبوم

-بەڵام لەیادت بێ بەشێکی زۆری ئەو هێزەت لەدەست داوە

-بەڵێ بەڵام دوهێزی تر لەپشتی منە ئەوەیش جێگرەوەیەک ئەبێ بۆمن کە تەنها هێزی تۆ چەند قاتی هێزی من ئەبێ ئەویش بەوەی بزانی بەکاری بهێنی تەنانەت بەتەنهایش بی هەموویان لەناو ئەبەی نەک لەگەڵ من یاخود کەسێکی تر کە زۆر زیاتر ئەکات.

کەمێک دڵە ڕاوکێکەم نما ئێوارەیش هات دانەیەک لەموروەکانی تریش لەدەستمان چوو ڕووناکی تێدانما ئێستا تەنها ئەو دانەیە ماوە کە لەلای مایکڵ بەجێ ماوە

هەمووکات وام هەست کردوە کە هەڵەکان شایەنی لێخۆشبوونن
ئەوە وەک قەرەبوویەکە بەرامبەر میهرەبانی ئیلاهی
کاتێک تۆ لێبوردەبویت خودایش لێت ئەبورێت
یاخود هەڵەکانی تۆیش بەرامبەر خەڵک کاتێک کردت
وائەکات ئاسانتر لێت خۆشبن



خۆشبەختانە سێ ڕۆژی ماوە کاتی خۆی نیە و لەناو بچێت و لەماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا هەمووشتێک کۆتای پێدێت

سێ ڕۆژیش زۆر بەخێرای تێپەڕی.

-ماریلا

-بەڵێ جاک

-ئەمەوێ هێزەکەتم پێ ببەخشی بۆئەمشەو

-ئەمشەو؟ بەڵام بۆ؟

-چونکە پلانێکم لەمێشکایە تکایە.

-زۆر باشە من متمانەی تەواوم پێتە.

بەرێ کەوتین بۆ ئیلۆمیتا پێش هەموو حاڵەتێنی نەخوازراو من هێزەکەی خۆم هەمووی دا بەجاک و شێوەی خۆمم لەدەست داو بووم بە جاک کاتێک گەشتینە ناوەڕاستی داستانەکە هەموویان کۆببونەوە بەڵێ ئەوەندەم زانی جاک بەدەم ڕوخۆشی وپێکەنینەوە گەشتە لای ئەوان

-سڵاو هاوڕێیان

-سڵاو لەتۆیش باشیت جاک هەواڵت چیە مامت بۆ دیار نیە

-ئەو ئەمجارە ویستی من وەک جێنشینی خۆی دانێت و منی ناردوە

-ئەوە شتێکی زۆر باشە ئەگەر وابێت بەڕاستی خۆشحاڵم

لەکاتی وتنەوەی چەند وشەیەکی سەیرو سەمەرە جاک بەتەواوی باڵا دەست بوو هەرچی هێزەکانە خۆی کردەوەو و فەرمانی کرد کە ئەبێت ڕازیبن و ڕوحی من و ماریلا لێک بکەنەوە ئەگەریش نا عەزابیان ئەیات و مامیشی پشان یان کاتێک

هیچ هێزێکم نەبینیوە بەهێزتربێ لەخۆڕاگری
نە خۆت ئەدۆڕێنی نە ئەوەیشی بەسەرتا بشکێتەوەو بەخراپت بزانێ
(هەمیشە جێی بایەخی منن چونکە هەردەم پێیان ئەدۆڕێم)



کردویەتی بەتۆپەڵەیەکی سور و ئەوانی پێترساند کە ئەوە نەکەن بەدڵنیاییەوە ئەوانیش لەناو ئەچن بەڵێ کاتێک هەموو هێزەکانیان پێبەخشی بەڵام سەیر ئەوە بوو کە ئێمە وەک خۆمان بوین جاکیش بەو حاڵە زۆر توڕەبوو یەک بەیەکە هەموویانی لەناو ئەبرد بۆئەوەی ئیتر وازبهێنن لەخراپە کاری دانەیەک لە ساحیرەکان زۆر سەرسەخت بوو وە زۆریش بوێربوو کاتێک ئەجەنگی بەڵام ئەیزانی کە کۆتای هاتوە بەدەم پێکەنینەوە وتی هەر ئێوە کۆتایتان لەناو چونە دڵت خۆشمەکە نازانم بۆچی ئەوەی ئەوت بەڵام زۆر سەیربوو لەپڕا دەستی خستە قورگی و هەرچی زانیاریە لەڕێی پێستیەوە وەری گرت و پێکەنی و پێی وت:

-کەوایە تۆ هاوسەرێک و کچێک هەیە

-چ....چیی ئەوە تۆ چی ئەڵێی

-هەهە تەمەنیشی کەمە زۆر شیرینە

-تکایە لێیان بەدوربە

-نازانم هەتا وەڵامی خۆم وەرەنەگرم بەڵێن نایەم شتێک نەکەم

-چیت ئەوێ

-خۆت زۆر باشەزانیت کە چیمەوێ

-تەلیسمەکەت بەوە کۆتای دێت کە کۆتا دنک لە ملوانکەکە دتۆپێک خوێنی ماریلا بەر دەنکە موروەکە بکەوێت.

بەخێرای جاک ڕۆشت و بیری لەهیچ شتێک نەئەکردەوە بەچوار ڕۆژ نازانم ئەگەر بگەینە لای مارکڵ یاخود نا هەوڵئەیەین بەهەرشێوازێک بێ بگەین بەهەرچی هێزی خۆمان و بێ ئەوەی هیچ پشویەک بدەین چوار ڕۆژی ڕێک بەڕێوە بوین تاکە دەرفەتێک کە هەمان بوبێ ئەمەیە، هەرچەن زۆر ماندوو ببوین هەم من هەم جاک و ئەسپەکەیش بۆیە نەمان ئەتوانی بەڕادەی پێویست بڕۆین و تا کاتی خۆر ئاوابونمان

لەبەر دەستە و وا تەنها سەعاتێکمان ماوە کە خۆر تیشکەکانی کۆ بکاتەوە هەموشتێک بگۆڕێ.

کاتێک گەشتینە لای مایکڵ خۆر دواتیشکی خۆی کۆکردەوە و ئاوابوو ئیتر کۆتا دنک ملواکەیش ڕوناک لەدەست یا هەموو شتێک کۆتای پێهات بەسەر جەستەیەکی ساردوو سڕەوە وەستابووم ئەوە هێندەی ڕۆح کێشانی خۆم بەئازار بوو ڕۆحی دووکەس بۆ هەتا هەتایە لەجەستەم مایەوە، ئیتر بێدەنگ و لەمنا توانەوە نەمتوان ڕزگاریان بکەم نەمتوانی ڕۆحیان پێشکەش بکەمەوە ئەوان پێویستیان بەمن بوو بەڵام من نەمتوانی ناااا.......من متمانەکەیانم لەدەست یا ئەوە چۆن ئەبێ دانیان بەهێزەکانمانا نا بەڵام خۆزگە کەمێ کاتمان بۆئەمایەوە و ڕزگارم ئەکردن خۆزگە زوتر نزیک ئەبوەوە لێم مایکڵ بەم شێوازە لەدەست یانە زۆر بەئازارە بۆ هەتا هەتایە ئیتر ئەوان بونیان نامێنێ دکتۆر من بەرگە ناگرم ناتوانم خۆم لەم تاوانە پاک کەمەوەو ڕزگاربم ئەمەوێ بمرم تکایە یارمەتیم بە کە خۆم بکوژم تکایە.

- ماریلا باشە مەگری ئیتر هێور بەرەوە هەمووشتێک باشەبێ بەڵێن بێت ئێستا پەرستارەکان یەن و کەمێک ئارام کەرەوەت پێئەیەن هەتا باشتربیت

-بەڵام من شێت نیم دکتۆر.

-ئەزانم ماریلا گیان ئەزانم بەڵام بۆ هێوربونەوەتە تا ئەو بێتاقەتیە تێپەڕێنی.

دایک و باوکی ماریلا هاتنە ژورەوە دوای ئەوەی کە ماریلایان برد

-دکتۆر تکایە پێمان بڵێ چیە؟ باش ئەبێتەوە کچەکەمان لەچ حاڵێکایە.؟

-بەداخەوە توشی نەخۆشی دەرونی بووە، دڵنیا نیم کە باش ئەبێتەوە یاخود نا بەڵام لەبارودۆخێکی قورسایە تا ئێستا یەکەم جارمە نەخۆشێکی وام توش ئەبێت ئەبێ هەوڵی تەواوی خۆم بەم کچەکەتان کەوتۆتە واقعیەکی زۆر سەیرەوە ئەو وائەزانێت لەساڵی هەزارو حەوسەد ماوەتەوە لەکاتێکا ئەو کاتانە تەنانەت حەوت پشتەی ئێوە هەر لەدایک نەبوە و لەواقیعی 1760 ماوەتەوە لەکاتێکا ئێستا 2023 وە بۆکچێکی پانزە ساڵ ئەوە شتێکی زۆر سەیرە لام ئەبێت بیخەینە ژێر چاوێری وردەوە

ڕاستیەکەی من قەت نەخۆشی وام توشنەبوە ئەمە یەکەم ئەزمونمە لەنەخۆشی وایشا. بەڵام بەڕاستی مرۆڤ ئەکەوێتە بارودۆخێکەوە کە هەست بکات هێشتا شتانێکی زۆر ماوە لەژیان تا بیان بینێت. ئەوە بێزارمەکات ئەم شتە نامۆیانەی لەژیانم و ئەوە منم کە کۆتا دێڕەکانی چیرۆکی مارێلا کە کچێکی نەخۆشی دەرونیە ئەنوسمەوەو ئێستاکە بەهیوای باش بونەوە، لەژورێکی سپی بێزارکەر ئەمێنێتەوە کە هیچ کاتێک ئارەزوی سەوزای ناکاتەوە لەوانەیە هەزارەها چیرۆکی لەم شێوازە بوونی هەبێت و ئێمە ئاگادار نەبین بەڵام بەڕاستی ماریلا بەتەواوی لەئازارە ئەژیا، هێندە کەوتبوە خەیاڵێکی ناخۆشەوە کە دەستەکان و جەستەی خۆی هەمووی سوتاندبوو. لەو بڕوایەشا بمێنیتۆ کە ژیانی چەندان کەس بەبۆنەی خۆیەوە لەناو چوە. بەڕاستی شتێکی سەختە لەوانەیە منیش لەبارودۆخی ئەودا هەمان شتم کرایە. بەڵام خۆشبەختانە خێزانەکەی بەو هیوایەی باشبنەوە هەموو ڕاهێنانێک لەگەڵ ماریلا ئەکەن و هیوایەی باشبنەوە لەگەڵی خەریکن........

کۆتـــایـــی